سەرکەوتنی گەورە

هاوکاری

التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر

مصلح مصطفی جەلالی

لەم ژمارەیەدا

● لەچالاکیەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ل ٤ و ٨ .

● ئەدەب و ڕۆشنبیری چیرۆک ، شیعر لیکولینەوە ل ٣ و ٦ .

● پێنج شەممە ١٤/٤/ ١٩٨٣ ژمارە ٦٨٣ ● ٨ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخمیس ١٤/٤/١٩٨٣ العدد ٦٨٣ ●

لە بڕیارێکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا

مافی مندالانی کوردە بە کوردی بخوێنن

جارێکی تر ، سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ، لە عیراقی یەکێتی و پێشکەوتن و سەرکەوتندا ، هەڵویستی بەباوەڕانەی پتەوی لەسەر بنەڕەتی بیرو باوەڕی مرۆڤایەتی خۆی بەرامبەر بەگەلی کوردمان دووپات کردەوە ، هەموو ڕۆژێک و هەنگاوێکی دڵسۆزانە بەرەو قوڵکردنەوەی تاقی کردنەوەی نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق دەنرێ ئەو تاقی کردنەوەیەی ، تیشکی ڕێبازی بەرەو پێشکەوتنی گەلی کوردی ڕوونالا کردۆتەوەو چاوی دوژمنانی سەربەستی و سەربەرزی و یەکێتی نیشتمانی عیراقی کوێر کردوە .

له گەرمەی سەرکەوتنە مەزنەکانی گەلەکەماندا بەسەر دەستەلاتی دەستدرێژی و دوژمنایەتی ڕەگەزپەرستانەی تاقمە چەپەلەکەی خومەینی ، لەگەرمەی ئاهەنگ گێڕانی سەرتاپای وڵات بە جەژنەکانی سەرکەوتن و جەژنی لەدایك بوونی حزبی سەرکردە ، بە پێشەوایەتی ڕۆڵەی گەلی دڵسۆز صدام حسین ، سەرکردایەتی شۆڕش هەنگاوێکی دڵسۆزانەی تری نا لەسەر ڕێگای چەسپاندنی زیاتری مافە ڕەواکانی گەلی کوردو پتەوکردنی زیاتری یەکێتی نیشتمانی مەزنمان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارە مەزنەی دەرکردوە :

ژمارەی بڕیار ٣٠٣

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەپێی ئەحکامی بڕگەی (أ) لە ماددەی چل و دوویەمی دەستووری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٨-٣-١٩٨٣دا بڕیاری دەرکردنی یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٨٣دا .

یاسای

گۆڕینی یاسای نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤

ماددەی یەکەم : دەقی بڕگەی (ب) لەماددەی دووەمی یاساکە دەگۆڕێ و وا دەخوێندرێتەوە :

ب - هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فێرکردنی کورد دەبێ لە ناوچەکە بەمەرجێ خوێندن بەزمانی عەرەبی لەپۆلی چواری سەرەتاییەوەو لەهەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەرەوژوردا بێ .

ماددەی دووەم : ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوەلە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ .

صدام حسین

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەوەی شایانی باسە ئەم یاسایە لە ١١-٤-١٩٨٣دا لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بڵاو کرایەوەو ئێستا لە کوردستاندا کاری پێدەکرێ .



تەفروتوونا کردنی تەواوی هێزە هێرشبەرەکانی دوژمن

فڕۆکە ئازاکانی هێزی ئاسمانمان دەورێکی دیاریان لە سەرکەوتنەمەزنەکەدا گێڕا

سەرکردایەتی گشتی هێزەچەکدارەکان ، مژدەی سەرکەوتنی تەواوی بە عیراقییان ڕاگەیاند ، لەگەڵ مژدەی تەفروتوناکردنی هەموو ئەو هێزانەی خومەینی جادووگەر کە لە شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە بەرەو سنووری سەربەرزی وڵاتەکەمان دەستدرێژیان کردبوو .

هێرشی ڕەگەزپەرستەداخلەدڵەکان تێك شکا ، بەڵام تێك شکاندنێکی وا ، جارێکی کەش بوون بە پەندی زەمانەو جارێکیتر جەنگاوەری عیراقی سەلماندنی کە هیچ هێزێ ناتوانێ سنووری سەربەرزمان بشکێنێ و سنوورمان بەڵگەی سەربەرزی ئێمەیەو گۆڕستانی دوژمنانە .

لەو هێرشە داگیرکاریە نایەسەندەی تاقمەکەی خومەینی جادووگەر کردیانە سەر کەرتی میسان و هەموو قینی ڕەشی ڕەگەزپەرستی و زەهری دوژمنایەتی و سەگ ڕەپی خۆیانیان تیا خستەکار ، ئەنجامەکەی ئەوەبوو ، هێزەکانیان و تانگ و تۆپ و چەکەکانیان ، بوونە پارچەی بێ نرخی دەم گەردەلوولی جەنگی ئازایانەی جەنگاوەرەکانی عیراقی ، لە هێزەکانی دوژمن هەروەك بەیاننامەی مژدەی سەرکەوتن لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە ڕای گەیاند ئەوەی دوو پێی مابو سەرشۆڕ ڕای کردو ئەوەی نەیتوانی دەردەست کراو ئەوانی تریان لاشەیان بەرەی بەشەڕ بی کردو تەفروتونا کران .

بەیاننامەی ژمارە ١٠٥٨ی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان مژدەی سەرکەوتنی تەواوی بە گەلی عیراق و پێشەوای ڕەوتی شۆڕشگێڕانەمان صدام

بروانە ل : ٧

جارێکی تر ، سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ، لە عیراقی یەکێتی و پێشکەوتن و سەرکەوتندا ، هەڵویستی بەباوەڕانەی پتەوی لەسەر بنەڕەتی بیرو باوەڕی مرۆڤایەتی خۆی بەرامبەر بەگەلی کوردمان دووپات کردەوە ، هەموو ڕۆژێك و هەنگاوێکی دڵسۆزانە بەرەو قوڵکردنەوەی تاقی کردنەوەی نۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق دەنرێ ئەو تاقی کردنەوەیەی ، تیشکی ڕێبازی بەرەو پێشکەوتنی گەلی کوردی ڕوونالا کردۆتەوەو چاوی دوژمنانی سەربەستی و سەربەرزی و یەکێتی نیشتمانی عیراقی کوێر کردوە .

لە لێدوانێکی وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا

خەونەکانی خومەینی گۆڕدەکەیت

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دووپاتی کردەوەگەلی مەزنمان و سوپای پاڵەوانمان بەرەنگاری چاوچنۆکی یەکانی خومەینی ی جادووگەر دەبنەوەو ڕوو بەڕووی نیازە خراپەکانی ڕاوەستاون و خۆی و دەستوتاقمەکەی لە دەست دریژی یەکەیان بۆ سەر وڵاتەکەمان هیچ شتێك وەدەست ناهێنن چگە نائومێدی نەبێت .

ئەمە لە لێدوانێکی بەڕێزی دا هاتووە کە بۆ نیزگەی بەغداو دەنگی جەماوەرو نیزگەی فارسی ی بەغداو نیزگەی کوردی ی بەغدا شەوی دووشەممەی ڕابوردوو کردوویەتی سەبارەت بە داواکردنی خومەینی لە هێزە دەستدرێژی کەرەکانی بۆ چوونە ناو خاکی عیراقەوە ، ئەمەیش دەقی لێدوانەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە ..

خومەینی ی جادووگەر (ئەمرۆ) داوای لە هێزە دەستدرێژی کەرەکانی خۆی کردووە بچنە نێو خاکی عیراقەوە .. خومەینی لەو دووانەدا ووتوویەتی چوونە ناو خاکی عیراقەوە بە سوپا هێرش نییە بۆ سەر عیراق بەڵکوو دوورخستنەوەی سوپای عیراقە تا ئەو ڕادەیەی کە نەتوانێت بۆردمانی ئامانجی دیاری کراو لە ناو خاکی ئێراندا بکات .

ئا بەم جۆرە ستەمکەری شێتی ئێران مەسەلەی چوونی سوپای ئێران بۆ نێو خاکی عیراق تێدەگات و لە جیاتی ئەوەی بە پیری ی دەنگی ماف و ئاشتی یەوە بچێت جارێکی تر ئەو ئاگرە شێتەی هەڵیگیرساندووە زیاتر دەکات .

بە خومەینی و بە دەستو تاقمەکەی دەڵێین بە ناوی گەلی عیراق و بە ناوی سوپای عیراقەوە ئەوا ئەم خەونە فراوانگەری یانەی گۆڕ دەکەین وەك چۆن خەونە فراوانگەری یەکانی تری گۆڕ کران .

گەلی مەزنی عیراق و سوپا پاڵەوانەکەی دژ بە چاوچنۆکی و نیازە خراپەکانی ڕاوەستاون و هیچ شتێك لە دەستدرێژی یە چاوەڕوان کراوەکەی وەدەست ناهێنێت کە لە لایەن ئێمەوە هەنگاو بە هەنگاو ئاگامان لێیە جگە نائومێدی نەبێت و ئەوەی لەگەڵ نیازە خراپەو چاوچنۆکی یە ناپوختەکانی دا بێت نەفرەتی خوا و نەفرەتی گەلانی سەر زەوی ی بەر دەکەوێت لەوانەیش گەلانی ئێران کە بەم جەنگە شێتەی دروچاری کردوون .

خوا گەورەیەو سەربەرزی بۆ عیراقی مەزن و نەتەوەی نەبەردی عەرەبو .. سەرشۆڕی و شەرمەزاریش بۆ خومەینی ی جادووگەرو دەستو تاقمەکەی .

بروانە ل : ٧

پیاوێکی ئایینی ئێرانی

خومەینی لە ئیسلامو قورئانەوە دوورە

آیەتالله جلال کنجهای کە یەکێکە لە پیاوە ئایینی یە بەرهەڵستی کارانی ڕژێمی خومەینی دووپاتی کردەوە کە دروشمی (ناردنی شۆڕش) کە خومەینی لەسەری دەڕوات دروشمێکی ڕەت کراوەیە لە ناوخۆو لە دەرەوەداو (ولایة الفقیه)یش بارێکی ڕەت کراوو هەڵەیە .

کنجهای لە گفت و گۆیەکدا کە ڕۆژنامەی (المدینة)ی سعودی بڵاوی کردووەتەوە ووتوویەتی خومەینی زۆر لە سوننەت و قورئانەوە دوورەو

بروانە ل : ٧

چاوپێکەوتنی دیلە ئێرانیەکان

عەمارە : لە پەیامنێرەکانی (نادع)موە : هێزە چەکدارە سەرکەوتووەکانمان توانیان کۆمەڵێکی زۆر لە سەربازەکانی ڕژێمی خومەینی بە دیل بگرن لەوانەی کە لەو دۆزەخە ڕزگاریان بووە کە ڕژێمە کینەلەدڵەکەیان تێی فڕیداون لەو هەوڵە نائومێدەیدا بۆ شکاندنی سنوورمان .

لە دەشتی جەنگدا دەستەی پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق چاویان بە هەندێ لەو دیلانە کەوت و ئەوانیش ئەوەیان دووپات کردەوە کە ناڕازین لە ڕژێمی خوێناوی ئێران و بە زۆر ئێرراون بۆ شەڕ دژی عیراق .

دیلی ئێرانی مولازیم یەکەم محمد حسین ڕەحمانی کە خەڵکی شاری مەشهەدە باسی ئەو ئازارەی کرد کە سوپای ئێران دووچاری بوو لە سایەی ڕژێمی خومەینی نەفامداو ئەوەی دووبارە کردەوە کە وا جێگا پێشکەوتووەکانی سوپا بە دەست گەورەکانی ڕژێمو پاسدارەکانی خومەینی یەوەن و هەموو جۆرە ڕێکخراوە سوپایی یەکانی ئێران لەم بارەدان .

هەروەها وتی ، وەك هەموو جارێکی تر ، ڕژێمی خومەینی هیچ سێودووی نەکرد لەوەی بەهۆی پاسدارانی خومەینی نەفامەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانی یەکان لە خوێندنگاو ئیش و ماڵەکانیانەوە دەرکاو بیانهاوێژێتە ئەم شەڕەوە .

دوو دیلی تریش بەناوی خیران ئەندیشو حسین ضیاءالدین وتیان پاسدارانی خومەینی بە زۆر ڕاپێچیان

بروانە ل : ٧

لە پاش نۆشینی ژاری دۆڕاندن

ڕژێمی خومەینی نازانێ چی دەڵێ

ڕژێمی خومەینی و دەزگاڕاگەیەنەرەکانی بە جۆرێکی وا سەریان لێشێواوەدەردەکەوێ ئەو زیانەی لەم دەستدرێژی یە چڵێسەیانابۆ سەر عیراق تووشیان بوە چەندە گەورەیە .

ئەم دەستە تاوانکارەی خومەینی سەریان لێ تێك چووەو کەوتوونەتە قسەی ناڕێك و پێك لەبارەی دەستدرێژی یەکەیانەوە . جارێك ڕادیۆی تاران بە دەم ئەم تەلەکەبازەوە دەڵێ هێزەکانی عیراق خەریکی هێرش بردنە سەر ئێران و شوێنە ئێرانی یەکانن و لە جارێکی تردا ڕادیۆی تاران بەدەم تەلەکەبازێکی ترەوە دەڵێ هێزەکانی ئێران خەریکی هێرش بردنە سەر هێزەکانی عیراقن دوابەدوای ئەو هێرشەی لە شوباتی ڕابوردوودا بردیانە سەری بۆ بڕینی سنووری .

بەڵام دەستەی فیل و

بروانە ل : ٧

هەرایە لە تاران

تاران : ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا وتی جارێکی تر ئۆتۆمبیلی نەخۆشبەرکەوتنەوە گەڕ لە شەقامەکانی تاراندا بۆ گواستنەوەی شەپۆلی یەکەمی ئەو بریندارانەی لە بەرەکانی شەڕەوە هێنراونەتەوەو گەیشتوونەتە فڕۆکەخانە .. ئەمەیش گەورەیی ئەو زیانە دەردەخا کە بەهۆی پاڵەوانانی عیراقەوە دەستدرێژی کەرەکان تووشی بوون .

بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانەوە :

سەربەرزی بەرەو ڕۆژی ڕوونالك

جارێکی کە دڕندە نەفامو ڕەگەزپەرستەکانی ئێران ، کەوەنەیێت دڕندەیەتی و قینی ڕەشی چەپەڵیان هەر بە باڵا بەرزی عیراق هەستابێ ، بەڵکو ئەوان دڕندەو ڕەگەز پەرستو نایەسەندو بێبەشن لە قەترەیەك شەرەف بەرامبەر هەموو شتێکی مرۆڤایەتی و چاکی و هاوچەرخو ژیان ... دەڵێین جارێکیتر ئەوانە بەختی ڕەشی خۆیان تاقی کردەوەو جارێکیتر سەریان دای لەبەردی سەختی سنووری عیراقی باڵا بەرزو نازاو هەردو هاوچەرخو پێشکەوتو لەگەڵ ژیان و مرۆڤایەتی و حەق و شەرەفمەندی .

جارێکی کە ، سەگە هارەکانی خومەینی سەلماندیان گەلانی ئێران بەنازەڵ دەزانن و لای ئەوان وایە دەبێ لەناگری شەرێکیوا بێهودەدا بسوتێن . بۆیە ئەمجارەش بەرەو هێرشێکی شکاو بەهەزاران هەزاریان بەکوشتدا . ئێمە لەم عیراقە خۆشەویستەی بۆیە هەستاوەتە سەرپێ ، تا بەرەو ڕۆژی ڕوونالك بنیات بنێ و سەربەرز بژی ، دەمێکە دەزانین ئەو سەگە هارانە بە دەرس و دووان عار نانێن ، لەبەر ئەوە وەك گورد دەڵێ [هەر شەرەو یەخمان دەگرێ ،

● هاوکاری ●

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

کردنەوەی پرۆژەی ئاوەدانی و ئاهەنگ گێڕان لە شارەکانی کوردستاندا

بە بۆنەی لە دایک بوونی حزبی سەرکردەوە

جەماوەری گەلمان لە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بە بۆنەی لەدایک بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستەوە چەندین چالاکی و ئاهەنگیان بەم بۆنەیەوە ڕێك خستووەو چەندین پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریش بەم بۆنەپیرۆزەوە کراونەتەوە ٠

● لەشاری دهۆك بەڕێز نامق رقیب محمد پارێزگاری دهوك ، بە ئامادەبوونی هاوڕێ نەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە دهۆك ژمارەیەك لە پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی کردەوە ٠

ئەو پرۆژانەیش بریتی بوون لە مەلبەندێك بۆ هۆیەکانی فێرکردن کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی دهۆکە و لەچەندین هۆلی دارتاشی و ئاسنگەری و مەشق کردنی قوتابیان پێك هاتووە ٠٠ هەروەها کارگەیەکی پارچەی جل دروست کردن لە ناوچەی مالتا ٠

هەروەها پیشانگایەکی بلاو کراوەی سەر دیوارو پۆستەری سیاسی کرایەوە کە ڕێکخراوی ئاسایشی پارێزگای دهۆك ڕێکی خستوو زیاتر لە سەد بلاوکراوەی سەر دیوارو پۆستەری سیاسی تێدا بوو ، ئەوەی دەردەبڕی کە کارگێڕانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەمیشە ئامادەی خۆبەخت کردن و فیداکاری و بەرگری کردن لەخاکی پیرۆزی نیشتمان و پاراستنی سەرکەوتن کە سەربازە دلێرەکانی عیراق بەسەرکردایەتی بەڕێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین وەدەیان هێناوە ٠

● لەپارێزگای هەولێریش بەڕێز یحیی جاف پارێزگاری هەولێر بینایەی نوێی بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگاکەی کردەوە کە بەشێوازی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ تەواوکراوە لەگەل کردنەوەی بنکەیەکدا بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق ٠

هەروەها پارێزگاری بەڕێز کۆمەڵەی نوێی کۆمەڵی هەرەوەزی نیستیهلاکی موچە خۆرانی هەولێری کردەوە ٠

هەروەها هاوڕێ ئەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی لقی حزب لە هەولێر پێشانگایەکی بۆ وێنە کاریکاتۆری یەکان کردەوە کە لیژنەی یەکێتی قوتابیان لەکۆلێجی پەروەردە ڕێکی خستبوو ٠

● لەپارێزگای سلێمانیش سەرکردایەتی فیرقەی عەلی کوڕی ئەبی طالبی حزب ئاهەنگێکی هونەری لە قەزای چەمچەماڵ سازدا بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێیان جێگری ئەمینداری نهێنی و ئەندامانی هەردوو سەرکردایەتی لقی سلێمانی و فیرقەی عەلی کوڕی ئەبی طالبی حزب ئامادەی بوون ٠

بەڕێز ئەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی فیرقە وتەیەکی تێدا خوێندەوە پیرۆزبایی لە جەماوەر کرد بەبۆنەی بیرەوەری حزبی سەرکردەوە هەروەها باسی ڕەوتی تێکۆشانی حزب و ئەو دەسکەوتانەی کرد کە شۆڕشە مەزنەکەمان وەدەی هێناون ٠

هەروەها سەرەکی ئەنجومەنی گەلی قەزاکە وتەیەکی خوێندەوە لەباتی ڕێکخراوی جەماوەریەکان، تێیدا پەیمانی بەوەفایی و دڵسۆزی بۆ شۆڕش نوێ کردەوە و ئامادە بوونیی بەردەوام بۆ خۆبەخت کردن و فیداکاری لەپێناوی هەر بستە خاکێکی وڵاتە خۆشەویستەکەماندا ٠

لەئاهەنگەکەدا چەندین گۆرانی و سرودی نیشتمانی پێشکەش کران بە خۆشەویستی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین و سەرکەوتنەکانی سەربازە دلێرەکانی داهەڵیان دەدا ٠

لە پەیامنێرەکانی «هاوکاری» و ئاەدع وە

بە یاننامەیەك بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی میللی ئیسلامی یەوە

سبەینێ هەینی ڕێکەوتی ١٥-٤-١٩٨٣ ، کۆنگرەی میللی ئیسلامی لە شاری بەغدا دەکرێتەوە ، بەم بۆنەیەشەوە شیخ علی کاشف الغطاء سەرەکی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی میللی ئیسلامی بەیاننامەیەکی دەرکردووە تێیدا داوای لە بوسوڵمانەکان کردووە غیرەتیان بۆ ئیسلام و موسوڵمانەکان بجووڵێتەوەو ئەرکی ڕەنج و چالاکی خێترداریان چر بکەنەوەو ئەویش لە چوارچێوەی ئەو بەشداریانەوە کە لە کۆنگرەکەدا دەیکەن ٠

هەروەها ووتوویەتی لە بەش بەش بوونی ناکۆکی موسوڵمانەکان ئەو جەنگەیەکە بۆ دوو ساڵ و نیو دەچێت لە نێوان دوو وڵاتی هاوسێی یەکتردا عیراق و ئێران بەردەوامە و دووپاتی کردەوە کە ئەو بارە بەشبەشەیی نێوان موسوڵمانەکان نەبووایە ئەوا زایۆنیەکان نەیانتوانی لوبنان داگیر بکەن و بچنە شاری بەیروتەوەو درندە ترین تاوانکاری لەمێژوودا بەرپا بکەن ٠

هەروەها ووتی زاناپانی موسوڵمانان لە عیراقدا هەستیان بەوە کردووە کە ئەم بارە بەش بەشی و جیاوازییە پێویست بە ڕەنجی ڕووناکبیرە موسوڵمانەکانە بۆ لێکۆڵینەوەی و دەست خستنە سەر هۆیەکانی و پێشنیار کردنی چارەسەری بۆ چارەسەر کردنی بۆیە لیژنەیەکی ئامادەکردنیان هەڵبژاردووە کاری ئەوەبێت داوا بکات کۆنگرەیەکی میللی ئیسلامی لە بەغدا ببەسترێت ئەو موسوڵمانانە بەشداری تێدا بکەن کە داوای خێرخوازی دەکەن و توانای بەشداری ی پاستەقینەیان هەیە بۆ دەست خستنە سەر چارەسەری یەکی ئەوتۆی ئەو مەینەتیە گەورەیەی کە ئەمڕۆ موسوڵمانەکانی پێدا تێدەپەڕن ٠

سەرەکی لیژنەی ئامادە کردنی ئۆنگرەکە لە کۆتایی بەیانەکەیدا دووپاتی کردووەتەوە کاتی ئەوە هاتووە کاری ڕاستەقینەو بەردەوام بکرێت بۆ دووخستنەوەی ئەو مەترسیانە کە جیهانی ئیسلام و موسوڵمانەکانیان پارچە پارچە کردووە ، بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان لەگەل ئێمەدا پێبکەن لەم کۆنگرەیەدا لەشاری ئاشتی « بەغدا » لەپێناوی وەدی هێنانی چاکەو خۆشەویستی و بلاوکردنەوەی دڵسۆزی و هاریکاری لەنێوان موسوڵمانەکاندا ٠

چالاکیێن دەزگای ڕۆشنبیری و بەلاڤکردنا کوردی

پێك ئینانا پیشانگەهەکا هونەری لدهوکێ

بەهەلکەفتنا حەفتیا (قادسیاصدامی) و جەژنێن ئادارو نەورۆزێ وبچاڤدێریا بەڕێز نامق رقیب سوورجی پارێزگەرێ دهوکێ ولهولا گولستان ئێکەمین پێشانگەها وەکو بۆ هونەرمەندێ گەنجو چەلەنگ (عبدالرحمن وحید کلحو)ی هاتە پێبێك ئینان لنائبەرا ٩٢-٣ تا ٢١-٣ ٠

ئەڤ پێشانگەهە هندی بێژی یا بەرکەتی وسەرکەتی بو خۆ ژدەمێ ڤەکرێ وهەتا بدوماهی هاتی هولا پێشانگەهێ یا پری مر پێشانگەهێ یا پری مروف تو زوربە یا وان ژی هونەرمەند وبورەڤان و قوتابیێن کورژ کچ بون ، گەلەکا ژوان هزرو بیرێن خۆ دارێژانا سجلا سەرەدانا پێشانگەهێ کو ئەو هزرو بیر ژی بونە ئەگەرەکێ سەرکەتنا هونەرمەندی و پێشانگەها وی ٠ ژبلی زیرەکی وهونەرمەندیا کاك (عبدالرحمن)ی کو شیای پتر ژ (٣٠) کەفالێن زەیتی وگرافیکی بحنکا مللیت خو پێك بینیت وشیای گەلەك لایێن ژین وژیارا مللەتێ کورد تێدا دیارکەتن هەر وەسا خەباتا مللەتێ عیراقێ دژی دژمناتیا خومەینی لسەر عیراقێ ، هەروەسا شورەشگێریا مللەتێ فەلەستینی برەنگەکی ژرەنگا تێدا ناشکەراین ، سەر فان ئەگەرادا کارێ دەزگەها زوشەنیری وبەلافکرنا کوردی ونێسینگەها دهوکێ دمێت دەربارا سەرکەتنا پێشانگەهێ ، ئەڤ دەزگەها بدرێژی دەستێ خۆ دایە

وراگرتی ج برابونا خزمەتا پێك ئینانو ڕێڤەبرنا وێ لێ هاریکاریا مەزن دیار بو دەمێ هزار رابەرو کەرتێن داخوازێن چاپکرین وبەلاڤ کرین سەر هەمی هونەرمەندو روشەنبیران لدهوکێ وبەغدا هەولێرێ وسلێمانیێ ٠ کو وێنەیێ دوو کەفالا ووێنەیێ هونەرمەندی بخو ژی تێدا چاپکرین دگەل کورتیەکا ژیانا وی یا هونەری بەردوو زمانا عەرەبی و کوردی ٠ براستی دەورێ دەزگاهێ گەلەکێ بەرزبو ئێکجار دەورێ بەڕێز (مصلح الدین جەلالی) ڕێڤەرێ گشتیێ دەزگایێ ئەوێ رۆژ برۆژ لدویف دچوو پیار لێ دکر ئو دەورێ نووسینگەها دهوکێ هەما نائێتە گوتن و گەلەکێ ناشکەرا بوو هەمی دزانن ٠

پروانە ل : ٧

لە یادی ٧ی نیسان

سەرکردەی خۆپیشاندان و چالاکی هونەری لە سلێمانی

جەماوەرانی پارێزگای سلێمانی سەرلەنوێ دووپاتی وەفاداری و خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر بە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بە ڕابەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین کردەوە ئەمەیشی لەو بروسکەیەدا بوو کە لە کۆتایی خۆپیشاندانێکی وەزبونەوەیەکی گەورەدا بۆ سەرۆکی فەرماندەیان بە بۆنەی بیرەوەری ٣٦ ساڵەی لەدایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بەرزکردەوە ٠

شایانی باسە بەو بۆنەیەوە لە پارێزگای سلێمانیش دا سەرەتا بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی لەگەل جێگری پارێزگارو هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکان و سەرۆك دائیرەو یەکێتی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان هەموویان پێکەوە سەریان لە بارەگای لقی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دا لە سلێمانی و بەم بۆنەیەوە لەگەل خۆیاندا دپاری و چەژنە پیرۆزەی تایبەتی خۆیان پێشکەش کردن و ئەوانیش لە لایەن جێگرو ئەندامانی لقەوە پێشوازی کران و پاشان بە هەمان شێوە سەریان لە بارەگای لقی سەربازی پارێزگای سلێمانی داو لەلایەن گەورە ئەفسەرانی لقی ناوبراوەوە پێشوازی و ماڵئاوایی یان لێ کرا ، دوا بە دوای ئەمەیش هەر بەم بۆنەیەوە بەڕێز پارێزگاری سلێمانی هەشتەم پیشانگای هونەری هێزەکانی (القعقاع)ی کردەوە کە لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی سازیان کردبوو ٠

دوابە دوای ئەمانەیش دەست بە سازکردنی خۆپیشاندانێکی ئامێری و پیادەیی کرا کە لە کۆتاییدا لە بەردەم بارەگای حزبدا کۆبوونەوەو لە لایەن هاوڕێ جێگری ئەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ووتارێك خوێندرایەوەو تێیدا کاروانی تێکۆشانی حزبو ئەو دەستکەوتە مەزنانەی بەسەر کردەوە کە حزبی سەرکردە بۆ جەماوەرانی عیراقی لەم چەند ساڵەی ئەمەنی دا بەدەست هێناوە پاشان پەنجەی بۆ ئەو کۆسپ و ئەگەرانە ڕاکێشا کە هاتوونەتە ڕێگای تێکۆشانی حزبو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بە تایبەتی لە دۆخی ئێستامانداکە گەورە ترین پیلان دژی حزبو نیشتمانی عیراق لە لایەن ڕژێمی ئێرانییەوە دەنەخشێنرێت ٠

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پەنجەی بۆ وورەو هەڵوێستی تێکۆشای جەماوەرانی عیراق ڕاکێشا بە تایبەتی هێزە چەکدارەکانمان کە ئەوا بۆ سێ ساڵ دەچێت قاڵبووی ئەم جەنگی پەرگری کردنەی وڵاتەنو بەردەوام سەرکەوتنی نوێ وەدەست دەهێنن و ناهێڵن لەشکرو سوپای ڕژێمی ئێرانی تەنیا بستێك بێنە ناو خاکی عیراقمانەوە ٠

هەروەها دوای ئەم ووتارەیش لە لایەن لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو یەکێتی و ڕێکخراوە میللی و پیشەیی کانەوە دوو ووتاری تر خوێنرایەوەو تێیدا پیرۆزبایی خۆیان بە سەرەکی فەرماندەو حزبو کارگێڕانو ئەندامانی حزب پێشکەش کردو هەر بەم بۆنەیەوە دووپاتیان کردەوە کە هەمیشە جەنگاوەرێکی دەست پر چەك بن بۆ پاراستنی خاك و نیشتمانی عیراق و زیاتر وەدەست هێنانی سەرکەوتنی نوێ بە سەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێراندا هەتا گەل و نیشتمانی عیراق لە نێوان جەنگی قادسیەی صەدامی پیرۆزەوە بە هەق و مافی ڕەوای خۆی دەگات ٠

بە تەلەفۆن فریا

وێنە لە سەرکەوتنە مەزنەکەی ئەم جارە

کۆبوونەوەیەك دەربارەی تووتن لە هەولێر

بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری وەزیری کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی جێگری یەکەمی سەرەك وەزیرانو ئەمینداری کشتوکاڵ و جێگرەکەی و نوێنەری لقی هەولێری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، لە ڕۆژی دەی ئەم مانگەدا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوان دەربارەی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بەرهەمی تووتنی ناوخۆو کرینی جگەرەو تووتن لە دەرەوەی وڵات ڕێکخرا ٠

لەم کۆبوونەوەیەدا کارنامەیەك دەربارەی نەو مەبەستەی سەرەوە لە لایەن مامۆستا جمیل عبداللطیف بەڕێوەبەری مەلبەندی چاندن و چاك کردنی تووتن خوێندرایەوە ، لە دواییدا لە لایەن ئامادەبوانەوە کارنامەکە یەکالا کرایەوەو باری سەرنجی خۆیانیان دەربارەی دەربڕی ٠

هەروەها ئەمینداری کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکال ووتەیەکی پێشکەش کردو ئەویش هەندێك سەرنجی خۆی دەربارەی کارنامەکە ڕاگەیاند، لە پاشدا جێگری وەزیری کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکالیش ووتەیەکی پێشکەش کرد تێیدا سوپاسی ئەو برایانەی کرد کە هاوبەشی ئەم کۆبوونەوەیە یان کرد ئەویش چەند سەرنجێکی تایبەتی خۆی دەربارەی ئەو قسانەی لە کۆبوونەوەکەدا کران، دەربڕی و ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بوو و ڕێگای پەرەپێدان و چاك کردنی نیشتمانی تووتنی بۆ ڕووناك کردینەوە ٠

بە تەلەفۆن
عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

بە یاننامەیەك بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی میللی ئیسلامی یەوە

سبەینێ هەینی ڕێکەوتی ١٥-٤-١٩٨٣ ، کۆنگرەی میللی ئیسلامی لە شاری بەغدا دەکرێتەوە ، بەم بۆنەیەشەوە شیخ علی کاشف الغطاء سەرەکی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی میللی ئیسلامی بەیاننامەیەکی دەرکردووە تێیدا داوای لە بوسوڵمانەکان کردووە غیرەتیان بۆ ئیسلام و موسوڵمانەکان بجووڵێتەوەو ئەرکی ڕەنج و چالاکی خێترداریان چر بکەنەوەو ئەویش لە چوارچێوەی ئەو بەشداریانەوە کە لە کۆنگرەکەدا دەیکەن ٠

هەروەها ووتوویەتی لە بەش بەش بوونی ناکۆکی موسوڵمانەکان ئەو جەنگەیەکە بۆ دوو ساڵ و نیو دەچێت لە نێوان دوو وڵاتی هاوسێی یەکتردا عیراق و ئێران بەردەوامە و دووپاتی کردەوە کە ئەو بارە بەشبەشەیی نێوان موسوڵمانەکان نەبووایە ئەوا زایۆنیەکان نەیانتوانی لوبنان داگیر بکەن و بچنە شاری بەیروتەوەو درندە ترین تاوانکاری لەمێژوودا بەرپا بکەن ٠

هەروەها ووتی زاناپانی موسوڵمانان لە عیراقدا هەستیان بەوە کردووە کە ئەم بارە بەش بەشی و جیاوازییە پێویست بە ڕەنجی ڕووناکبیرە موسوڵمانەکانە بۆ لێکۆڵینەوەی و دەست خستنە سەر هۆیەکانی و پێشنیار کردنی چارەسەری بۆ چارەسەر کردنی بۆیە لیژنەیەکی ئامادەکردنیان هەڵبژاردووە کاری ئەوەبێت داوا بکات کۆنگرەیەکی میللی ئیسلامی لە بەغدا ببەسترێت ئەو موسوڵمانانە بەشداری تێدا بکەن کە داوای خێرخوازی دەکەن و توانای بەشداری ی پاستەقینەیان هەیە بۆ دەست خستنە سەر چارەسەری یەکی ئەوتۆی ئەو مەینەتیە گەورەیەی کە ئەمڕۆ موسوڵمانەکانی پێدا تێدەپەڕن ٠

سەرەکی لیژنەی ئامادە کردنی ئۆنگرەکە لە کۆتایی بەیانەکەیدا دووپاتی کردووەتەوە کاتی ئەوە هاتووە کاری ڕاستەقینەو بەردەوام بکرێت بۆ دووخستنەوەی ئەو مەترسیانە کە جیهانی ئیسلام و موسوڵمانەکانیان پارچە پارچە کردووە ، بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان لەگەل ئێمەدا پێبکەن لەم کۆنگرەیەدا لەشاری ئاشتی « بەغدا » لەپێناوی وەدی هێنانی چاکەو خۆشەویستی و بلاوکردنەوەی دڵسۆزی و هاریکاری لەنێوان موسوڵمانەکاندا ٠

Institut Kurde de Paris



غەریب پشدەری

کاکە مراد چەند جارێك پارەکەی ژماردەوە • هەموو بانکە نۆتەکانی بە ووردی بەسەرکردنەوە • وەرسوڕایەوەو سەیرێکی دواوەی کرد ، کە دڵنیا بوو پارەکانی تەواون لەبەر خۆیەوە وتی : «ئێستا ئەوەندەی خەرج دەکەین و تا ساڵێکی تریش خوا کەریمە ، کێ دەمرێ و کێ دەمێنێ • »

دوکانی تەنەکە سازێکی دیتەوە • بە تاسەوە کەوتە سەرنجدانی زۆپا تەنەکەکان•

دەنگی ژنەکەی لە گوێدا زرنگایەوە : «پیاوەکە وەرەو مەردی خوابە • زستانەکەی سەختە ، دراوسێیان دووسەدو پەنجا تومەنی وەرگرتبوو ، ئەمساڵ نەیتوانی سێ سەدو پەنجا تومەنەکە بداتەوە ، ئێستا چوار سەدو هەشتا تومەنی لەسەر بۆتە ماڵ • بەڵێ برای بابم • خوا دەینێرێ • خوا بۆ خۆی کارسازی کارانە• دەی ئێستا با بزانم نرخی زۆپاکە چەندە ؟ »

– بە لوولەو ئانیشکەوە (٣٠)سی تومەن •

– های برای بابم ، زۆر گرانە !! من لەوبەری «گاماسیاب »(١)ەوە هاتومەتە لای تۆ ، دەبێ کەمتری حیساب بکەی •

– بە گیانی منداڵەکانم ، هەر مایەکەیم حیساب کردووەو کەمتریشم بۆ دەست نادات •

تەنەکە سازەکە چاوە خەواڵوەکانی هەڵکڵۆفت و درێژەی دایە : «دەی بابە ، پێنج تومەنیش با خاتری تۆ بێت ، خێری لێ ببینی ، با ماڵەکەت گەرم بێ • »

کاکە مراد وەك شێوە پاڕانەوەیەك ووتی : « وەرە ئەتوبی و خوا ، با (١٠)دە تومەن کەمتر بێت • »

تەنەکە سازەکە بە تورەییەکەوە قیژاندی : « باشە مامە گیان بۆ سوێندم دەدەی ، بۆ گاورت وەبەر چنگان کەوتووە ؟ دەبا حەوت تومەنی لەگەڵ نەبێ•»

– تا•• برای بابم بی ، ئەو سێ تومەنەی تریش بە منداڵەکانم ببەخشە ، بۆیان دەدەم بە نوقڵ ، تا دەمیان شیرین بێت و دوعای خێرت بۆ بکەن •

– باشە مامە گیانی قەیناکا، بێنە بزانم ، ئەمڕۆ سفتاحمان نەکردووە •

ئیشاڵڵا دەستت بەخێرە •

– دەستم زۆر بە خێرە ، مەرجە ئەمڕۆ تا ئێوارێ سەد دانەی تر دەفرۆشی •

کاکە مراد جارێکی تریش کەوتەوە وورد بوونەوەی زۆپاکە • دووبارە ، دەستە شەقارەکانی بە بەدەنەی زۆپاکەدا هێنا ، وەك هەسان لە ئاسنی خشێنی • هەموو کەلێن و کون و کەلەبەرەکانی بەسەرکردنەوە • کشایە دواوەو لە دوورەوە تێی ڕاما• هاتەوە ، وەبەر تیشکی خۆری داو کەوتەوە تەماشاکردنی ، داخوا هیچ کونی تێدایە یان نا • هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا • ئینجا بە پارێزەوە ، وەك یەکێك کەڵەبابی جەنگی لە گیرفانی دەرهێناو یەك دانە بانکەنۆتی پەنجا تومەنی لێدەرکێشا •

دووبارە بەرێی خۆی بەووردی تەماشا کرد • لەسەرخۆ جزدانی پارەکەی خستەوە گیرفانی و تا بنی بنەوەی بەرێ کرد • بۆ دڵنیاییش لە دەرەوە دەستێکی بەسەر پۆزی جزدانەکەی ناو گیرفانیا هێنایەوە •

تەنەکە سازەکە پارەکەی لێوەرگرتو ووتی : « خوا بە زیادی کا • خێری لێ ببینی ئیشاڵڵا » •

– تۆش خێر لە پارەکەی ببینی ، برای بابم •

(٣٠)سی تومەنی وەرگرتەوەو وەك جاری پێشوو ئاخنیەوە ناو جزدانەکەیەوە •

● ● ●

نوقڵی بۆ منداڵەکانی و بەشە کراسێکیش چیتی گوڵداری بۆ ژنەکەی کڕی • زۆپاکەی نایە سەر شانی و بوخچەی نوقڵ و چیتەکەشی بە دەستەوە گرت •

گەیشتەوە کەناری « گاماسیاب » • ئاسمان هەور بوو • ئاوەکە لیخن تر ببوو زیاتریش هەستابوو •

شەپواڵەکەی داکەند• ڕووت و قووت • جل و بوخچەکەی دەستی تێکەوە پێچان و خستنیە سەر سەری و لە ئاوەکەی دا • بە جێی جاران دا کەوتە ڕێ • بەرەو ڕووی دێیەکەیان کە لەو دوورەوە لە پاڵ گردو تەپۆلکەکان دا وەنەوزی دەدا وەرێ کەوت • ماسییە وورد یلەکان خۆیان لەڕانی دەخشاند • ختووکەی دەهاتێ • لە ساردی ئاوەکە هەموو پێستی لەشی گرژببوو • دەسوڕا • وەك ئاوەکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە هەڵقوڵێ • جار جارەش کە پێی دادەنا، ژێر پێیەکانی بۆش دەبوون و پارسەنگی تێك دەچوو •

بوخچەکەی زیاتر بە خۆیەوە نووساندن • تاوێك ڕاما • سەرلەنوێ کەوتەوە هەنگاونان •

کە لە دێڕا هاتبوو ئاوەکە لە سنگی زیاتر تێنەدەپەڕی بەڵام ئێستا دەگاتە چەناگەی • کە پێی هەڵدەهێنایەوە ئاوەکە هەڵی دەکەند بەڵام خێرا پێی دادەنایەوە • هەنگاوی ووردو لەسەرخۆی بەرەو پێشەوە دەنا •

دێیەکە لە دوورەوە دیارنەبوو • پان و پۆڕی و بەرفراوانی ئاوو کەناری ڕووبارەکە پێش چاویان گرتبوو •

گێژو شەپۆلە توندەکان هەڵیانکەند • چەند هەنگاوێکیان بەرەوخوارتر ڕادا ، بەڵام کاکە مراد پاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆر خۆی گرتەوە ، خۆی لەسەر بەرزەکێکی لووس ڕاگرت • سەری دەرهێنایەوە • ئاوەکە لە ملیەوە بەرەو خوارتر بوو• هەناسەیەکی هەڵکێشا• دەستو پەنجەکانی سەرو تەزی بوون • دەستەکانی بەهێزو توانایەکی زیاتر لە توانای خۆیان بە زۆپاکەوە نووسابوون ، هەروەك یەکێکی دیکە زۆپاکەی گرتبێ وابوو• شەپۆلێکی تر هات و ڕایدایەوە • پێیەکانی لە لیتەی بنی ڕووبارەکە ڕۆچوو• سەری دەرێنایەوەو کۆکی • ووزەی لێ بڕابوو • هەناسەیەکی تری هەڵکێشا، بەڵام هیچ دەرفەتێکی نەبوو، هەر چوار دەوری ئاوبوو • ئاوەکە ڕایدەدا • ئەو دەمەی وەبیر هاتەوە کە لە بەردەمی بانکدا خەڵکی پاڵیان پێوە دەنا •

شەپۆلێکی بەهێزتر هەڵی کەند • چەند قومێکی ئاو قووتدا • پەنجەکانی توند لە بوخچەو زۆپاکە گیرکرد •

هاوارێکی کش و ماتی لێ هەستاو نقوم بوو •

● ● ●

کاتێ دانیشتوانی چەند دێیەکی خوارتر لاشەکەیان گرتەوە ، بوخچەو زۆپاکەی هەر بەرنەدابوون •

١ – گاماسیاب : ڕووبارێکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی کرماشانەوە •

ڤۆلکلۆر

بەیتی خدرو زێرین

جلال ملا حسن خوشناو

دە دۆرێ هەی لە دۆرێ
خرواتانم(١) لە دۆرێ(٢)
زێرینێ زەردو سۆرێ
خدریان وەردا لە خۆرێ

● × ●

چەندم گۆت خدر ئامان
خینێ تەڕ کرد قەرەم(٣)دان
خوشکێ مەروێ لە برایان

● × ●

خدرۆکی خرواتانی
بازی هەردا تەلانی (٤)
لێی شکا کدوێ دەرمانی(٥)

● × ●

چەندم گۆت خدرۆك فێرە
ئەشکەفتێ بەجێ مێرە
خینێ تەرکرد سمێرە

● × ●

دەرکێ ئەشکەفتێم شینە
دوو گوران لێکرد پەرژینە
یەك خدرەو یەك زێرینە

● × ●

شەپێ لە مەلەکو مەلەکان (٦)
دێ دەنگێ تەنگە زەردان(٧)
کەلەش کەتنە بن بەردان

● × ●

شەپێ لە مەلەکو مەلەکان
دێ دەنگێ بەران و شەکان
خینیان بە کۆنگێ(٨) پیوان

● × ●

شەپێ لەو دیو لەو دیوان
دێ دەنگێ تەنگە زیوان(٩)
کە لەش کەتنە دەو شیوان

● × ●

شەپێ وەهام نەدیت قەت
ڕووبەڕووبوون عەشیرەت
خوایە بکەی مەسلەحەت

● × ●

شەپێ لە بن گێوژۆکێ(١٠) گوللە دێن بە چاڕۆکێ
مەکوژن زێڕین خدرۆکێ

● × ●

شەپ لە جۆخینێ ماشان
گوللە دێن وەکی گاشان(١١)
مەکوژن خدری وەرداشان

● × ●

شەپ لە جۆخینی کایێ
ئاگرەك بەربووە دنیایێ
کەس دەهاواری نایێ

● × ●

شەپ لە مەلەکەی بە تۆزە
گوللە دێن بە گرۆزە(١٢)
خدرم چەندی ئارۆزە

● × ●

شەپ لە مەلەکەی بە گویشك(١٣)
خدرم هاتنێ باویشك(١٤)
لۆی گریان دەستە خویشك

● × ●

خدر شێرەو ئاترسێ
چۆکی دان لەبەر مەرسێ(١٥)
دووت کوشتن مەیکە بە سێ

● × ●

هێریە لە ئەشکەفتێ هۆزێ(١٦)
تون بە تون چن گۆڕەزێ(١٧)
خدرۆك لە خینێ گەوزێ

● × ●

خدر چوو زێڕین لە دوو
خرواتانیان کەتنە دوو
لەبێ بەختان ڕەش بن ڕوو

● × ●

تێبینی :

١ – بەیتی خدرو زێڕین : بەسەرهاتێکی دڵداریە لە گوندی خرواتان ڕووی داوە پێش (١٨٠) ساڵ لەمەوبەر •

٢ – دەقی بەیتی (خدرو زێڕین)م لە زاری «کریم حاجی حسن قەرێتی »م تۆمارکردوە کە خەڵکی گوندی خرواتانە تەمەنی (٨٠) ساڵ دەبێت و ئێستاکەش هەر لەگوندی خرواتانە •

فەرهەنگۆك

١ – خرواتان ! گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی هەریر بەرامبەر قەڵای خانزادی سۆران •

٢ – دۆر : دول ، شیو •

٣ – قەرەمدان : تراشینی سەرو ژێری ڕدێن بەڕێکی •

٤ – تەلان : باسك•

٥ – کدوێ دەرمانی: جۆرە کدویەکی بن خڕی مل باریکە لە کۆنەوە ووشك دەکرایەوە پاش ئەوەی ناوەکەی دەردەهێنرا واتە کلۆر دەکرا ، با ڕووتی خۆمالی تێ نەکرا (شۆڕە) •

٦ – مەلە کومەلەکان :– مەلەو لاباڵ •

٧ – تەنگە زەرد : جۆرە تفەنگێکی کۆنە •

٨ – کۆنك : کاسەی لە دار دروستکراو کە بە خەرك دادەتاشرا •

٩ – تەنگەزیو : جۆرە تفەنگێکی کۆنە •

١٠ – گێوژ : بەرێکی خڕی زەردو سووری هەیە ناوکێکی ڕەقی هەیە ، لە پایزاندا لە درەختێکی کێوی دا پەیدا دەبێ تامی مزرە یان ترشە•

١١ – گاشان : (گاشە) کوچکە بەرد ، خڕکە بەرد •

١٢ – گرۆزە : بەدەستە •

١٣ – گویشك : گێوژ •

١٤ – باویشك : دابچرانی دەم لە خۆبەوە ، یا لەبەر حەز لەخەو کردن •

١٥ – مەرس : غەرەبەردی ناو جۆخین یا ناو زەوی ئامادەکراو بۆ کێلان •

١٦ – ئەشکەفتێ هۆزێ : ئەو ئەشکەوتەیە کە دەکەوێتە چیای (سەراو وورد) •

١٧ – گۆزەز : گوندێکە ئەکەوێتە دامێنی چیای (سەراو وورد) دانیشتوانی لە خێڵی سوورچین •

شاعیری کورد ئەثیری هۆنراوە بە وەستا بەشیری کورد پەروەردا هەڵدەدا

غەفور میرزا کریم

وەستا بەشیر لە ناوجووڵانەی ڕۆشنبیریی کوردا بە قسەی خۆش و نەستەق و وتەی سوودبەخش و کوردپەروەرێکی دڵسۆز ناوی دەرچووەو بڵاوبۆتەوە • • بەڕاستی لەسەر وەستا بەشیرو قسە خۆشەکانی ئەوەندە باس و خواستەهەیە کە هەرگیز دوایی نایەت تەنانەت ئەگەر برادەران و لایەنگیرانی کە ئەمڕۆ لە هەموو کونج و قوژبێنێکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوەو ناتوانن بە دروستی تۆماری ئەو قسەو قسەڕۆکانەی بکەن • ئەوەی منی خستە ناو دەریای ئەم باسەوە •• ئەوەبوو کە لە ڕۆژنامەی ژیان ساڵی دوو ژمارە (١٠٠) نیسانی ١٩٢٨دا چاوم بە هۆنراوەیەکی شاعیری کورد ئەثیری کەوت کە بەسەر وەستا بەشیردا هەڵی داوە •• جا ئەم شیعرەی ئەثیری بۆ وەستا بەشیر سەرنجی ڕاکێشام و دەوری کورد پەروەریی وەستا بەشیری لام بەرز کردەوە بۆیە منیش بەڕاستم زانی کە ئەم پارچە هۆنراوەیە دووبارە بڵاوبکەمەوە تا لە دارشتنی ژیاننامەی وەستا بەشیردا جێگای تایبەتی خۆی بگرێ و دۆزستو لایەنگیرەکانیشی چاویان پێ ڕووناك و دڵیان پێ خۆش بێ و لایان زیاتر بڵندتر و خۆشەویست بێ •

ئەمەش دەقی هۆنراوەکەی ئەثیریە •• کە بە پێی ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا هەیە وا بڵاوی ئەکەمەوە ••

کلامی محترەمی ئەثیریە کە مەدحی وەستا بشیری کردوە کە پیاوێکی میللەت پەروەری کوردە لە بەغدا •

شاعیرێکمان لێ پەیابوو تازە میلەت مژدەیە
بولبولی باغی گوڵە شمقاری کێوو هەردەیە
چاوی پیاوانی (کلەت) ڕوون کرد دڵان خۆشە بە تۆ
ئەی بشیری خۆش خەبەر ئەم مژدەیە خۆش مژدەیە
ماهوت و تاقە بەدەست ئەبڕی زمانیشت غەزەل
بیریشی هەروایە وەستا مەردی کارو کردەیە
کارگەرو زانا کە تووشی دەردی (کل) بن چەند خۆشە
کارگەریشمان خوا شوکرێ موبتەلای ئەم دەردەیە
ئەی ئەثیری دەم بەدەم شاعیر لە میلەت زیاد ئەبێ
حاجی عبدالقادری کۆیی وەلێ سەرکردەیە

ئەثیری

چیرۆکی تەمسیلی «ماڵەی سەرگردەکە» و چەند سەرنجێك

(نیازی حمە عزیز)

(وەك و زۆربەی بینەران، منیش لە شەوی ١٤–٢–١٩٨٣م دی کە لە چیرۆکێکی چیرۆك نووسی ئەڵمانی « لۆدفیك هۆلبرگ »ەوە لە لایەن مامۆستا «ڕەئووف حەسەن»ەوە کراوە بە کوردی و لە لایەن تیپی هونەری هەولێر لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوك پیشاندرا)

کورتەی چیرۆکەکە ماڵە کابرایەکی تەوەزەل و گێل و هەمیشە مەستە ، بووە بەبار بەسەر خێزانەکەیەوەو کاروکاسبی بۆتە مەینۆشی و خۆی کردوە بە گاڵتەجاڕی ئەمو ئەو ، وە لە ئەنجامدا ماڵە وویرا دەبێتەوەو هەست بە ژیان دەکات و بە یاری نەخواردنەوەی مەی دەدات – ئەوی ڕاستی بێ بینەران لە مێژبوو تامەزرۆی ئەوەبوون کە ئەم تەمسیلیە (بە گوێرەی باس کردنی) چێژێکی تازەو بیرێکی جوانیان پێ ببەخشێ •• بەڵام بەداخەوە دوای بینینی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕای گشتی یانی داگیرکردو بوو بەهۆی ڕازی نەبوونی هەمووان ••

لەوانەیە ڕایەکەم پەسەند بکەن کە بڵێم دەبوایە ئەم تەمسیلیە لە پێش (هەبوونەبوو)و (محمدو سێوێ)دا کرابایەو بەشێوەیەك ئەگەر لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێ لە هەمو لایەنێکەوە پێش کەش کردنی زۆر دواکەوتووە لێرەدا چەند تێبینیو سەرنجێك هەن کە دەمەوێ ئاماژە (اشارە)یان بۆ بکەمو هیواداریشم کە وەرگێرو دەرهێنەرو ئەکتەرانی ئەم تەمسیلیە نیگەران ئەکەم چونکە « خوا ئاگادارە » من تەنها مەبەستم خزمەت کردنی هونەری ڕەسەنو پیرۆزی کوردیە ••

یەکەم / دەبوایە مامۆستا (ڕەئووف حەسەن) دەست نیشانی ئەوەی کردبا کە ئەم چیرۆکەی لە چ زمانێکەوە وەرگرتووەو وەری گێڕاوەتە سەر کوردی • وە لەوە زیاتری دەرنەخستووە کە « بەدەستکاریەوە »ی هێناوەو وەك و عەبایەك ویستوویەتی هەڵەی وەرگێرانەکەی « ئەگەر ڕووی دا » پێداپۆشێ • بەهەرحال ئێمە ڕازین کە دەستکاری چیرۆکەکەی کردبێ بەڵام بە مەرجێك ئەم کارە لە بەرژەوەندی سەرکەوتنی هونەری بابەتەکە بێت •• وەدەبوایە کە پشتی بە – بەدەستکاریەوە – دەبەست لە کارەکەیدا وای لە چیرۆکە بیانیەکە کردبا کە بەرگێکی کوردەواری لەبەر بکات و مۆرکی خۆمالی پێوەبنێ ، هەروەك و چۆن ئەم دیاردەیە بە ڕووخساری چیرۆکە تەمسیلیەکانی وەك و (پیسکەی تەڕ پیرو جەنابی موفەتیش و پیری ئاخر شەڕ)ەوە دیارەو ئەمەش کارێکی پەسندو سەرکەوتووانەیە •

بۆ سەلماندنی ئەمەش کاتێ کە بینەر سەیری کەسایەتی (میرزا) دەکات لە (پیسکەی تەڕ پیر)دا ، دەقاودەق کەسایەتی میرزایەکی سلێمانی لە ناو کەسایەتی میرزایەکی فەرەنسیدا قال بۆتەوە •

وە بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەشم دەڵێم :–

١ – لە کوردەواریدا کاری مەی فرۆشتن و خواردنەوەی (بەتایبەتی لە لادێدا) لە ڕاستی بە دوورە وەك و لە تەمسیلیەکەدا دەردەکەوێ وە ئێمە تاك و ئێستا ئەمان بیستووە کە لە گەورەترین گوندی کوردستاندا مەی فرۆش و مەینۆش هەبن بەو شێوەیەی کە لە وێدا دەردەکەوێ • ئەم ڕواڵەتە تایبەتە بە شێوازی ژیانی کۆمەڵگای (مەسیحایەتی) ئەوروپاوە••من نازانم بۆچی مامۆستای وەرگێڕ لە چارەکردنی ئەم دیاردەیە لە (دەستکاری کردنەکەیدا) دەهێنەڕستان بووە ؟

٢ – ئاغاو میر لە ناو کوردەواری ئێمەدا خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتین و کەمتر لێیان هەڵدەکەوێ کە دڵی بە یەکێکی وەك و ماڵە بسووتێ و یارمەتی پارەی بدات و ئاهەنگی بۆ بگێڕێ ، وە من بڕوا ناکەم کە هەرگیز میرێك خۆی بکات بە نۆکەری کابرایەکی دەبەنگ و سەرمەست و گێلی وەك و ماڵەو کڕنووشی بۆ بەرێت ، وە خۆی بکات بە گاڵتەجاڕی نۆکەرەکانی و مایەی پێکەنینیان و کاتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەفیڕۆ بدات•• ئەم ڕواڵەتەش لەوانەیە لە کۆمەڵگای ئەوروپادا وەك و نەریتێك هەبێت ، بەڵام دەبوایە وەرگێڕ ئەم ڕووداوەی لە بارێکی کەدا دەرخستبا مادام (دەستکاری) چیرۆکەکەی دەکرد •••

دووهەم/ گوایە چیرۆکەکە چارەی ئەو کێشەیە دەکات کە پاڵەوانی چیرۆك لەسەر مەستی و بێ کەڵکی خۆی پەشیمان دەبێتەوە ئەویش بەوەدا دەردەکەوێ کە «ماڵە» پێکە عارەقەکەی بەدەم و چاوی «یاقوب»ی مەی فرۆش دا دەکات و تووڕە دەبێ ، بەڵام بەڕای من

بڕوانە لا : ٧

Institut Kurde de Paris

لە چالاکیەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی :

دەوری گەلی کوردمان لە جەنگی "قادسیەی صدام"دا لە کۆڕێکدا لە لایەن مامۆستا (هاشم حسن)ەوە

لە چوارچێوەی چالاکی‌یەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە هەفتەی قادسیەی صەدامدا مامۆستا هاشم حسن عەقراوی وەزیری دەوڵەت لە کۆڕێکدا دەربارەی دەوری گەلی کوردمان لە جەنگی قادسیەی صەدامدا ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٥-٤-١٩٨٣ قسەی کرد ٠

لە سەرەتای کۆڕەکەدا مامۆستا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە پێشەکی‌یەکدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە گەلی کوردمان چالاکی‌ی گەورەو خولقینەری پێشکەش کردووە بۆ پشتگیری - کردنی جەنگی قادسیەی صەدامو بۆ پەنجە خستنە سەر بەشداری کردنی گەلی کوردمان لەم جەنگەدا ئنجەوا مامۆستا هاشم حسن عەقراوی ڕووناکی دەخاتە سەر چەند لایەنێکی ئەو بەشداری کردنە٠

پاشان مامۆستا هاشم حسن عەقراوی لە سەرەتای قسەکانیدا سوپاسی ئامادەبوانو دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کردو ڕیزی لە ڕەنجی کارگێڕانی دەزگاکە ناکە لە پێناوی ڕۆشنبیری‌ی کوردیدا دەیدەن ٠

لە سەرەتای قسەکانیدا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە زیاتر لە دوو ساڵە وڵاتی عیراقمان تووشی گەورەترین پیلان بووە لە لایەن ڕژێمی ئێران و ئیمپریالیزم و زایۆنیزمەوە سەرەڕای هەموو داخ لە دڵەکانی نر بەرانبەر بەم ڕژێمە شۆڕشگێڕی‌یەی عیراق ٠

ئەم پیلانە گەورەیەیشی مەبەستی زیان‌گەیاندن بە بنیادی شۆڕشگێڕانەو سەرجەمی دەستکەوتەکانە کە پاش شۆڕشی پیروزی ١٧-٣٠ی تەمووز بۆ جەماوەری گەلی عیراقمان هاتوونەتە دی ٠

هێزەکانی ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی بۆ ئەوە دەچوون کە پاڵ‌نان بە ڕژێمی ئێرانەوە بۆ دەستدرێژی‌کردن لە عیراق بارو دۆخی باشتریان بۆ دەخولقێنێت بۆ سەرلەنوێ دەست بە سەردا گرتنی ناوچەکە ٠

ئەگەرچی خومەینی چەندین ساڵ لە عیراقدا بوو، ئەوا شۆڕش هیچ خراپی‌یەکی بەرانبەر نەکردبوو، بەڵام پاش ئەوەی کە چووە سەر تەختی ئێران دەستی بە فرۆفیشاڵ و درۆو دەڵەسە کرد پاشان دەستدرێژی‌ی کردە سەرسنووری عیراق بۆیە هەڵوێستی خومەینی لە سەرەتاوە هەر هەڵوێستێکی دژ بە شۆڕش بووەو هێزەکانی ئیمپریالیزمو زۆرباز سوود لەم دەستوتاقمەیە وەرگرتووە ٠

ئەوەبوو دامو دەزگاکانی ڕۆژئاوا زۆریان بایەخ بە دەنگ و باسی ئازادو نانەوەولێکۆڵینەوەی نادروست دەداو، زایۆنیزم خەریک کردنی عیراق و لاوازکردنی عیراقی بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەزانی سەبارەت بە ئاسایشی قەوارەی زایۆنی و ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا بۆ دابەش کردنی ناوچەکە و وەدی هێنانی خەونەکانی لە ناوچەکەدا ٠

بەڵام ئەم هەڵوێستە لەلای سەرکردایەتی‌ی شۆڕش ئاشکراو ڕوون بوو ، ئەوەبوو کە هێرشی سوپای ئێرانو دەست درێژی‌ی بۆ سەرخاکی عیراق دەستی‌پێ‌کرد ، سوپای عیراق بە پاڵپشتی‌ی جەماوەری گەل توانی‌ی پێنجەمین سوپای جیهان کە سوپای ئێرانە تێک بشکێنێت کە زایۆنیزمو ئیمپریالیزم پشتیان پێ‌دەبەست ٠

کە خومەینی و دەستوتاقمەکەی بڕیاری هێرشیان‌دا بۆ سەر خاکی عیراق پشتیان بە چەند مەسەلەیەک دەبەست لەوانە سوپای گەورەیان و ئەو چەکو تەقەمەنی‌یە زۆرەی لە سەردە می شاوە ماپوونەوەو دانیشتووانی ئێران کە سێ ئەوەندەی دانیشتووانی عیراق و جوگرافیای ئێران و فراوانی‌ی خاکی ئێران بە بەراووردکردنی لەگەڵ خاکی عیراقدا ، بەڵام خومەینی لەم حسێب کردنانەیدا بە هەڵەدا چووبوو ، ئەوەی ڕەگەزپەرستو کۆنەپەرست نەیدەتوانی تایبەتی‌یەکانی بنیاتی شۆڕشگێڕانە لە عیراقدا تێ‌بگات، کە ئێمەیش حسێبی خۆمان بۆ ئەم شتە کردبوو لەسەر بنەڕەتی پتەوی‌ی خواستی نیشتمانیمان و توانای سوپای عیراقمان و تاقی کردنەوەکانی لە جەنگە نیشتمانی‌یەکانی پێشی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزو مەردایەتی‌و ئازایەتی‌و گیانی خۆبەخت کردنی‌و ووره بەرزێتی‌ی سەرەڕای پتەوی‌ی ئابووریمان و بەشداری کردنی سوپای میللی‌و یەکێتی‌ی چەسپاوی‌ی بەرەی ناوخۆمان، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی چووینە شەرەفمەندی ترین و پیرۆزترین داستانەوە کە داستانی قادسیەی صەدامە ٠

خومەینی لەو باوەڕەدا بوو کە سوپا زۆرەکەی سەرکەوتنی بۆ وەدەست دەهێنێت بەڵام نەپدەزانی کە سوپایەك هەرچەندە زۆر بێت ناکرێت بەهێزبێت ئەگەر بڕوای بەو جەنگە نەبێت کە دەیکات بۆیەدەبینین سوپای ئێران لەسەر بناغەی دەستدرێژی‌کردن و داگیرکردن دامەزراوە کە دارەدەستێکە بۆ فراوانکەری‌و داگیرکردن لە سەر حسێبی کەسانی تر ٠

ئەوەبوو شای پێشوو شادومان بوو کە سوپاکەی دوورگەکانی عەربی داگیرکردو یارمەتی یاخی بوونەکەی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی‌ی دەدا بەڵام ئەم سوپایە بوو لە جەنگی دووەمدا نەیتوانی تەنیا ڕۆژێك لەبەردەمی هێزە داگیرکەرەکانی بێگانەدا ڕابوەستێت کە خاکی ئێرانیان داگیرکرد ٠

پاشان مامۆستا عەقراوی دەستی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ترسناك‌ترین شت خومەینی گرەوی لەسەرکردبێت یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی گەل بوو ، بەڵام نەیدەزانی کە ئەم بەکێتی‌یە گەیشتووەتە ئەو پلەیەی کە هەرگیز لەق نابێت‌و ئەم یەکێتی‌یە بە ئازادی‌ی سیاسی‌و ئابووری‌و چارەسەرکردنی نیشتمانی‌و دیموکراتی‌یانەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌ی گەلی کوردو وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی خۆی لەوانەیش ئۆتۆنۆمی وەدی‌هات کە شۆڕش لەم پێناوەدا ئەرکی باشی نواندو بەیاننامەی یازدەی تازاری ١٩٧٠ی دەرکردو دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان‌و چەندین یاسای تری سەبارەت بە مافە ڕۆشنبیری‌یەکانی تورکمان‌و ئەوانەی بە سریانی دەدوێن‌و یاسای نەنجوومەنی نیشتمانی‌و ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ٠

سەرەڕای هەموو ئەوەهەڵس‌و کەوت‌و ڕەفتارانەی کە عیراقی‌یەکان لە بەردەمی یاسادا وەك یەك وان‌و گەلی عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك‌هاتووەو دەستوور مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی کەمایەتی‌یەکان‌ددان پێدا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی‌ی عیراقدا ٠

ئەنجا هاتە سەرشۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزو مەسەلەی کورد کە بەوەی‌دانا کە مەسەلەی کورد بە ئەڵقەیەکی سەرەکی‌دەژمێرێت لە بنیاتی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌داو شۆڕش بە گیانێکی نیشتمانی‌و دیموکراتی‌ومرۆڤایەتی چارەسەری کرد ئەویش لە دەرکردنی بەیانی‌ی ئازاری ١٩٧٠دا کە گەل دەوریان لێداو لەم بەیانەشەوە یاسای ئۆتۆنۆمی‌ی ناوچەی کوردستان سەری‌هەڵدا ٠

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

ئافرەت و خێزان

کۆبوونەوەی گشتی کۆنگرەی ئافرەتان

ئەنجوومەنی ناوەندی‌ی نوێی یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق سەرلەنوێ خاتوو منال یونس عبدالرزاقی بەسەرۆکی ئەنجوومەن‌و نووسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی‌ی هەڵبژاردەوە ٠

ئەوەبوو یازدەهەمین کۆنگرەی یەکێتی ئێوارەی سێشەممەی ڕابوردووتر دانیشتنێکی گشتی‌ی ساز دا بەڕێز نعیم حداد سەرەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌و هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی‌ی هەرێمایەتی ئەمینداری نهێنی‌ی نووسینگەی پیشەیی ناوەندی‌ی سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئامادەی بوون لەم دانیشتنەدا ئەنجوومەنێکی ناوەندی هەڵبژێررا بریتی‌یە لە سی‌و شەش ئەندام ٠

بەڕێز نعیم حدادو هاوڕێ محمد حمزە لە دانیشتنێکدا کە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی‌و ڕاپۆرتەکانی هەر چوار لیژنەکە کە لە کۆنگرەکەوە هەڵقوڵاون ، تەرخان‌کرابوو ، هەندێك پێشنیاریان دەربارەی چەند بەندێك کە لە ڕاپۆرتەکان‌دا هاتوون‌و ستراتیژی‌یەتی کاری یەکێتی لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا دەربڕی ٠

کۆنگرەکە کە لە ڕۆژی شەممەی ڕابوردووتردا لە ژێر دروشمی (قووڵ‌کردنەوەی دەوری ئافرەت لە بنیاتنانی عیراقی نوێ‌دا پتەوکردنی گیانی قادسیەی صەدامە)دا دەستی پێ‌کردبوو لە دانیشتنی کۆتایی‌دا بڕیاری لەسەر ستراتیژی‌یەتی گشتی‌ی کاری یەکێتی‌ی بۆ ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٦و ڕاپۆرتی کۆتایی‌و ڕاپۆرتەکانی هەر چوار لیژنەکە کە لێوەی بوونەتەوە داو ئەو ڕاپۆرتانەش باسی چالاکی‌یەکانی یەکێتی‌یان کردووە لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌و لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو پەیوەندی‌ی دەرەوەو مەشق پێ‌کردن‌و پەرەپێدان‌و ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی‌و کاروباری خێزان‌و بەڕێوەبردن‌و دارایی‌و دایانگەکانی چرۆکانی شۆڕش‌دا ٠

لە پەیمانگای هونەری‌نەینەوا کچە هونەرمەندێکی کورد خەریکی وێنەکێشان بو ، لە دەستو پەنجەی ئەم هونەرمەندە لاوەدا موژدەی پاشەڕۆژێکی ڕووناك خۆی دەنواند ٠

● پەخشان خان چی ڕەسم دەکەی ؟

× وێنەی دیمەنێکی شیرینی کوردستان کە چۆن بەفرەوڕەهێڵەو باران تیایدا ماڵ‌ئاوایی دەکاو گوڵی نێرگزو شەوبۆ دەڕوێ ٠٠

● پۆلی چەندی ؟

× ئەمسال پۆلی چوارەم‌و لە سەراپای پیشانگاکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا بەشداریم کردووەو تابلۆکانم جێگەی ڕەزامەندی بینەران بوو ٠

● بۆچی وێنەکێشانت لە پەیمانگادا هەڵبژارد ؟

× ڕاستی‌یەکەی بەشی وێنە هەر لە منداڵیەوە هەر ئاواتم بووەو نەمردەم‌و گەیشتمە ئەو ئاواتە پیرۆزە٠٠

● شێرزاد ●
نووسینگەی هەولێر

چرۆکان دەگەشێنەوە

کاروباری خێزان

نهێنی‌ی ڕەنگی ڕەش

نفت کریستینا مرنۆفێڵدا بەرگسازی ناودار کە لە یەکێك لە دەرزگاکانی بەرگسازی‌ی ئەوروپادا ئیش‌دەکات ئەوەی بەدرۆ خستووەتەوە کە ڕەنگی

ڕەش بە ڕەنگێکی ماتەم‌و شین دابنرێت ٠٠ لە چاوپێکەوتنێکدا ووتوویەتی ڕەنگی ڕەش سەرنج ڕاکێشانەکەی لەوەداپە کە ڕەنگێکە یەکێنی‌یەکەی بە سەر ڕوومەتی ئافرەتەوە دیارە ٠ ئەوەیش وای لێ‌دەکات زۆرترو بریقەدارتر دەیخاتە ڕوو ٠٠ ئەگەر ڕەنگی ڕەش ئافرەت جوان‌ترو - زۆر شادمان‌تر پیشان‌دەدات ٠ ئەدی بۆچی بە ڕەنگێکی ماتەمی دابنرێت ؟

قژە ٠٠ بەڵام !

لەو دوا داهێنانانەی پسپۆڕەکانی جوانی لە ڕۆژئاوادا بیریان لێ کردووەوە قژی سێ یان چوار ڕەنگی‌یە ٠٠ واتە بۆیەکردنی قژ بە چەشنێك لە سەرەوە سەوز بێت ٠٠ پاشان سوور ٠٠ ئەنجا ڕەش تا لە داوێنەوە بە ڕەنگی زەرد کۆتایی پێ دێت٠ « ڕۆڵەیەکی » تایبەتی بۆ ئەم کارە بەکار دەهێنرێت بە سەر قژدا تێدەپەڕێنرێت بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگانەی پێ‌ببەخشێت ٠

ئەنجا بیر لەوە بکەرەوە چۆن ئافرەت بەم قژە نوێ‌یەوە

بروانە ل : ٧

هۆی گریانی منداڵ

دوو پزیشکی فەرەنسەوی توانیویانە ئامێرێکی نوێ بۆ وێنەگرتن‌و پشکنینی کۆئەندامی هەزمی تازە پەیدا بکەن بەبێ ئەوەی هیچ ئەزیەت بەو منداڵانە بگەیەنێت ٠

ئامێرەکە بریتی‌یە لە ناردنە ژوورەوەی چەندین شەپۆلی دەنگ بۆ ناو گەدەی منداڵەکە بە ڕێگای لوولەیەکی لاستیکی‌و بەکارهێنانی « فیبرۆسکۆپ » ٠

بەم چەشنە ئەو ئامێرە دەتوانێت ئەو نهێنی‌یە چارە سەر بکات کە دایکەکانی سەرسوڕمان دەکردو هۆی گریانی زۆری منداڵ یان هۆی ڕشانەوەی پاش شیرخواردن یان گرژبوونەوەی منداڵیان بۆ ڕوون بکاتەوە ٠

ڕۆنی زەیتوون ٠٠ بۆدڵ

ئەو تاقیکردنەوەیانەی کە کۆمەڵێك لە زاناکانی زانکۆی میامی ئەنجامیان داوون ئەوەیان چەسپاندووە ، کە ڕۆنی زەیتون سوودێکی گەورەی بۆ دڵی مرۆڤ هەیە٠ ئەو زانایانە پشتیان بەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەیە بەستووە کە لەگەڵ (١٥٥٠) کەس‌دا کردووەیانە کە خەڵکی یۆنانن - کە زەیتوونی زۆری تێدایەو تەمەنیان لە شازدە ساڵان پترە ٠ ٠ ئەنجامیش ئەوە بووە کە ڕادەی کۆلسترۆڵ لە خوێنیان‌دا زۆر ئاسایی بووە سەرەڕای ئەوەی کە ڕادەی لیبۆپرۆتینیان لە لا زۆر بووە کە ئەمەیش دەپانپارێزێت‌و لە نەخۆشی - یەکانی دڵ دووریان دەخاتەوە ٠

ئەمەو پزیشکەکان ئامۆژگاری ئەوانەیان کردووە کە نەخۆشی‌ی دڵیان هەیە ڕۆنی زەیتوون بخۆن ئەویش لەبەر ئەو سوودە زۆرەی بە تەندروستی‌و پەردەوامی‌ی ژیانیان دەبەخشێت ٠

ڕۆنی دایك لە ماڵ‌و لە کاردا

یەکێك لە گۆڤارە بێگانەکان باسێکی کۆمەڵایەتی‌ی گرنگی خستە بەردەمی خوێنەرەکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی زانینی بیروڕایان لەم بارەیەوە٠٠٠ ناونیشانی باسەکە بەم چەشنە بووە : ڕۆڵی دایك لە ماڵ‌و لە کبارداو ئامیان بۆی باشە ٠٠

ئەوەبوو بیروڕای خوێنەرەکان لە نێوان بەچاك زانینی مانەوەی لە ماڵەوەدا بۆ ماوەیەك تا منداڵەکە گەورە دەبێت‌و توانای ڕێ‌کردن‌و خۆڕێشتنی هەبێت بۆ قوتابخانەو ٠ ٠ ئەنجا دایك دەست بە کارکردنەوە بکات‌و ٠٠٠ لە نێوان ئەوەدا بووە کە منداڵ بخرێتە دایانگەوەو دایك بە تەواوەتی خۆی بۆ کارەکەی تەرخان بکات پاش ئەوە خۆی بۆ ڕێك‌و پێکی‌و جوانی‌و ڕازاوەیی‌و چوسمت چالاکی‌ی خۆی تەرخان بکات وەك ئافرەت ٠٠ شتی سەیریش ئەوەیە کە ئافرەتە نووسەرەکەی باسەکە

بروانە ل : ٧

هۆیەکانی منداڵ لەبارچوون

لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەکان کە ژمارەیەك لە پزیشکەکان لە وێڵز ئەنجامیان داوون ئەوەیان چەسپاندووە کە هۆیەکانی منداڵ لەبارچوونی یەك لە دوای یەك کە لەلای هەندێك ئافرەت ڕوودەدات کە سکی یەك مانگانە لەوەدایە کە ئەو جینانەی لە لەشیدایە لەو جینانە دەچن کە لە لەشی مێردەکەیدایەو، ئەگەر خوێنێکی تریان

بروانە ل : ٧

لە هەولێر

هاوڕێ حسن علی

کرێکارانی کورد گەورەترین قوربانیان داوە

شێرزاد عبدالرحمن :
نووسینگەی هەولێر

لە هەفتەی رابردووداو بۆ بە سەرکردنەوەی کاروباری کرێکاران لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانداو ئامادەکردنی پێویستی یەکانیان و ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی کرێکارانی ناوچەکە لە بوارەکانی بنیاتنانو کارکردنی بەردەوام هاوڕێ حسن علی ئەمینداری سەرکردایەتی هەرێمایەتی و رازگری نووسینگەی کرێکاران لە سەردانێکی تایبەتی داگەیشتە هەولێر .

بۆ هەمان ڕۆژ چەندان کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرێزان لێپرسراوی نووسینگەی راپەراندن و هۆبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی کۆبووەوەو لەگەلیاندا باسی ئەو رێو شوێنانەی کرد کە دەبێتە بناغە بۆ کارکردنی زیاترو خزمەتی بزووتنەوەی کرێکاران .

بەرێزی لە سەعات ٣ی ڕۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٣-٤-١٩٨٣ لە کۆڕێکی فراواندا ئامادەبو کە نەقابەکانی کرێکاران و بە ئامادەبونی بەرێزان پارێزگاری هەولێر یحیی جاف و هاوڕێ عبدالحسن خلیل لێپرسراوی نووسینگەی پیشەیی و جێداری نەقابەکانی کرێکارانی عیراق و سەرۆک و ئەندامانی نەقابەکانی کرێکارانی هەولێر سازی کرد .

لە سەرەتای کۆڕەکەدا بەرێز هاوڕێ حسن علی پەنجەی بۆ باری ئەمڕۆی وولاتەکەمان درێژکرد کە ڕووبەڕووی هێزی چەپەڵی کۆنەپەرستی ئێرانی بۆتەوەو ڕۆلی کرێکارانی ڕوون کردەوە لە پشتیوانی جەنگی مێژوویماندا ، جەنگی قادسیەی صدام .

وە بەرێزی وتی : ئەم جەنگە مێژوویی یە کە نزیکەی سێ ساڵە وولاتەکەمان بۆ بەرەنگاری مافی رەوای خۆی دەیگێڕێت وەفاداری و دلسۆزی ڕۆڵەکانی دەرخست لە پال سەرکردایەتی و هەڤالی فەرماندە صدام حسین و بوارێکی تازەی خولقاند بۆ ئەوەی هاوولاتی عیراقی بە کوردو عەرەبیەوە تەقەللای گەورەتر بنوێنێ لە پێناو گەشانەوەی عیراق و پاراستنی دەسکەوتە مەزنەکانی شۆڕش .

هەروەها ووتی :

کرێکاران لەم وولاتە سەربەرزەدا دەتوانن لە رێی زیاتر کردنی بەرهەمدا راستەوخۆ پشتیوانی جەنگی رەوامان بکەن و هەمان ڕۆلی ئەو پاڵەوانە بەجەرگانە بنوێنن کە لە هەموو بەرەکانی جەنگدا پاشماوەی رژێمی ئێران راودەنێن و نموونەی گەورەترین چیرۆکی مێژوویی سەرکردایەتی و هاوولاتیاندا ـیەو بەمەش عیراق بەرەو دووارۆژێکی ڕووناکتر دەبات .

هەروەها بەرێزی ڕووبەڕووی کرێکارانی کورد ووتی :

میللەتی کورد لەم جەنگەدا بە بازووو بە دڵ لە گەڵماندا بووەو تەقەللای گەورەی داوە بۆ دەرخستن شانازی و وەفاداری خۆی و وەستان لەگەڵ سەرکردایەتی حزب و هەڤالی تێکۆشەر تۆمار دەکەن .

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی زیاتر ووتی :

کرێکاران بە هەوڵو کۆششیان زیاتر لە جاران ، دەتوانن ئەو پەیوەندییە گیانی بەگیانی یە قووڵتر بکەنەوە کە لە نێوان صدام حسین کە بە چاوێکی تایبەتی دەڕوانێتە گەلی کوردو پێشکەوتنی ناوچەی کوردستان لە هەموو لایەنەکانی ئابوری و ڕۆشنبیری و تەندروستی و بۆ بۆ بنیاتنانی ژیانی نوێ . پاشان ووتی :

گەلی کورد بە گشت و بەتایبەتیش چینی کرێکارانی لە ریزی پێشەوەی قوربانی دان و بەخش بوون لە رێی ئەو هەموو کۆششەی بۆ زیاتر کردنی بەرهەم نواندوویانەو هەریەکە لە چوارچێوەی ئەرکی نیشتمانی خۆی و ، لە دووایيدا بەرێزی داوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ چینی کرێکاران خواست لە ناوچەی کوردستاندا .

ڕۆژنامەی ئۆبزێرفەری بەریتانیایی

هەزارەها گیراو لە بەندیخانەکانی مەلاکان لەئەشکەنجەدەدرێن

ڕۆژنامەکانی جیهان هەربەردەوامن لەسەر باسی ئەو جەورو ستەمانەی کە گیراوە ئێرانییەکان لەژێریا ـدەناڵێنن لە بەندیخانەکانا بەدەست « ساواك »ەکانی خومەینی یەوە .

لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی « ئۆبزێرفەر » کە لە بەریتانیا دەردەچێ ڕاپۆرتێکی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧-٣-١٩٨٣ یدا بڵاوی کردەوەو تیایدا دەڵێ :

پزیشکە نەشتەرکارە فەرەنسییەکان فریای پەنابەرێکی ئێرانی کەوتن و پاشماوەی ئەو پەنجانەیان بۆ تیمارکرد کە بەهۆی جەڵدە لێدانەوە پەڕیبوون . ئەم پەنابەرە کە ناوی (حسین دادخاه)ەو تەمەنی ٢٧ ساڵەو پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ئێران ڕای کردووە ئیستا لە نەخۆشخانەیەکی پاریسدا کەوتوە .

ئەو هەواڵانەی حسین دادخاه بە ڕۆژنامەکانی گەیاندوە لەو هەواڵانەی تر دەچن کە ڕاکردووەکانی تر گێڕاویانەتەوەو هەموو ڕێکن لەسەر ئەوەی کە هێرشێکی زۆر خەست بەرامبەر بەرهەڵستیکەرەکانی موجاهیدینی خەڵق هەیە . دادخاه خۆی وتی کەوا ژنەکەیەو منالەکەی هەردووکیان هێشتا لەبەندیخانەدان و دەمو چاوی ژنەکەی لە ژێر ئەشکەنجەدا بە جۆرێکی وا گۆڕاوە بە زەحمەت ئەناسرێتەوە .

لە هەفتەی پێشوودا کە هێشتا لە بەندیخانەدابوو سەدو دە کەس بە گوللەباران کوژران . بە پێی ئەوەی پاسدارەکانی خومەینی باسیان کردوە لە هەمان ماندا زیاتر لە هەزار کەس لەو بەندیخانەیەدا لەسێدارە دراون .

هەر کە ژن و منالەکەی گیران حسین دادخاه کە فوتابیەکی زانستەو حەلکی ئەسفەهانە خۆی شاردەوە بەڵام گیراو لە بارەگای پاسدارانی خومەینیدا دەستکرا بە ئەشکەنجەدانی و دەستی بەسرایەوەو بە کوتەکێکی تارەبایی کەوتنە گیانی .

لە ڕۆژی دووهەمیشدا ئەو پرسیارکەرەی کە بە تایبەتی لە تارانەوە هێنرابوو بۆی کەوتە لێدانی سەر دلی . ئەنجا پاش چەندەها دەست لێدان گوێزرایەوە بۆ بەندیخانەی ئیفین لە ئێرانداو بە گوێرەی ئەو ژمارەیەی کە لە ژوورەکەیاو ژوورەکانی تردا هەبوو دەبێ زیاتر لە بیست هەزار گیراوی تیابێ .

جارێکیشیان دادیاری تاران اسدالله لاجیوەردی هات بۆ لای و پێی وت (ئێوە دەبێ لە ڕیشە هەڵکەنرێن چونکە ئەگەر وا نەکەین ئێوە لەناومان دەبەن) هەروەها وتی « شۆڕش » بە بارێکی سەختدا تێدەپەڕێ و دەبێ بینێرینە دەرەوە بۆ وڵاتی ئیسلامی تر .

دادخاه وتی مەلاکان گیراوەکان ئەخەنە بەر پرس و وەڵام و جارجاریش ئەشکەنجەدەرەکان بە تەلەفۆن لە مەلاکان دەپرسن دەبێ چەند جەڵدە لە گیراوەکە بدەن یا ئایا لەسەری بڕۆن یا نا .

حسین دادخاه لە ئیستگەی شەمەندەفەردا ڕاپکرد لە کاتێکدا کە دەیانویست بیگوێزنەوە بۆ بەندیخانەیەکی ترو لەبەر خەڵکی دەستیان نەبەستبووە . لەوێوە خۆی گەیاندە کەراچی و لەوێیشەوە پاش چارەکردن و کەل و پەل گوێنی بەرەو ئەوروپا نێررا .

حسین دادخاه یەکێکە لە بەرهەڵستە چالاکەکانی دژی ڕژێمی شای پێشوو لە ساڵی ١٩٧٥ بە تۆمەتی ئەوەی « شۆڕشگێرە »و گیراو سێ ساڵ لەبەندیخانەدا بوو .

لە لایەکی تریشەوە دەنگوباس وایە کە ڕژێمی خومەینی خۆی بۆ مەحکەمە کردنێکی خێرای پێشەواکانی حزبی شیوعی ئێران ئامادە دەکا .

راپۆرت

کۆنگرەی دوازدەیەمینی کشتوکاڵ هەمینی کشتوکاڵ

لە پێناوی بەرهەمی چاکتری کشتوکاڵدا

کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی دوازدەیەمینی کشتوکاڵ کە دوو ڕۆژی خایان سەبارەت بە نەخشەی ئەمساڵو بەرهەمی کشتوکاڵو بەرەپێدانی و نەخشەی بەرهەمی کشتوکاڵی ساڵی ڕابووردو پڕیبوو لە دەمەتەقێو لێکۆڵینەوە .

ئەم کۆنگرە فراوانە کە ئەوەوپێش زۆرشتی بۆ سازکرابوو کە کشتوکاڵی یەکانی گرتبۆ خۆی نیشانەی گیانی دیموکراتی یەت بوو کە شانبەشانی سازکردنی نەخشەی کشتوکاڵی و بەشداری کردنێکی خەستوخۆڵی هەموو شانەکانی کاری کشتوکاڵی دەرۆی بۆ چەسپاندنی ئەو شتە پێویستانەی کە بۆ بەرێوەبردنی هەموو گارێکی کشتوکاڵو برەوپێدانی مەبەستن .

لەم کۆنگرەیەدا پێنج لێژنە دروستبوو وەك (لێژنەی ئاوو چاککردنی زەوی و لیژنەی هاوکاری و خستنە بازارو پارەپێشەکی دان و لیژنەی بەرهەمی ڕووەك و لیژنەی بەرهەمی گازەن و لیژنەی خزمەتی کشتوکاڵ) و لەژێر دروشمی ئەو ئەنەوەیە خێری نیە کە لەوە زیاتر دەخوات کە وەبەری دەهێنێ و لەوە کە متر دەدوورێتەوە کە دەیچینێ دەمەتەقی یەکی زۆر کراو ئەم کۆنگرەیەش بەرێز طە یاسین رمضان ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران کردیەوەو باسی گەلێ شتی کرد لەوانە وردبینی و سل نەکردنەوەبوو بۆ دەربینی راوپێشنیار و چارەسەرکردنە سەرجەمی یەکانی هەموو ئەو شتە سەرەکیانەی کە بەرەو ڕووی کشتوکاڵ دەبێتەوە .

کۆنگرەکە هەندێ لە بەرێران وەزیرو ئەندامانی نووسینگە پیشەیی و پارێزگاران .. لەبەر ئەوەی کە لە پارێزگاکاندا سەرەکی ئەنجوومەنە کشتوکاڵی یەکان و کادرەکانی یەکێتی ئەسی کۆمەڵە هەرەوەزی یەکشتوکاڵی و نەقابەی کان و نەقابەی کرێکارانی ئەندازیارانی کشتوکاڵی ئامادەبوون و خواستی هەموان دۆزینەوەی باشترین ڕێبازبوو بۆ بەرپاکردنی فەڕ بە هەموو لایەکی عیراقی سەرکەوتوداو وا لەبەرهەم بکرێ کە پێویستی جەماوەر لە هەموو رویەکەوە بە چاکی مسۆگەربکات .

وەزیری کشتوکاڵو چاکردنی کشتوکاڵ لەم ڕووەوە دەڵێ :

دوو مانگە سەرەتا لە کۆنگرەکانی ناحیەکان و کۆمەڵە هەرەوەزی یەکان و ئینجا لە قەزاکان و دەستەکانو پارێزگاکان دەستی پێکرد کە هەریەك لەمانە گیروگرفتو نەخشەی دوارۆژو بەرهەمداری و خزمەتگوزاری خۆی جێگیر کرد تا گەیشتە ئەم کۆنگرەیە .

هەموو ژمارەیەکی بەرهەم ئەنجامی دەمەتەقێ هاتۆتە کایەوەو هەموو لایەك لەم لایەنانەش دەزانن چی پێویستەو کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ کە دەگیرێ بۆ دەمەتەقێی نیەو شتانەیە دوای کۆکردنەوەو گوێ لێگرتنی گیروگرفتو ئەو کۆسپانەی کە بە ئەنجام دراون بریاردانی دوانەخشەیە .

هەروەها وەزیری (ڕەی) وتی :

سەرکردایەتی یە حەکیمەکەمان لەسەرو هەمووبانەوە سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین بایەخێکی تەواوی بە نەخشەکە داوەو ئەمڕۆش کە ئەم کۆنگرەیە دەگیرێ شانازی یە بۆ ئێمەی عیراقی کە بە رای گشتمان بریارەکانمان هەموو راستابن .

یەکسەر بە یەك گەیشتنی نێوان بەرهەمدارانی ناو کێڵگەو شارەزایان بۆ ئەوەی نەخشەکە بخرێتە سەر باری سەرکەوتن کە ئەویش بە شارەزایی مەیدانی هەیە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیەو ئێمە لەو باوەڕەداین .

ئەم دەمەتەقێو شی کردنەوانە بمانگەیەنێتە ئەوەی کە خزمەتی بەرهەم بکەنو دیهاتەکانمان وا لێبکەن لە پێناوی گەلە مەزنەکەماندا گەلی پاڵەوانیمان کە سێ ساڵە لەگەڵ فارسە دەستدرێژکارەکاندا شەڕ دەکات و دەرئەخستووە بێ ماندووبوون بەرهەم دەدان چونکە بەرگری لە مافی نەلەقاوی سەربەستی و کەرامەتی خۆی دەکات زیاتر بەرهەم بدەن .

دیسان سەرەکی لیژنەی بەرهەمی ئاژەڵ وتی :

دەرکەوتووترین راسپاردە ئەوەیە کە دووپاتی چاودێری کردنی بەرهەمی ئاژەڵو پرۆتینی ئاژەڵە لە کەرتە سۆشیالیستەکاندا کە پێشبخرێ و گورج و گۆڵی تایبەتیشە بۆ پاراستنی نرخ و بەرهەم تەواوکردنی سەر برینگەی پەلەورو تێگەیشتنی بەرهەمی کێڵگەکان و تەواوکردنی کارگەی ئالیك لە تەئمیم و هەولێرو دروستکردنی کارگەی شیرە لە واسط لە لایەن دەزگای گشتی پیشەسازی خواردەمەنی سەربەوەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان بۆ ئەوەی چارەسەری خێرای هێنانە بازاری شیر لە کێڵگەی ئەو مانگانەوە بکرێ کە سەر بە رێکخراوی گشتی کشتوکاڵە .

سەرەکی لیژنەی هاوکاری و خستنە بازارو پارەی پێشەکی دان وتی :

بە پێی ئەو راسپاردانەی کە لە بەرەی کاردا بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و هەموو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر بزوتنەوەی هاوکاریدا هات چاوگێڕانێك بە بنەرەتەکانی بناغەی هاوکاریدا ئەمانە گشت کەشێکی نوێیان بۆ کارکردن شانبەشانی مەبەستی تایبەتی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی وەك گشت بزوتنەوەی هاوکاری پێشبخرێ و راسپاردەی لیژنەکەش ئەوەیە کە کۆنگرەیەکی تایبەتی لە لایەن بزوتنەوەی هاوکاری یەوە بگیرێ و شارەزایان و کارکەرانی بزوتنەوەکە بۆ دانانی بنەڕەتێکی نوێ کارکردن بانگ بکرێن .

سەرەکی لیژنەی بەرهەمی ڕووەك وتی :

بەرای گشتی بریاردرا کە پانتایی گەنمەشامی زەرد ٤٠٠ هەزار دۆنم بۆ پرکردنەوەی پیشەسازی و کارگەی ئالیك زیاتر بکرێ .. رابووردو ئەم پانتاییە لە ١٠٠ هەزار دۆنم زیاتر نەبوو .. بەرهەمی گەنم و جۆش لەبەر ئەوەی جێی بایەخن بریاردرا بکرێ بە نزیکەی یەك ملیۆن دۆنم .

سەرەکی لیژنەی خزمەتی کشتوکاڵیش وتی :

راسپاردەکان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە پەینی کیمیاوی خۆماڵی بۆ دەرخستنی کەلکی زانیاری و چاکی و گونجاندنی لەگەڵ خاکدا بەکاربهێنرێ و داوا لە هەموو دەستەیەتی کشتوکاڵی بکرێ کە بەپێی بەرنامەکە مەشق بە کادرەکانیان بکەن و لیژنەکە رایسپاردووە کە پێویستە بەنرخەو دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێ و راسپاردەکانیش بە هەندێ شێوەکە گەیاندو پەتە ئامانجی خۆیان بشتیان بە پارێزگارکردنی زەوی و زارە سازکراوەکان بەستووە .

سەرەکی لیژنەی هاوکاری و خستنە بازارو پارەی پێشەکی دان وتی :

بە پێی ئەو راسپاردانەی کە لە بەرەی کاردا بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و هەموو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر بزوتنەوەی هاوکاریدا هات چاوگێڕانێك بە بنەرەتەکانی بناغەی هاوکاریدا ئەمانە گشت کەشێکی نوێیان بۆ کارکردن شانبەشانی مەبەستی تایبەتی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی وەك گشت بزوتنەوەی هاوکاری پێشبخرێ و راسپاردەی لیژنەکەش ئەوەیە کە کۆنگرەیەکی تایبەتی لە لایەن بزوتنەوەی هاوکاری یەوە بگیرێ و شارەزایان و کارکەرانی بزوتنەوەکە بۆ دانانی بنەڕەتێکی نوێ کارکردن بانگ بکرێن .

سەرەکی لیژنەی بەرهەمی ڕووەك وتی :

بەرای گشتی بریاردرا کە پانتایی گەنمەشامی زەرد ٤٠٠ هەزار دۆنم بۆ پرکردنەوەی پیشەسازی و کارگەی ئالیك زیاتر بکرێ .. رابووردو ئەم پانتاییە لە ١٠٠ هەزار دۆنم زیاتر نەبوو .. بەرهەمی گەنم و جۆش لەبەر ئەوەی جێی بایەخن بریاردرا بکرێ بە نزیکەی یەك ملیۆن دۆنم .

سەرەکی لیژنەی خزمەتی کشتوکاڵیش وتی :

راسپاردەکان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە پەینی کیمیاوی خۆماڵی بۆ دەرخستنی کەلکی زانیاری و چاکی و گونجاندنی لەگەڵ خاکدا بەکاربهێنرێ و داوا لە هەموو دەستەیەتی کشتوکاڵی بکرێ کە بەپێی بەرنامەکە مەشق بە کادرەکانیان بکەن و لیژنەکە رایسپاردووە کە پێویستە

پڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

کاکە مراد چەند جارێك پارەکەی ژماردەوە • هەموو بانکە نۆتەکانی بە ووردی بەسەرکردنەوە • وەرسوڕایەوەو سەیرێکی دواوەی کرد ، کە دڵنیا بوو پارەکانی تەواون لەبەر خۆیەوە ووتی : «ئێستا ئەوەندەی خەرج دەکەین و تا ساڵێکی تریش خوا کەریمە ، کێ دەمرێ و کێ دەمێنێ • »

دوکانی تەنەکە سازێکی دیتەوە • بە تاسەوە کەوتە سەرنجدانی زۆڕپا تەنەکەکان•

دەنگی ژنەکەی لە گوێدا زرنگایەوە : «پیاوەکە وەرەو مەردی خوابە • زستانەکەی سەختە ، دراوسێیان دووسەدو پەنجا تومەنی وەرگرتبوو ، ئەمساڵ نەیتوانی سێ سەدو پەنجا تومەنەکە بداتەوە ، ئێستا چوار سەدو هەشتا تومەنی لەسەر بۆتە ماڵ • بەڵێ برای بابم • خوا دەینێرێ • خوا بۆ خۆی کارسازی کارانە• دەی ئێستا با بزانم نرخی زۆڕپاکە چەندە ؟ »

– بە لوولەو ئانیشکەوە (٣٠)سی تومەن •

– های برای بابم ، زۆر گرانە !! من لەوبەری « گاماسیاب »(١)ەوە هاتومەتە لای تۆ ، دەبێ کەمتری حیساب بکەی •

– بە گیانی منداڵەکانم ، هەر مایەکیەم حیساب کردووەو کەمتریشم بۆ دەست نادات •

تەنەکە سازەکە چاوە خەواڵوەکانی هەڵکڵۆفتو درێژەی دایە : «دەی بابە ، پێنج تومەنیش با خاتری تۆ بێت ، خێری لێبینی ، با ماڵەکەت گەرم بێ • »

کاکە مراد وەك شێوە پاڕانەوەیەك ووتی : « وەرە ئەوبی و خوا ، با (١٠)دە تومەن کەمتر بێت • »

تەنەکە سازەکە بە تورەییەکەوە قیژاندی : « باشە مامە گیان بۆ سوێندم دەدەی ، بۆ گاورت وەبەر چنگان کەوتووە ؟ دەبا حەوت تومەنی لەگەڵ نەبێ•»

– نا •• برای بابەبی ، ئەو سێ تومەنەی تریشم بە منداڵەکانم ببەخشە ، بۆیان دەدەم بە نوقڵ ، تا دەمیان شیرین بێت و دوعای خێرت بۆ بکەن •

– باشە مامە گیانی قەیناکا، بێنە بزانم ، ئەمڕۆ سفتاحمان نەکردووە •

ئیشاڵلا دەستت بەخێرە •

– دەستم زۆر بە خێرە ، مەرجە ئەمڕۆ تا ئێوارێ سەد دانەی تر دەفرۆشی •

کاکە مراد جارێکی تریش کەوتەوە وورد بوونەوەی زۆڕپاکە • دووبارە ، دەستە شەقارەکانی بە بەدەنەی زۆڕپاکەدا هێنا ، وەك هەسان لە ئاسنی خشێنی • هەموو کەلێن و کونو کەلەبەرەکانی بەسەرکردنەوە • کشایە دواوەو لە دوورەوە تێی ڕاما• هاتەوە ، وەبەر تیشکی خۆری داو کەوتەوە تەماشاکردنی ، داخوا هیچ کونی تێدایە یان نا • هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا • ئینجا بە پارێزەوە ، وەك یەکێك کەڵەبابی جەنگی لە گیرفانی دەرهێناو یەك دانە بانکەنۆتی پەنجا تومەنی لێدەرکێشا •

دووبارە بەرپێی خۆی بەووردی تەماشا کرد • لەسەرخۆ جزدانی پارەکەی خستەوە گیرفانیو تا بنی بنەوەی بەرێکرد • بۆ دڵنیاییش لە دەرەوە دەستێکی بەسەر پۆزی جزدانەکەی ناو گیرفانیا هێنایەوە •

تەنەکە سازەکە پارەکەی لێوەرگرتو ووتی : « خوا بە زیادی کا • خێری لێبینی ئیشاڵلا » •

– تۆش خێر لە پارەکەی ببینی ، برای بابم •

(٣٠)سی تومەنی وەرگرتەوەو وەك جاری پێشوو ئاخنیەوە ناو جزدانەکەیەوە •

● ● ●

نوقڵی بۆ منداڵەکانیو بەشە کراسێکیش چیتی گوڵداری بۆ ژنەکەی کڕی • زۆڕپاکەی نایە سەر شانیو بوخچەی نوقڵو چیتەکەشی بە دەستەوە گرت •

گەیشتەوە کەناری « گاماسیاب » • ئاسمان هەور بوو • ئاوەکە لیخن‌تر ببوو زیاتریش هەستابوو •

شەڕواڵەکەی داکەند• ڕووتو قووت • جڵو بوخچەکەی دەستی تێکەوە پێچانو خستنیە سەر سەریو لە ئاوەکەی دا • بە جێی جاراندا کەوتە ڕێ • بەرەو ڕووی دێیەکەیان کە لەو دوورەوە لە پاڵ گردو تەپۆڵکەکاندا وەنەوزی دەدا وەڕێکەوت • ماسییە ووردیلەکان خۆیان لەڕانی دەخشاند • ختووکەی دەهاتێ • لە ساردی ئاوەکە هەموو پێستی لەشی گرژببوو • دەسوڕا • وەك ئاوەکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە هەڵقوڵێ • جار جارەشی کە پێی دادەنا، ژێر پێیەکانی بۆش دەبوونو پارسەنگی تێك‌دەچوو •

بوخچەکەی زیاتر بە خۆیەوە نووساندن • تاوێك ڕاما • سەرلەنوێ کەوتەوە هەنگاونان •

کە لە دێڕا هاتبوو ئاوەکە لە سنگی زیاتر تێنەدەپەڕی بەڵام ئێستا دەگاتە چەناگەی • کە پێی هەڵدەهێنایەوە ئاوەکە هەڵی دەکەند بەڵام خێرا پێی‌دادەنایەوە • هەنگاوی ووردو لەسەرخۆی بەرەو پێشەوە دەنا •

دێیەکە لە دوورەوە دیارنەبوو • پانو پۆڕیو بەرفراوانی ئاوو کەناری ڕووبارەکە پێش چاویان گرتبوو •

گێژو شەپۆلە توندەکان هەڵیان‌کەند • چەند هەنگاوێکیان بەرەوخوارتر ڕادا ، بەڵام کاکە مراد پاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆر خۆی گرتەوە ، خۆی لەسەر بەرزەکێکی لووس ڕاگرت • سەری دەرهێنایەوە • ئاوەکە لە ملیەوە بەرەو خوارتر بوو• هەناسەیەکی هەڵکێشا• دەستو پەنجەکانی سڕو تەزی بوون • دەستەکانی بەهێزو توانایەکی زیاتر لە توانای خۆیان بە زۆڕپاکەوە نووسابوون ، هەروەك یەکێکی دیکە زۆڕپاکەی گرتبێ وابوو• شەپۆلێکی‌تر لە جێی خۆی هەڵکەندو هاویشتیە گۆمێکی قووڵەوە • سەری نقوم بوو و هاتەوە دەرێ • کۆکەیەکی توندی هاتێ • زۆڕپاکەی لێ بەرەڵلا بوو• دوای تەقەللایەکی زۆر گرتیەوە زۆڕپاکە پڕ ببوو لە ئاوو بەرەو بنی ڕووبارەکەی ڕادەکێشا •

بە دوای زۆڕپاکەدا چوو و هەوڵی دەدا دەری‌بێنێتەوە• بە ناچاری کەوتبووە دەم ڕووبارەکە • تەنیا هەوڵیشی ئەوەبوو زۆڕپاکە دەربێنێتەوەو لە دەستی نەچێ • بوخچەی جلەکانی هەر بە دەستەوە بوو •

شەپۆلێکی تر هاتو ڕایدایەوە • پێیەکانی لە لیتەی بنی ڕووبارەکە ڕۆچوو• سەری دەرێنایەوەو کۆکی • ووزەی لێ‌بڕابوو • هەناسەیەکی تری هەڵکێشا، بەڵام هیچ دەرفەتێکی نەبوو، هەر چوار دەوری ئاوبوو • ئاوەکە ڕایدەدا • ئەوە دەمەی وەبیر هاتەوە کە لە بەردەمی بانك‌دا خەڵکی پاڵیان پێوە دەنا •

شەپۆلێکی بەهێزتر هەڵی‌کەند • چەند قومێکی ئاو قووتدا • پەنجەکانی توند لە بوخچەو زۆڕپاکە گیرکرد •

هاوارێکی کشو ماتی لێ‌هەستاو نقوم‌بوو •

● ● ●

کاتێ دانیشتوانی چەند دێیەکی خوارتر لاشەکەیان گرتەوە ، بوخچەو زۆڕپاکەی هەر بەرنەدابوون •

١ – گاماسیاب : ڕووبارێکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی کرماشانەوە •

کاکە مراد

عەریب پشدەری

بەیتی خدرو زێرین

جلال ملا حسن خوشناو

فۆلکلۆر

دە دۆرێ هەی لە دۆرێ
خرواتانم(١) لە دۆرێ(٢)
زێرینێ زەردو سۆرێ
خدریان وەردا لە خۆرێ

● × ●

چەندم گۆت خدر ئامان
خینێ تەڕ کرد قەرەم(٣)دان
خوشکێ مەروێ لە برایان

● × ●

خدرۆکی خرواتانی
بازی هەردا تەلانی (٤)
لێی شکا کدوێ دەرمانی(٥)

● × ●

چەندم گۆت خدرۆك فێرە
ئەشکەفتێ بەجێ مێرە
خینێ تەرکرد سمێرە

● × ●

دەرکێ ئەشکەفتێم شینە
دوو گوران لێکرد پەرژینە
یەك خدرەو یەك زێرینە

● × ●

شەڕێ لە منەکو ملەکان (٦)
دێ دەنگێ تەنگە زەردان(٧)
کەلەش کەتنە بن بەردان

● × ●

شەڕێ لە ملەکو ملەکان
دێ دەنگێ بەران‌و شەکان
خینیان بە کۆتکێ(٨) پیوان

● × ●

شەڕێ لەو دیو لەو دیوان
دێ دەنگێ تەنگە زیوان(٩)
کە لەش کەتنە دەو شیوان

● × ●

شەڕێ وەهام نەدیت قەت
ڕووبەڕووبوون عەشیرەت
خوایە بکەی مەسلەحەت

● × ●

شەڕێ لە بن گێوژۆکێ(١٠)
گوللە دێن بە چارۆکێ
مەکوژن زێرین خدرۆکێ

● × ●

شەڕ لە جۆخینێ ماشان
گوللە دێن وەکی گاشان(١١)
مەکوژن خدری وەرداشان

● × ●

شەڕ لە جۆخینی کایێ
ئاگرەك بەربووە دنیایێ
کەس دەهاواری نایێ

● × ●

شەڕ لە ملەکەی بە تۆزە
گوللە دێن بە گرۆزە(١٢)
خدرم چەندی نارۆزە

● × ●

شەڕ لە ملەکەی بە گویشك(١٣)
خدرم هاتنێ باویشك(١٤)
لۆی گریان دەستەخویشك

● × ●

خدر شێرەو نانرسێ
چۆکی دان لەبەر مەرسێ(١٥)
دووت کوشتن مەیکە بە سێ

● × ●

هێریە لە ئەشکەفتێ هۆزێ(١٦)
تون بە تون چن گۆزەمزێ(١٧)
خدرۆك لە خینێ گەوزێ

● × ●

خدر چوو زێرین لە دوو
خرواتانیان کەتنە دوو
لەبێ بەختان ڕەش بێن ڕوو

● × ●

تێبینی :

١ – بەیتی خدرو زێرین : بەسەرهاتێکی دڵداریە لە گوندی خرواتان ڕووی‌داوە پێش (١٨٠) ساڵ لەمەوبەر •

٢ – دەقی بەیتی (خدرو زێرین)م لە زاری «کریم حاجی حسن قەرێتی »م تۆمارکردووە کە خەڵکی گوندی خرواتانە تەمەنی (٨٠) ساڵ دەبێت‌و ئێستاکەش هەر لەگوندی‌خرواتانە •

فەرهەنگۆك

١ – خرواتان ! گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی هەریر بەرامبەر قەڵای خانزادی سۆران •
٢ – دۆر : دول ، شیو •
٣ – قەرەمدان : تراشینی سەرو زێری ڕدێن بەڕیکی •
٤ – تەلان : باسك•
٥ – کدوێ دەرمانی: جۆرە کدویەکی بن خڕی مل باریکە لە کۆنەوە ووشك دەکرایەوە پاش ئەوەی ناوەکەی دەردەهێنرا واتە کلۆر دەکرا ، با ڕووتی ٢ خۆمالی تێئەکرا (شۆڕە) •
٦ – مەلە کوملەکان :– مەلەو لاپاڵ •
٧ – تەنگە زەرد : جۆرە تفەنگێکی کۆنە •
٨ – کۆتك : کاسەی لە دار دروست‌کراو کە بە خەرك دادەتاشرا •
٩ – تەنگەزیو : جۆرە تفەنگێکی کۆنە •
١٠ – گێوژ : بەرێکی خڕی زەردو سووری هەیە ناوکێکی ڕەقی هەیە ، نە پایزاندا لە درەختێکی کێوی‌دا پەیدادەبێ تامی مزرە یان ترشە•
١١ – گاشان : (گاشە) کوچکە بەرد ، خڕکە بەرد •
١٢ – گرۆزە : بەدەستە •
١٣ – گویشك : گێوژ •
١٤ – باویشك : دابچرانی دەم لە خۆیەوە ، یا لەبەر حەز لەخەو کردن •
١٥ – مەرس : غەرەبەردی ناو جۆخین یا ناو زەوی ئامادەکراو بۆ کێلان •
١٦ – ئەشکەفتێ هۆزێ : ئەو ئەشکەوتەیە کە دەکەوێتە چیای (سەراو ووردێ) •
١٧ – گۆزەز : گوندێکە ئەکەوێتە دامێنی چیای (سەراو ووردێ) دانیشتوانی لە خێڵی سوورچین •

غفور میرزا کریم

شاعیری کورد ئەثیری هۆنراوەی بە وەستا بەشیری کورد پەروەدا هەڵدەدا

وەستا بەشیر لە ناوجووڵانەی ڕۆشنبیریی کوردا بە قسەی خۆش‌ونەستەق‌و وتەی سوودبەخش‌و کوردپەروەرێکی دڵسۆز ناوی‌دەرچووەو بڵاوبۆتەوە • • بەڕاستی لەسەر وەستا بەشیرو قسە خۆشەکانی ئەوەندە باس‌و خواستەهەیە کە هەرگیز دوایی نایەت تەنانەت ئەگەر براەدەرانو لایەنگیرانی کە ئەمڕۆ لە هەموو گونج‌وقوژبنێکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوەو ناتوانن بە دروستی تۆماری ئەو قسەو قسەڕۆکانەی‌بکەن • ئەوەی منی خستە ناو دەریای ئەم باسەوە •• ئەوەبوو کە لە ڕۆژنامەی ژیان ساڵی دوو ژمارە (١٠٠)ی نیسانی ١٩٢٨دا چاوم بە هۆنراوەیەکی شاعیری‌کورد ئەثیری کەوت کە بەسەر وەستا بەشیردا‌هەڵی‌داوە •• جا ئەم شیعرەی ئەثیری بۆ وەستا بەشیر سەرنجی ڕاکێشام‌و دەوری کورد پەروەریی وەستا بەشیری لام بەرزکردەوە بۆیە منیش بەڕاستم زانی کە ئەم پارچە هۆنراوەیە دووبارە بڵاوبکەمەوە تا لە دارشتنی‌ژیاننامەی وەستا بەشیردا جێگای تایبەتی خۆی بگرێ‌ودۆزست‌و لایەنگیرەکانیشی چاویان پێ ڕووناك‌و دڵیان‌پێ‌خۆش‌بێ‌و لایان زیاتر بڵندترو خۆشەویست‌بێ •

ئەمەش دەقی هۆنراوەکەی ئەثیریە •• کە بە پێی ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا هەیەوا بڵاوی ئەکەمەوە ••

کلامی محترەمی ئەثیریەکە مەدحی وەستا بشیری کردوە کە پیاویکی میللەت‌پەروەری کوردە لە بەغدا •

شاعیرێکمان لێ‌پەیابوو تازە میلەت مژدەیە
بولبولی باغی گوڵە شمقاری کێوو هەردەیە
چاوی پیاوانی (کلەت) ڕوون‌کرد دڵان خۆشە بە تۆ
ئەی بشیری خۆش‌خەبەر ئەم مژدەیە خۆش‌مژدەیە
ماهوت‌و تاقە بەدەست ئەبری زمانیشت غەزەل
بیریشی هەروایە وەستا مەردی کارو کردەیە
کارگەریشمان خوا شوکرێ موبتەلای ئەم دەردەیە
ئەی ئەثیری دەم‌بەدەم شاعیر لە میلەت زیاد ئەبێ
حاجی عبدالقادری کۆیی وەلێ سەرکردەیە

ئەثیری

چیرۆکی تەمسیلی «ماڵەی سەرگردەکە»و چەند سەرنجێك

(نیازی حمە عزیز)

(وەك‌و زۆربەی بینەران،منیش لە شەوی ١٤–٢–١٩٨٣ چیرۆکی تەمسیلی « ماڵەی‌سەرگردەکە»م دی کە لە چیرۆکێکی چیرۆك‌نووسی ئەڵمانی « لۆدڤیك هۆلبرگ »ەوە لە لایەن‌مامۆستا «ڕەئووف حەسەن»ەوە کراوە بە کوردی‌و لە لایەن تیپی هونەری هەولێر لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوك پیشاندرا)

کورتەی چیرۆکەکە ماڵە کابرایەکی تەوەزەڵو گێڵو هەمیشە مەستە ، بووە بەبار بەسەر خێزانەکەیەوەو کاروکاسبی بۆتە مەینۆشیو خۆی کردوە بە گاڵتەجاڕی ئەمو ئەو ، وە لە ئەنجامدا ماڵە ووریا دەبێتەوەو هەست بە ژیان دەکات‌و بە یاری نەخواردنەوەی مەی دەدات – ئەوی ڕاستی‌بێ بینەران لە مێژبوو تامەزرۆی ئەوەبوون کە ئەم تەمسیلی‌یە (بە گوێرەی باس‌کردنی) چێژێکی تازەو بیرێکی جوانیان پێ‌ببەخشێ •• بەڵام بەداخەوە دوای بینینی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕای گشتی‌یانی داگیرکردو بوو بەهۆی ڕازی نەبوونی هەمووان ••

لەوانەیە ڕایەکەم پەسەند بکەن کە بڵێم دەبوایە ئەم تەمسیلی‌یە لە پێش (هەبوونەبوو)و (محمدو سێوێ)دا کرابایەو بەشێوەیەك ئەگەر لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێ لە هەمو لایەنێکەوە پێش‌کەشکردنی زۆر دواکەوتووە لێرەدا چەند تێبینی‌و سەرنجێك هەن کە دەمەوێ ئاماژە (اشارە)یان بۆ بکەمو هیوادارشم کە وەرگێرو دەرهێنەرو ئەکتەرانی ئەم تەمسیلی‌یە نیگەران ئەکەم چونکە « خوا ئاگادارە » من تەنها مەبەستم خزمەت‌کردنی هونەری ڕەسەن‌و پیرۆزی کوردی‌یە ••

یەکەم / دەبوایە مامۆستا (ڕەئووف حەسەن) دەست‌نیشانی ئەوەی کردبا کە ئەم چیرۆکەی لە چ زمانێکەوە وەرگرتووەو وەری‌گێراوەتە سەر کوردی • وە لەوە زیاتری دەرنەخستووە کە « بەدەستکاری‌یەوە »ی هێناوەو وەك‌و عەبایەك ویستوویەتی هەڵەی وەرگێرانەکەی « ئەگەر ڕووی‌دا » پێ‌داپۆشێ • بەمەرحال ئێمە ڕازین کە دەستکاری چیرۆکەکەی کردبێ بەڵام بە مەرجێك ئەم کارە لە بەرژەوەندی سەرکەوتنی هونەری بابەتەکە بێت •• وەدەبوایە کە پشتی بە – بەدەستکاریەوە – دەبەست لە کارەکەیدا وای لە چیرۆکە بیانی‌یەکە کردبا کە بەرگێکی کوردەواری لەبەر بکات‌و مۆرکی خۆمالی پێوەبنێ ، هەروەك‌و چۆن ئەم دیاردەیە بە ڕووخساری چیرۆکە تەمسیلی‌یەکانی وەك‌و (پیسکەی تەڕ پیرو جەنابی موفەتیش‌و پیری ئاخر شەڕ)ەوە دیارەو ئەمەش کارێکی پەسندو سەرکەوتووانەیە •

بۆ سەلماندنی ئەمەش کاتێ کە بینەر سەیری کەسایەتی (میرزا) دەکات لە (پیسکەی تەڕ پیر)دا ، دەقاودەق کەسایەتی میرزایەکی سلێمانی لە ناو کەسایەتی میرزایەکی فەرەنسی‌دا قال بۆتەوە •

وە بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەشم دەڵێم :–

١ – لە کوردەواریدا کاری مەی فرۆشتن‌و خواردنەوەی (بەتایبەتی لە لادێدا) لە ڕاستی بە دوورە وەك‌و لە تەمسیلی‌یەکەدا دەردەکەوێ وە ئێمە تاك‌و ئێستا ئەمان بیستووە کە لە گەورەترین گوندی کوردستاندا مەی‌فرۆش‌و مەینۆش هەبن بەو شێوەیەی کە لە وێدا دەردەکەوێ • ئەم ڕواڵەتە تایبەتە بە شێوازی ژیانی کۆمەڵگای (مەسیحایەتی) ئەوروپاوە••من نازانم بۆچی مامۆستای وەرگێر لە چارەکردنی ئەم دیاردەیە لە (دەستکاری کردنەکەیدا) دەسەتەوستان بووە ؟

٢ – ئاغاو میر لە ناو کوردەواری ئێمەدا خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتین‌و کەمتر لێیان هەڵدەکەوێ کە دڵی بە یەکێکی وەك‌و ماڵە بسووتێ‌و یارمەتی پارەی بدات‌و ئاهەنگی بۆ بگێڕێ ، وە من بڕوا ناکەم کە هەرگیز میرێك خۆی بکات بە نۆکەری کابرایەکی دەبەنگ‌و سەرمەست‌و گێلی وەك‌و ماڵەو کڕنووشی بۆ بەرێت ، وە خۆی بکات بە گاڵتەجاڕی نۆکەرەکانی‌و مایەی پێکەنینیان‌و کاتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەفیڕۆ بدات•• ئەم ڕواڵەتەش لەوانەیە لە کۆمەڵگای ئەوروپادا وەك‌و نەریتێك هەبێت ، بەڵام دەبوایە وەرگێڕ ئەم ڕووداوەی لە بارێکی‌کەدا دەرخستبا مادام (دەستکاری) چیرۆکەکەی دەکرد •••

دووهەم/ گوایە چیرۆکەکە چارەی ئەو کێشەیە دەکات کە پاڵەوانی چیرۆك لەسەر مەستی‌و بێ‌کەڵکی خۆی پەشیمان دەبێتەوە ئەویش بەوەدا دەردەکەوێ کە «ماڵە» پێکە عارەقەکەی بەدەمو چاوی «یاقوب»ی مەی‌فرۆشدا دەکات‌و تووڕە دەبێ ، بەڵام بەڕای من

بڕوانە لە : ٧

Institut kurde de Paris

سنوورمان لێ کردن بە دۆزەخ

قسەکە ڕێکی سوپای ڕژێمی ئێران دەربارەی کاتەوە لەبەردەوامی بۆردومانی شارەکانی عیراق

قسەکەرێکی سوپای سەرلەنوێ ڕژێمی تاوانباری ئێرانی وورياکردەوەسەبارەت بە ئەنجامی بەردەوام بوونی لە بۆردمان کردنی شارەکانمان و زیان گەیاندن بە دانیشتووان و دام و دەزگا ئابووریەکان.. قسەکەرەکە ئەم دووانەی خوارەوەی ووت .

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

ئەوساو لە سەرەتای ئەو جەنگەوە کە دەستو ناقمەکەی حومەینی بە سەر وولاتە دلێرەکەمانیاندا سەپاند خۆمان لە بۆردمان کردنی ئەو نامانجانەی کە مۆرکێکی شارستانیان هەیە تا لەتوانادا بێت دوور دەگرتو تا دەهانیش توند ئەم بیروباوەڕەمان دەگرت پاش ئەوەی کە بەرهەلستی کارانی ئێرانی دارایان لێ کردین دەستی ڕاستەوخۆ ئەوەشێنین ئەوەبوو بە دەنگی ئەو داواکردنەوە چووین چونکە ئێمە لەبەر چەند هۆیەکی بیروباوەڕی و ئاکاری و مرۆڤایەتی ئارەزووی ئەوەمان هەیە ، بەلام ڕژێمی ئێران نایەت لە بۆردمان کردنی بەردەوامی شارەکانمان و دەزگا ئابووریەکانماندا خراپ پێی زیادی ئارە ئەمەیش بووەتە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەك لە دانیشتووانی شارەکان لەوانەیش نافرەت و منداڵو پیرەمێردیان ئێدایەو ڕووخاندنی ژمارەیەك لە خانووی نیشتەجێبوون و قوتابخانەو نەخۆشخانەو شت و مەکە جۆراوجۆری تری دانیشتووانی شارەکان .

ئێمەیش لە پلەی لێپرسراوێتی یەوە ڕژێمی ئێران وورياکەکەینەوە لە ئەنجامی حراپی بەردوام بوونی لەم کاروبارە ئاوانباریە سووکەکانەی خۆی و لە بۆردمان کردنی ڕاستەوخۆی شارەکانمان و دەزگا ئابووریەکانمان بووەستێنەوە ئەگینا وەلامدانەوەی ئەم جارەمان زۆر توندترو زۆر تیژتر دەبێت ئەو خۆی باش ئاگاداری ئیلتیزامات و وورياکردنەوەکانمانەو ئەو هۆیانەی کە بە دەستمانەوەن بۆ جێبەجێ کردنی هەڕەشەکانمان و ئەوەی ئاگاداری کردوون گللەیی لەسەر نییە .

١٢ی نیسانی ١٩٨٣

ڕاپۆرت ـ پاشماوە

هەموولایەك هاوکاری بۆ ئامادەکردنی پێویستی کشت و کاڵ بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدابکات و بەشێوەیەکی باشتر بەرهەمی بهێنن کە کەلکی بەرهەمی کشت و کاڵی تێدابێ .

نوێنەری گورج و گۆڵی تایبەت لە هەولێر وتی : ئێمە گومان کۆنگرەکە بۆنەیەکە بۆ بیشاندانی هەموو ڕاو شی کردنەوەیان بە تایبەتی ئەوەی کە بە لامانەوە گیروگرفتە کە ئەویش هاتنە خوارەوەی بەرهەمی پەلەوەزە لە هەولێرو ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئالیك و هێلکە .

کۆنگرەکە گوێی لە گیروگرفتەکە گرت و قسەیەکی زۆری لەسەر کراو پاشان دووبات کرایەوە کە بایەخ بە تەواوکردنی کارگەی ئالیك لە تەنمیم و لە هەولێر بدرێ بۆ ئەوەی بەخێوکارانی پەلەور زۆر بکرێ بە جۆرێ کە پەیوەندی بە پێشخستنی بەرهەمیانەوە هەبێ .

● بەشی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ●

چیرۆکی ـ پاشماوە

ئەگەر ماڵە چووبایەوە ماڵێو لە لای خێزانەکەی بەڵێنی نەخواردنەوەی مەی پێدابان گەلێك جوانتر دەبوو وە بینەر چێژێکی کەی لێوەردەگرت .

سێهەم/ ئەگەر ئاوڕێك بۆ لایەنی هونەری چیرۆکە تەمسیلیەکە بدەینەوە دەبینین :ـ

١ ـ هەژاریەکی تەواوی مۆسیقای وێنەیی (الموسیقی التصویریە) بە چیرۆکەکەوە دیارە بە ئاشکرا بینەر هەستی پێدەکات لە کاتێکدا هەموو دەزانین کە موسیقای وێنەیی ڕۆڵێکی هونەری گەورە دەبینێ لە کاری سینەمایی دا وە فەرامۆش کردنی کەلێن درووستدەکات .

٢ ـ ماکیاج : سەرتاشین و هێشتنەوەی تۆپەڵێك موو بە تەوقی سەری ماڵەوە نەریتێکەو لە ناوچەی گەرمیانی (خوار کەرکوك)دا باوە .. جا من نازانم بۆچی ئەم ماکیاجە (ئارایشت) هەڵبژێرراوە بۆ ماڵە ؟.. خۆ ئەگەر ماڵە خاوەن پرچو سمێڵو ریشێکی درێژو ئاڵۆزاو بوایە زیاتر لەگەڵ سرووشتی ماڵەی ئارەق خۆرو گێل دا ڕێك دەکەوت بەتایبەتی ماڵە کابرایەکی تەمبەڵەو کەمتر فریای خۆ خاوێن کردنەوەو ڕێك و پێکی دەکەوێ .

٣ ـ کۆمبارس : بەدرێژی چیرۆکە تەمسیلیەکە لە ماڵە زیاتر کەس نەبینرا کە بچێ مەی لە «یاقوب» بکڕێ .. بینەر وا هەست دەکات کە یاقوب مەیخانەکەی تەنها بۆ ماڵەی نابووت (مفلس) داناوە .. کە دەبوایە ژمارەیەك ئەکتەر بەشداری (مشهد)ەکانی مەیخانەکەیان (وەك کریاری عارەق) کردبا کە ئەمە باسەکەی زیاتر لە واقیع نزیك دەکردەوە .

چوارەم / جگە لەمانە چەند سەرنجێك لە کەمو کوڕی دەرهێنانی تەمسیلیەکە دەدرێن وەك :

١ ـ نواندنی کەسایەتی «ماڵە» جیاوازیەکی کەمی هەبوو لەگەڵ نواندنی کەسایەتی « ڕەجەب» لە هەبوو نەبوودا پەتایبەتی لە شێوەی ڕۆیشتن و قسەو جوڵاندا (کە هەردوکیان هونەرمەند سعدون یونس دەوریان دەبینێ) .. لە کاتێکدا دەزانین ماڵە کابرایەکی تۆزێك ژیر ترە لە ڕەجەبی گێل و ئەزانو گەمژەڵ وە دەبوایە لە ڕەفتاردا جیا کرابانەوە .

٢ ـ بوونی پێکەنینێکی زۆر لە لایەن ئەکتەرەکانەوە کە ئەم کارە ببوو بە هۆی بێزارکردنی بینەرو کەلك وەرنەگرتنی .

٣ ـ بۆچی ناونیشانی چیرۆکەکە « ماڵەی سەرگردەکە »یە ؟؟

خۆ ئەگەر مەبەست ماڵەی دانیشتووی سەرگرد(تەپۆلکە) بێت ئەوا دەبوایە تەنها بۆ جارێکیش بوایە لەسەر گردێکەوە دەرکەوتبا !!

بەڵام ئەگەر مەبەست لە ووشەی گرد واتای خڕ (یان گۆ) بێت ئەوا ناوونیشانەکە هەڵە دەبێت و لێرەدا ڕاستەکەی دەبێ بگووترێ «ماڵە سەر گردەکە» یان « ماڵە سەر خڕەکە » وە وە لێرەدا پیتی (ی) لە دوای ووشەی (ماڵە)وە زیادەو مانای ڕستەکە دەگۆڕێ .

لە کۆتاییدا ویستیارم کە هەستی وەرگێرو دەرهێنەرو ئەکتەرانم بریندار نەکردبێو ئومێدم وایە هەر بەردەوام بن لە خزمەت کردنی درامای کوردی بۆ بنیاتنانی ڕەسەنایەتی لە هونەری شانۆگەری کوردیداو هیوای سەرکەوتنیان دەخوازم .

ڕۆڵی دایك ـ پاشماوە

خۆیشی بیروڕای سەبارەت مەسەلەکە دەبڕیوەو وای بەباش زانیوە بتوانێت هەردوو شتەکە پێکەوە بگونجێنێت . ئەمەیش ئەوپەڕی ڕاستیە .. چونکە ئافرەت لە لایەکەوە دەتوانێت منداڵەکەی بخاتە دایانگەوەو بەبێ ئۆفر تایم ئیش بکات .. بە مەیش دەتوانێت دوای نیومڕۆ لە کار بگەڕێتەوە ماڵەوەو بایەخ بە کاروباری ماڵ بدات کە منداڵەکەی لە تەندروستی ـ یەکی باشدایە بەبێ ئەوەی چالاکی خۆی بدۆڕێنێت وەك ئەوانەی کە وای بە باش دەزانن کە لە ماڵەوەدا بمێننەوەو بە تەواوەتی خۆیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ تەرخان بکەن .

هۆیەکانی ـ پاشماوە

بکرێتە لەشەوە خڕۆکەی سپەی تێدابێت دەتوانێت ئەو لەبارچوونە بوەستێنێتو منداڵێکی بەتەندروستی یان ببێت .

شی کردنەوەی ئەوەیش ئەوەیە کە خڕۆکەکانی خوێنی منداڵەکە لە خڕۆکەکانی خوێنی دایك دەچێت . لەشی دەتوانێت لەم حاڵەتەدا ئەو شتانە دروست بکات خڕۆکەکان بپارێزێتو ژیان بۆ ئاوەلەمەکە دابین بکات... هەرکە خڕۆکەی سپی تری خوێن بە دایکەکە درا ئەوا ئەوە توانای ئەوەی هەیە ناهاوسەنگی یەکە چاك بکاتەوە بە هۆی ئەم ڕێگایەوەیش ٤٠٪ دایکان دەتوانن منداڵیان ببێت .

چاوپێکەوتن ـ پاشماوە

کردوون بۆ بەرەو ئەوەیان ئاشکرا کرد کە بە هۆی شەڕەکانی شیبەوە شینو شەبۆڕ هەموو ئێرانی گرتبەوە .

ئەم دیلە ئێرانیانە ئەو کلۆڵیو ئەگبەتیە بەچاویانەوە دەبینرا کە گەلانی ئێرانی تیادەژین بە هۆی لووتبەرزیو سەرەڕۆیی فەرمانڕەواکانیانەوە .

ڕژێمی ـ پاشماوە

دەستدرێژیو تاوان کە خومەینی لەسەریەوەیەتی خەڵتانی خوێنبووەو هیچی تری ناوێ بۆدەستەڵات ڕووبەڕووی گەلانی ئێران وەستاوەو لەباریا نیە چارەیە بۆ ئەو ئەگبەتیە بدۆزێتەوە کە گەلانی ئێرانی تیایە لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی تردا کە بۆ ئێرانو گەلانی ئێرانی ساز کردوە .

سوپاس

سوپاسی ئەو خزمەو دۆستانە دەکەم کە زەحمەتی ئەوەیان کێشا لەگەڵ تەرمی خوا لێخۆشبوی کچمدا (بەیان کاکۆ) لەبەغداوە هاتنە شەقلاوە یان بە بروسکە سەرخۆشیان لێ کردین ، هەروەها سوپاسی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی یرموك دەکەم هیواداریس کەسیان توشی ناخۆشی نەبن .

کاکۆ ئیلیا
لە شەقلاوە

سەرکەوتنی ـ پاشماوە

حسن ڕاگەیاند ، هێزەکانی دوژمن شکانو بوونە پەندی زەمانە ، هێزەکانمان گیانی سەروکەوتنیان باڵاتر کردو ئاڵای گەورەی عیراق بەرزتر دەشەکێتەوە .

هەر لەبەردەم کەرتێکی هێزە دلێرەکانماندا توانرا ٣٢٢٠ لاشە کوژراوی دوژمن بژمێردرێ ، بێجگە لە سەدان بەدیل گیراو کە چەندان ئەفسەریان تیابووە گواستراونەتەوە بۆ هیلەکانی دواوەو تانگو چەکو جبەخانەی دوژمن ئەوەی تەفرونوناکرا لەناوبراو زۆری تریش بەساغی دەستیان بەسەر داگیراوە .

ئەوبوو بەیاننامەی ١٠٥٦ی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی ڕای گەیاند کە لە سەعات ١١ی شەوی یەڵشەممە لەسەر دووشەممە هێزە داڵەدەڵەکانی خومەینی جادووگەر هیرشیان کردووە سەر بەشێکی ٣٠ کیلومەتری لە کەرتی میسان ، بەڵام چەنگاوەڕە مەردەکانی عیراق وەك دیواری پۆلاین بەرووبانا وەستانو بەتەواوی هیرشەکەیان شکاند .

هێزە ئاسمانیە ئازاکانمان، لەم شەڕەشدا دەوری مەردانەیان گیراو هەڵمەتی ئازایانەیان بردە سەر مولگاکانی دوژمن و ئاگریان بەردایە تانگو ئالیاتەکانی شەڕی دوژمن و توانیان بەوهەڵمەتانە دەورێکی هیرشە دوژمنایەتیە ئارەواکەی دوژمندا بگێڕن و هەموو فرۆکەکانیشمان بە سەلامەتی گەڕانوەە بنکەکانیان .

ئافرەتو خێزان ـ پاشماوە

دەردەکەوێت .. بەبێ گومان وەکوو پاڵەوانی سێرك دیار دەبێت .. ئەمەیش شتێ سەیر نییە لە لای ئافرەتی ڕۆژئاوا کە مێشکێکی ووشکی هەیە کە لەوەدا خۆی کۆ دەکاتەوە ، دووی هەموو شتێکی نوێو سەیر دەکەوێتو .. با هەموو شتێك هەواڵەی دۆزەخ بێت .

لەدوانێکی ـ پاشماوە

ژیانی ئاشتیخوازانە ڕەتدەکاتەوەو بیرورا ئایینیەکانی لە ئیسلامی ڕاستەقینەوە دوورن .

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە بزووتنەوەی بەرهەلستی کردنی ڕژێمی خومەینی لەناو دەستەڵاتدارێتی خۆیدا لە بەرزبوونەوەدایەو ووتوویەتی کە ٨٠ لە سەدی (آیات‌الله) کانی ئێران دژ بە خومەینیو بیروڕاکانیو ڕێڕەوەکانین کە دژ بە ئامۆژگاریو ڕێنوێنیەکانی ئایینی ئیسلامە .

آیةالله کنجهای کە ئەم دوایی یە توانی لە ئێران هەڵبێتو بچێتە پاریس باسی ئەو لەسێدارەدانو گوشتنو برینی خەڵکی یەی کردووە کە ڕژێمی خومەینی دژ بە پیاوە ئایینیەکان دەیکات لە ناو خودی ڕژێم خۆیدا .

بەم بۆنەشەوە پەنجەی بۆ کوشتنی طالقانی ڕاکێشاوە کە ئەندام بوو لە ئەنجوومەنی پێشڕاندا هەروەها (آیة الله) علی غفوری کە ئەندامی ئەنجوومەنی پێشڕان بووەو لە پەرلەمانیشدا بوو لێی دەرکراوەو ئێستا لەژێر دەستبەسەریدا لە ماڵەوەی خۆیدایە پاش ئەوەی دوو کوڕو کچی زاواکەی کوژراون ئەویش لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنو پەرلەمانیدا بەشداریان نەکردووەو دژبە بیروڕا دواکەوتووەکانی خومەینی بوون .

لە کۆتایی گفتو گۆکەیدا دووپاتی کردووەتەوە کە ئەنجوومەنی بەرهەلستی کاری ئێرانیو بزووتنەوەی بەرهەلستی کردن سوورن لەسەر پەرەپێدانی تێکۆشانیان تا ئەو کاتەی ڕژێمی خۆینینی دواکەوتووی خومەینی لەناو دەبەن .

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە

کە گەلی کوردمان بەشێکی گیانی بە گیانیی گەلی عیراقەو دەوری خۆی لە مەسەلە نیشتمانییەکانو بەرگری کردن لە نیشتمان لە کاتی تەنگانەدا هەبووەو تەماشای لابەڕەکانی مێژووی نیشتمانیمان بکەین دەبینین کوردەکان چەند لاپەڕەی ڕووناکیان تێدا تۆمار کردووە .

چارەنووس‌دا .

دەوری گەلی کوردیشمان لەمەم جەنگەدا هەر سەرەتای لە دەستپێ ـ کردنیەوە بووە لە بەشداری کردن لە ڕیزەکانی سوپاداو مەیدانەکانی جەنگدا ـو لە پاراستنی بەرەی ناوخۆ ، کە ژمارەی جەنگاوەرانی سوپای میللی گەیشتووەتە (٤٠) هەزار جەنگاوەری کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا .

هێزە رامیاریەکوردەکان ، ئەوانیش بەشداریان کردووە بە ناردنی لایەنگرەکانیان لە سوپای میللی‌دا بۆ بەرەکانی جەنگ ، ئەوەبوو ژمارەیەکی ئەوتۆ لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشترین تێکۆشەرەکانی لە سەرووشیانەوە سکرتێری حزبو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو لیژنەی ناوەندی خۆیان ناونووس کرد بۆ ئەم جەنگە سەرەڕای پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کە ئەویش تێکۆشەرەکانی لە ڕیزی سوپای میللی‌دا بەشداریان کردووە .

لەم جەنگەشدا چەندین ڕۆڵەی کوردی لە لایەن سەرۆکی فەرماندەوە صدام حسین مەدالیای نازایەتی‌یان پێدراوە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی بیست کەس کە سێ کەس لەوانە مەدەنین. سەرەڕای چەندین ئەفسەرو سەربازی تر .

لە لایەنی ڕۆشنبیریشەوە ئەوا ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانو ئەمیندارێتی‌ی گشتی‌ی ڕۆشنبیریو لاوان لە ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنداو دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری‌ی کوردیو ڕۆژنامەی عیراق هەموویان لە چوارچێوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە

سەرکەوتنی ـ پاشماوە

هەر کە ئەوەی کە بە زمانی کوردی دەردەچن بەشداریان لە قادسیەی صدام‌دا کردووەو گیانی سەرکەوتنیان لە دەروونی جەماوەری کورددا قووڵتر کردووە .

دەقی باسەکە کە ژمارەی داهاتودا بڵاو دەکەینەوە .

ڕۆژی ئاوەڕۆ

ئەگەر نەیکەین خوا ئەمان گرێ] .... کەواتە ، ئەم شەڕە زۆرانبازی‌یە لە نێوان حەقو ناحەقدا ، لەنێوان مرۆڤو ژیانو بیناکاری لێرە لە عیراقو دڕندەو ڕەگەزپەرستو سەگی هاری شەرخوازی دژ بە حەقو مرۆڤایەتی‌و ژیان لەولا لەئێران ، چییان دەوێ ، بڵێین فەرموون ئەوەی بیناماناکردوە وەرن بیروخێنن‌و خوێنەکەی بکەن بەدەم شەیتانە نەفامو جادووگەرە ـ کەتانا کە خومەینی خەڵەفاوی ناپیاوو دڕندەیە ؟! دەی نەیخۆن !! گۆڕ هەڵکەندن لەسەر ئێمەو بەنافامیتان خۆ ئێهاویشتن لەسەر ئێوە ، تافێری ئەوە دەبن ئێدەگەن سنووری عیراق ئەرز نیە ، بەقەدەر ئەوەی بالایەکە لەسەربەرزی‌و مەردایەتی ڕۆژی ڕووناکە بۆ مرۆڤو دۆزەخە بۆ دڕندەکان. ئێمە تەنیا بەرگری لە شتێکی تەقلیدی ناکەین ناوی سنووری دەوڵەتی‌یە ، ئێمە بەرگری لە ژیان دەکەین بەقەدەر مانای پیرۆزی ژیانو لەپێناوی ئەومدا دەمرین ئەو ژیانە ڕووناك تر بێ بۆ ئەوەی داهاتوومان، لەبەر ئەوە دەبینی ئەوان هەر دەشکێنو ئێمە هەر سەردەکەوین ، چونکە مانای بەویژدانی ژیان بەو پیرۆزی‌و ڕووناکیەوە کەعیراقی تێی دەگا ناکرێ بشکێو ناشکی ، ئەوەی دەبێ بشکیو بەراستیش شکاوە مانای پێچەوانەیە ، کەمانای دڕندەیی‌و دژ بەمرۆڤایەتی‌و دژ بە شەرەفمەندی‌و خۆشەویستی‌و سەربەرزی‌یە ، یەکەمیان لەعیراق بەرەو ڕۆژ سەربەرز سەر دەکەوێ ، دووەمیان لەئێران هەر لەناو زەلکاوی نامەردیا نوقم دەبێ . ئەو سەگە هارانە هەر پێ بنێنە ئەم دیوو سنوور ، زەردەخەنەی منداڵەکانمان دەزن ، شەرەفی ئافرەتەکانمان دەدزن‌و پیاوەکانمان سەر دەبڕن ، ئەوانە دڕندەن ، کوردو عەرەبو تورکمان دەکەن بە بەندەی فارسی ، چونکە خومەینی‌و سەگەکانی فارسن لەبەر ئەوە لەژێر عەمامەکانیانا ناوی تر نیە سەگی وەك خۆیان نەبێ ، هەموو شتێکی چەپەڵن بەڵام مروف نین، هەموو ئاینو باوڕێکی نامەردانەیان هەیە باوەرو ئاینی سەر بە ئاسمانو مرۆڤایەتی نەبێ ، لەبەر ئەوە ئەو دەستانە خۆشبن لەسەر سنوور گۆڕی کردن ، ئەو دەستانە ئەوانەن خاوەنەکانیان بەرەو ڕۆژ دەرواتن صدام حسین فێری کردوون بەرەو ڕۆژ بڕواتن ، ئەوانەی گۆڕ کران ئەوانەن بەرەو خوار بۆ زەلکاو دەڕوانن ، خومەینی ڕشاوەتەوە بەدەمیانا فێری کردون بۆ زەلکاو بڕوانن ، نوقم بونیان لە دوزەخی سنووردا پیرۆزبێ سەری بەرزمان بەرەو ڕۆژی ڕووناك پیرۆزبێو بۆ بتشەوە .

ژ چالاکێین ـ پاشماوە

لدوماهیا پێشانگەهای خۆ برادەر (عبدالرحمن وحید) ی نەکرە نە مەردی زوربەیا کەڤالێن خۆ کرنە دیاری بۆ گەلەك لایا وەك پارێزگەها دهوکێ ، تایبێ حزبێ لدهوکێ ، دەزگا روشەبیری وبەلافکرنا کوردی ، نووسینگەها دهوکێ ،گەلەك هونەرمەند وتورەڤان وهەڤال وتەفگەرێن پارێزگەهێ . لدوماهیێ ئەم دێ بێژین کو هەر دەم دێ خزمەت گۆزارپا هەر هونەرمەندو تورەڤانەکێ دلسوز وکێرهاتی کەین درێکا هاژوتنا کاروانێ روشەبیریا کوردی وسەرکەتنا وەلاتی .

رمضان عیسی
نووسینگەی دهوك

● سەرنج ●

بەهەڵە لەسەر ژمارەی رابووردو ژمارەی ٦٨٣ نووسراوە ببورنو تکایە ژمارەکەبکەنبە ٦٨٢ و .. سوپاس .

Institut Kurde de Paris

دوای تێکشکاندنی ئەم‌دوایەی دەستدرێژیەکەیان

ئایا ئاخوندەکانی ئێران تەمەن دەبن ؟

مصلح جەلالی

● هێرشی ئەم‌دوای‌بەی رژێمی بێ‌مێشکی ئێران بۆسەر میسان ٠٠ واتە بۆسەر سنووری عیراقی خۆشەویستمان وەنەبێ ئەمە یەکەم هێرشی وابەتێکشکاوی‌و سەرنەکەوتن بگەڕێنەوە ٠٠ بگرە ئەمە چەندان هێرشیان کردە سەر سنوورەکانی عیراق‌و لەگەڵ شوێنەوە بەڵام دیسان لەلایەن سووپای دلێری عیراقەوە دەستی پۆلایینیان لێ‌وەشێنراو بە بەزیوی رایان کردەوە ناو خاکی ئێران ٠

ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە ئەبێ خومەینی‌و مەلاکانی قوم‌و تاران تا چ رادەیەك بێ‌مێشك‌و نەزان بن کە بەم تێکشکانەیان تەمێ نابن‌و دەرس وەرناگرن لەوەی کەتووشیان دێ ٠

کاربەدەستانی رژێمی نەزانی ئێران ئەبوایە هەر لەیەکەم رۆژەوە بەپیر ئەو هێزە خێرخوازانەوە بچووایە کە تەقەللای وەستاندنی شەڕی نێوان عیراق‌و ئێرانیاندا ٠٠ چونکە میللەتی عیراق لەژێریەك دەواردا یەك گرتوو بەبیرو باوەڕیکەوە دەژی کە بیروباوەری شۆڕشی ١٧-٣٠ی پیرۆزی تەموزەو سەرەکی وەکو صدام حسین رابەرایەتی دەکات کە راپەڕینەرو سەرخەری ئەم شۆرشە مەزنەیە ٠

بەڵام گەلانی ئێران دژی ئەو رژێمە نەزانە دەستیان داوە تە چەلیو هێزی بەرهەڵستکارانی ئەو رژێمە لەشارو دیهاتەکاندا خەباتی چەکدارانە دژی ئەو رژێمە دەکەن‌و هەموو کەسێ لەئێراندا دەزانی کە ئەو شەڕەی مەلاکانی ئێران بەسەر عیراقیاندا سەپاندویانە ناردوایەو شەری گەلانی ئێران نیەو لە قازانجی ئێران نیەو لەریزی سوپای ئێراندا بەدەیان ئەفسەری گەورەو بەهەزاران سەرباز دەزانن کەئەم شەڕەی دەیکەن تەنیا بۆراگرتن‌و قازانجی مەلاکانی قوم‌و تارانە ٠

جاکە رژێمێك ئەوەندەبێ مێشك‌و نەزان‌و داخ لەدل‌بێ‌و لەم راستیانە نەگات‌و هەر لەسەر تەقەکەبازی‌و درۆو دەلەسە بڕی ٠٠ چۆن بەپیر هێزە خێرخوازەکانەوەدێ بۆ وەستاندنی شەڕو ئاشتی لەناوچەکەدا بەرپا دەکەن ؟٠

جیهانی رەنگاورەنگ

دیلۆن سووری حەوتحەوت گرە

ئالەن دیلۆن دەیەوێ لە هەموو لایەکی پیشەکەیا وەستا بێ ٠٠ پاش ئەوەی هەر ئەکتەربوو ئیستە خەریکی دەرهێنانی فلیمەکانیشیەتی ٠

ئیستا چۆنکە خۆی خاوەنی بەرهەمەکانیەتی بە ئارەزووی خۆی دەورەکان هەڵدەبژێرێ‌و چونکە خۆیشی فلیمەکانی دەردەهێنی ئەوەی ئەوسا بە دەرهێنەری دەدا ئیستە دەیخاتە باخەڵی خۆیە ٠٠

خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش ٠

پێکەنینی سەوز

«ئامەوێ بیمە ئەستێرەی‌هەڵفریواندن » ؟

بەم جۆرە کیژە ئەکتەری‌ئەمەریکایی لاو پامێلا سو مارتن بە ڕوونی‌و بێ‌چەن‌وچوون قسەدەکا لەو کاتەوە کە ناوبانگی دەرکردوە پاش ئەوەی یەکێ لە دەورەکانی زنجیرەی« دیناسینی » گێڕا کە بۆ تەلەفزیۆن ئامادەکرابوو ٠

دەواچیتوەی ئاهەنگەکانی هەفتەی قادسیەی صدام

کۆبێکی شانۆیی لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

● دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی نووسینگەی هەولێر کۆڕێکی شانۆیی بۆ هونەرمەندی (« صباح عبدالرحمن »ڕێکخست ٠٠٠ بە ناوی « ئاوڕدانەوەیەك لە تاقی‌کردنەوەی شانۆیم » ٠

لە پێشی‌دا کاك عبدالوهاب تاڵەبانی کوڕەکەی بە چەند وتەیەك کردەوەو تیایدا بەخێرهاتنی دانیشتوانی کردو ووتی :-

بێ‌گومان ئەمە کۆڕی یەکەم‌و دواکۆڕ نیە کە دەزگاکەمان لە چواچێوەی ئامانجە ڕۆشنبیریەکانی دەیبەستێت ٠٠ بە دڵێکی فراوانەوە داوا لە هەموو ڕۆشنبیرو هونەرمەندان دەکەین کە بەشداریمان بکەن لە بەستنی کۆڕی سوودبەخشانە کە بیێتە بەردی بناغەی چەسپاندنی ڕۆشنبیری کوردی ٠٠

ئینجا کاك صباح عبدالرحمن دەستی کرد بە خوێندنەوەی باسەکەی تیایدا باسی تاقی‌کردنەوەی ژیانی شانۆیی خۆی‌کرد ، هەر لەو کاتانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٥٩و بە سەرەوەتر کە شانۆگەریان لەگەڵ هونەرمەند (صفوت جراح) لەهەولێر پێشکەش‌کردووەتا دەگاتە ئەو کاتانەی کە قوتابی بووە لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغداو بەشداری‌کردنی لە چەند شانۆگەری‌یەك بە زمانی عەرەبی‌و ئینجا گەڕانەوەی بۆ هەولێرو پێك‌وەنانی «تیپی هونەری هەولێر»و پێش‌کەش‌کردنی شانۆگەری « فالچی‌و مارەیی‌و مەسەلەی شەرەف‌و مەسەلەی شارێك‌و چڵپاوو هەبوو نەبووو لاس‌و خەزاڵ » ٠٠

سەرەڕای لێ‌دوانی لە چەند مەسەلەیەکی شانۆیی‌و هێنانەکایەی چەند ئەکتەرێك کە هەتا ئێستاکەش بەردەوامن لەسەر شانۆی کوردی ٠٠٠٠ ئینجا دەربارەی پێش‌خستنی ئەمڕۆی شانۆی کوردی ئەرکی سەرەکی ئەم مەسەلەیە٠٠٠ لە دواجاردا گەلێك پرسیار لە لایەن دانیشتوانەوە ئاراستەی هونەرمەند صباح عبدالرحمن کرا کە هەموویان لایەنی چاکیان دەخستە روو بۆ ئەوەی شانۆی کوردی دەولەمەندبێ ٠٠٠

نوسینگەی هەولێر

پێشانگایەك بۆ قازانجی جەنگی ڕەوامان

نوسینگەی هەولێر

لە چوارچێوەی جەوجۆڵەکانی حەوتی نیسان‌و هەفتەی قادسیەی صدام‌و بۆ پشتیوانی جەنگی ڕەوامان دژی تاقمە نەزانەکەی ڕژێمی‌تاران ، بەڕێز جەمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان پیشانگایەکی تایبەتی‌کردەوە کە ئافرەتە کرێکارەکانی هەولێر ڕێکیان‌خستو تیایدا بەڕێزان ئەمیدارەکانی ناوچەی کوردستان ئامادەی کردنەوەی بوون‌و خوشکە(قدریە عباس) لێ‌پرسراوی پیشانگاکە ووتی :

ڕۆڵی ئافرەتان لە خزمەتی جەنگی مێژووییمان کەمتر نەبووە لە بەشداری کردنی پیاوان ، بەوەی کە ئافرەتاتمان چەندان نموونەی قوربانی دانیان بۆ پشتیوانی ئەم جەنگە پێش‌کەشی کردووە ٠

هەروەها خوشکە قدریە ووتی :

ئەم پیشانگایە بریتی‌یە لە بەرهەمی زیاتر لە بیست ئافرەتی کرێکار لە حەوت نەقابەو بەرهەمەکانیشی جل‌وبەرگی رازاوەی منداڵان‌و ئافرەت‌و پیاوان دەگرێتەوەو سەراپای قازانجی بۆ سوودی جەنگی ڕەوامانە ٠

دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە نموونەی بەرهەمی رازاوەیان لەم پیشانگایەدا هەیە بریتین لە خوشکە یولیا لە بەرێوەبەرایەتی لاوانی هەولێرو خوشکە نسرین محمد لە کارگەی برایەتی‌و عایدە داود لە نەقابەی کرێکارانی هەولێر ٠

بێ‌گومان وانەبێ کرێکاران بەوە وەستابن ، بەڵکو بەردەوامن لە گەلێك جموجۆڵی‌تر لەوانە سەردانی کەس‌وکاری شەهیدان‌و خوێن بەخشین‌و بەشداری کردنی ئافرەتانمان لە دوو پیشانگا یەکەمیان لە میهرەجانی هەرێمایەتی‌و پیشانگایەکی تر کە لە هەولێر کرایەوەو لەم بەرهەمانەدا گەلێك خامەی ڕەنگین بەرچاو خستراوە ٠



● ئەو ڕەنگانەی دەیلێیت چین ؟!

- من گۆرانی دەڵێم ٠ ٠ بەڵام مەقامم لەلا زۆر خۆشە چونکە لەگەڵ دەنگەمدا دەگونجێت‌و دەتوانم بە شێوەی کوردی‌و عەرەبی گۆرانی بڵێم‌و هەموو دەنگێك دروست‌بکەم ٠

● ئەو ئاهەنگانەی بەشداریت تێداکردوون ؟

- ئەوەی ڕاستی بێت ، لە ساڵی ١٩٨٢دا ، لە جەژنی قوتابیانی عیراقدا بەشداریم‌کردووەو مەقام‌و گۆرانیم ووتووە ، ئەویش لەو ئاهەنگەی کە لە شاری (سەعدیە)دا سازدرا ٠

● دووا ووتەت چی‌یە ؟

- بەهیوای ئەوەم ڕۆژێك لە ڕۆژان پتر ئاشنای گۆرانی‌ی کوردی ببم‌و بتوانم لەم ڕێگەیەدا خزمەتێکی ئەوتۆ بە گەلەکەم بکەم ٠

● جلال عبدالکریم ●
ئامادەی کردووە

بەهەمیەی ئۆی

چوومە ناو بازاڕەقەشەنگەکەی شاری خانەقینەوە ، خەڵکی شارەکە بە ئیش‌وکاری خۆیانەوە خەریك‌بوون‌و ، لەولاوەیش دەنگی تۆپ‌و تەقە دەهاتە گوێ، کە سەربازەکانی ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست ئەم شارەیان‌دەدایە بەر تۆپخانە ، بەڵام خەڵکی شارەکە گوێیان‌پێ‌نەدەدا ، ئێمەیش لە بازاڕدا ، لە دوکانێکی کووتال فرۆشتن‌دا چاومان بە قوتابیەکی تازەپێگەیشتوو کەوت کە لەبەر خۆیەوە گۆرانی‌و مەقامی کوردی‌و عەرەبی‌ی دەووتەوە، داوامان لێ‌کرد خۆی بە خوێنەران بناسێنێت :

- ناوم (زهیر سیف‌الله)یە، لە ساڵی ١٩٦٢دا لە شارە قەشەنگەکەی خانەقین هاتوومەتە دنیاوەو ، لەم شارەدا خوێندوومەو ئیستا لە پۆلی سێی قوتابخانەی ئامادەیی خانەقین دەخوێنم ٠

● ئەی ئەم دەنگە خۆشەت لە کەیەکەوە بە خەڵکی ئەم شارە ناساندووە؟

- لەو ئاهەنگەو بۆنەیانەدا ، کە هەموو ساڵێك لە شارەکەدا لەلایەن قوتابخانەکانەوە سازدەدرێن، گۆرانیم ووتووەو خەڵکی شار ئاشنای دەنگم بوون ٠

مناڵانی هەولێر گۆرانی بۆ شۆڕش دەڵێن

لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی٧ی نیسان‌و هەفتەی قادسیەی صدام‌و نەورۆزو ئاڵا ، بەڕێوەبەرایەتی چاڵاکی قوتابخانەکان لە شاری‌هەولێردا ئاهەنگێکی رازاوەی بۆ باخچەی ساوایان‌وقوتابخانەکانی ناوەندی سازکرد ٠ لە سەرەتاداووتەیەك بە ناوی بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێرخوێنرایەوەو تیایدا مامۆستا موفق عزیز ووتی :

لەم رۆژەدا زۆر بیرەوەری مەزن تێکەڵ دەبێ‌و شانازی‌یە ئەم نەوەیش شانازی بە سەرکردایەتی‌و رۆڵە نەبەزەکەی تێکۆشەر صدام حسین بکات‌و گۆرانی وەفاداری بۆ بڵێت ٠

ئەنجا بەڕێز رازگری حیزبی بەعسی عەرەبی عەرەبی سۆشیالستی ووتەیەکی خوێندەوەو تیایدا پەنجەی بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورانە درێژکرد کە وولاتمان بە کوردو عەرەبەوە لە بەرەکانی جەنگدا بەدەستی هێناوە ٠

هەروەها خۆشحالی خۆی بەرامبەر بە بەشداربوونی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دەربری لە جەنگی قادسیەی صدام‌و هەفتەی قادسیەی صدام کە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پێشوازی لێ‌دەکرێ ٠

ئەنجا بە چاودێری بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر دەست‌کرا بە پێش‌کەش‌کردنی چەندان گۆرانی‌و شانۆگەری کە هونەرمەندان رەنجبەر حسن‌و وریا ئەحمەدو شێرزاد انورو طلعت عارف‌و هونەرمەندان صباح عبدالرحمن‌و تحسین علی‌و هاشم زینەل ئامادەی پێش‌کەشیان کرد ، سەرباری چەندان کۆپلەی شیعری‌و گۆرانی‌و سرودی نەتەوایەتی ٠

جریوەی شادی

« عوسمان هەورامی »

خەی ! چۆلەکەی بەیانی
شادمی هێنەری ، جوانی ،
هاودەمی ئاسۆی ڕوونی
جریوەی بەختیاری‌و بوونی ،
سۆزی دیدەی گزنگی
ئاوەڵی گیان‌و هەستی
نازدارو خۆشەویستی ، ...
دەی بە کوڵ بۆم بخوێنە
مژدەی ژینی نوێ بێنە ،
هەزارانی وەکو من
بخەرە ڕۆژی ڕۆشن ،
تۆ بخوێنە بۆ بەیان
منیش بۆ دواڕۆژی جوان

بڕیار عباس

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » / مەیدانی « الخلانی »
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥
پینج خەت

Institut kurde de Paris

ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● بابه‌تی ئه‌ده‌بو ڕۆشنبیری ل٣و٦ .
● له‌لاپه‌ره‌ی ٧دا ووتاری به‌ڵێی بیری سه‌ربه‌ست نه‌ك بازرگانی بخوێنه‌ره‌وه .

● پێنج شه‌مه‌ ١٩٨٣/٤/٢١ ژماره ٦٨٤ ● ٨ لاپه‌ره ● به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٤/٢١ العدد ٦٨٤ ●

سه‌ره‌کی فه‌رمانده له کۆنگره‌ی میللی ئیسلامی دووپاتی ده‌کاته‌وه

له‌ گه‌ڵ ناله‌باری هه‌ڵوێستدا خۆمان گرت و به‌پێی بیر و باوه‌ڕجوڵاینه‌وه

سه‌رۆك صدام حسین وتی سه‌رکه‌وتن نابێ وامان لێ بکا له ڕێ لاده‌ین و توانای ڕه‌وا نابێ وامان لێ بکا خۆمان لێ‌بگوڕێ و ئه‌گه‌ر مانگێ پێشتر بگه‌ینه‌ ئاشتی باشتره .

هه‌روه‌ها له دانیشتنی به‌یانیانه‌ی کۆنگره‌ی میللی ئیسلامیدا که ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابووردوو له هۆڵی کۆنفرانسدا به‌ستراو سه‌ره‌کی فه‌رمانده ئامادەی‌بوو سه‌رۆك وتی له‌گه‌ڵ ناله‌باری هه‌ڵوێستو کردەوەدا ئێمه هه‌ر له‌سه‌رخۆ بووین و به‌پێی ئه‌و بیروباوه‌ڕانه‌مان جووڵاینه‌وه که بڕوامان پێیانه‌و ڕێزی لێ ده‌گرین و هیچ جۆره خراپه‌یه‌کمان به‌رامبه‌ر دیلێ یا منداڵێ یا ئافره‌تێ نه‌کرد .

سه‌ره‌کی فه‌رمانده له وتاره‌که‌یدا ئه‌وه‌یشی ده‌سنیشان‌کرد عیراق هیچ شتێکی وای لا نیه داپۆشیبێ یا ناڕاسته‌بێ و بترسێ له‌وه‌ی ئاشکرا ببێ یا ده‌رکه‌وێ به پێچه‌وانه‌وه عیراق ده‌یه‌وێ ئاسوودەبێ و ئاشتی ده‌وێ و لامان وا نیه ئه‌و موسوڵمانانه‌ی له‌م شوێنه‌دا کۆبوونه‌ته‌وه یا له شوێنێکی تردا نایانه‌وێ عیراق ئاسوودە بێ .

ئه‌مه‌یش ده‌قی وتاره‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌یه :

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

برایانی خۆشه‌ویست ..

به‌وپه‌ڕ خۆشی‌یه‌وه به‌غدا باوه‌شتان بۆ ده‌کاته‌وه به‌و ئیعتیباره‌ی زاناو ئیمام و برای چاکن له چه‌نده‌ها لای جیهانه‌وه هاتوون بۆ به‌غدا بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وه بڵێن که لاتان وایه سوودبه‌خش و به‌که‌ڵك و هه‌قه .. به‌خێر بین و خۆش‌هاتن .

حه‌زم ده‌کرد پێش ئه‌مڕۆ بێمه کۆنگره‌که‌تانه‌وه به‌ڵام وا دیاره برایان له ئێران کاتی هێرشه‌که‌یان وا ڕه‌خساندوه له‌گه‌ڵ کاتی کۆنگره‌که‌تانا بێ .. ئێوه بارودۆخی شه‌ڕ ده‌زانن کاتێ که پیاوان خوێنی پاکی خۆیان به‌خته‌ده‌که‌ن بۆ پاراستنی شه‌ره‌ف و خاکیان پێویسته له ناویانا بین .. به‌م جۆره ئامادەبوونمان دواکه‌وت له‌وه‌ی له‌ناوتانا بین و گوێ له‌وه بگرین که ده‌ڵێن و ئه‌وه‌تان پێ ڕابگه‌یه‌نین که لامان وایه باشه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدا برای جێگر عزة ابراهیم جێی ئێمه‌ی گرت له‌و وتاره‌یدا که گوێتان لێ‌بوو که بڕێنیه له ڕای ئێمه‌و ڕای سه‌رکردایه‌تی و حکوومه‌تو به‌ڵکو گه‌لیش له عیراقدا .

ئاگاداربووم له‌وه‌ی بڕیاری ئه‌وه‌تان داوه ده‌عوه‌تی زانایانی ئێران بکه‌ن .. باشتان‌کرد به‌پێی واجبی شه‌رعی کاتێ که بارودۆخ بلوێ پێویسته موسوڵمانان گوێ له هه‌ردوو لا بگرن بۆ ئه‌وه‌ی بزانن ڕاست له کوێ‌یه‌و ڕاستی له کوێدایه به نیسبه‌ت ئێمه‌وه ئێمه هیچ دژایه‌تی‌یه‌کمان نیه به‌رامبه‌ر هه‌ر بیرێکی ماقوڵ و نیسلامی و ئاده‌میزادانه‌و ئێمه لامان وایه ئه‌م بڕیاره‌تان هه‌موو ئه‌و مانایانه‌ی تیایه که باسمان کردن .. ماقوڵی‌ی ئیسلامی و .. ئاده‌میزایه‌تی و هه‌رچه‌نده ئێمه له کاتی شه‌ڕداین و ڕه‌نگه ئه‌مه پێچه‌وانه‌ی ئه‌و پێوانه جیهانی‌یانه بێ به‌ڵام پێچه‌وانه‌ی پێوانه ئیسلامی و عه‌ره‌بی‌یه‌کان نیه و کاتێ که ده‌ڵێین ئێمه ئاماده‌ین ڕازی ببین و هه‌تاوه‌کو میوانداری خومه‌ینیش خۆی بکه‌ین که بێ بۆ ئه‌م شوێنه وه‌ك چۆن ئه‌م گه‌له له‌سه‌ر ئه‌م خاکه ١٤ ساڵ میوانداری‌ی کرد چونکه ڕه‌نگه ئه‌گه‌ر جارێکی تر میوانداری‌ی بکرێ میوانداری‌یه‌که‌ی یه‌که‌م جاری بێنیته‌وه یادو هه‌ڵی چاکی و ئاشتی و خۆشه‌ویستی بخاته به‌رده‌م هه‌موان و ڕه‌نگه له‌مه‌یش زیاتر و ڕه‌نگه به پێچه‌وانه‌ی هه‌موو ئه‌و پێوانه جیهانی‌یانه‌ی که پێڕه‌وی‌یان پێ ده‌کرێ له‌ناو ده‌وڵه‌تان و به پێچه‌وانه‌ی به‌رپرسیاری‌ی ده‌وڵه‌تان و فه‌رمانڕه‌وایان له ده‌وڵه‌تاندا .. ده‌ڵێم له پێشه‌وه ئێمه ڕازین به‌هه‌ر شتێ له‌م کۆنگره‌یه‌دا بڕیاری له‌سه‌ر بده‌ن و هه‌ر له ئیسته‌وه ئێمه له باڵاترین ده‌سته‌ڵاته‌وه له ده‌وڵه‌تدا ڕازین له‌گه‌ڵ داوای لێ‌بووردنما له گه‌ڵی عیراق و زانایانی قانوونی نێوده‌وڵه‌تان و ئه‌وانه‌ی له سیاسه‌ت و قانوندا ئیش ده‌که‌ن ، چونکه ڕه‌نگه ئه‌وان ڕه‌خنه له صدام حسین بگرن و بڵێن چۆن دروسته سه‌ره‌کی ده‌وڵه‌تێك له پێشه‌وه بڕیاری ڕازی‌بوون بدا له‌سه‌ر شتێ نه‌یخوێندبێته‌وه و نه‌ی‌بینی‌بێ و نه‌یزانیبێ . له‌سه‌ر ئه‌مه ده‌ڵێم ئه‌م ده‌سته هه‌ڵبژارده‌یه له پیاوچاکانی موسوڵمانان که له هه‌موو لایه‌کی زه‌وی‌یه‌وه هاتوون ئه‌گه‌ر ڕێك که‌وتن له‌سه‌ر ڕایه‌ك ئه‌وه ڕای ڕاسته ئه‌گه‌ر ئێمه‌یش ڕایه‌کی جیاوازمان هه‌بێ لامان وانیه ڕایه‌که‌مان ڕاستتره له ڕای ئه‌م هه‌موو ده‌سته‌یه .. ئه‌گه‌ر هه‌ر

بڕوانه ل : ٧

به دوای ئه‌و سه‌رکه‌وتنه‌مه‌زنه‌دا که سوپای قاره‌مانمان له ١٠-١٧ی نیسان له‌که‌رتی میسان به‌دی‌ی هێناو له ئه‌نجامی‌دا هێزه‌شه‌ڕخوازه‌کانی دوژمنی ڕه‌گه‌زپه‌رست ته‌فرو توونا کران ، سه‌رکرده‌و رابه‌ری ڕه‌وتی سه‌رکه‌وتوومان سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ئێواره‌ی ١٧ی نیسانی ١٩٨٣ مه‌دالیای نازایه‌تی‌ی به سێ سه‌رکرده‌ی مه‌یدانی به‌خشی ، له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك له‌و جه‌نگاوه‌ره نموونه‌یی‌یانه‌ی به پاڵه‌وانێتی جه‌نگان و ده‌وری دیاریان له‌م سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌دا هه‌بوو ، به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده به‌م بۆنه‌یه‌وه ووته‌یه‌کی به‌نرخی ئاڕاسته کرد ، ده‌قه‌که‌ی له‌لاپه‌ره دووی ئه‌م ژماره‌یه‌دا بخوێنه‌وه .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش
ڕازی‌یه به بڕیاره‌که‌ی کۆنگره‌ی میللی ئیسلامی

عیراق ئاماده‌یه شه‌ڕ ڕاوه‌ستێنێ هه‌رکه ئێران ڕازی بێ

قسه‌که‌ڕێك به‌ناوی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕشه‌وه ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ی بڵاوکرده‌وه .

به ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی‌شۆڕش ئه‌مڕۆ پێنجی ڕه‌جه‌بی ١٤٠٣ی کۆچی ڕێکه‌وتی هه‌ژده‌ی نیسانی ١٩٨٣ کۆبوونه‌وه‌یه‌کی کرد بۆڵێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌و بڕیاره‌ی که کۆنگره‌ی میللی ئیسلامی که‌له به‌غدادا به‌سترا ده‌ری‌کرد و تیایا داوای له سه‌رکردایه‌تی‌عیراق و ئێران کرد بۆ ئه‌وه‌ی خێرا شه‌ڕ ڕاوه‌ستێنن و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ سنووری نێو ده‌وڵه‌تانی خۆیان .

بۆ دووپات‌کردنه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی که سه‌رۆك صدام حسین سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش له وتاره‌که‌یدا له‌به‌رده‌م کۆنگره‌دا وتی له ڕۆژی سێ‌ی ڕه‌جه‌بی ١٤٠٣ی کۆچیدا که ڕێکه‌وتی ١٦-٤-١٩٨٣ بوو له‌باره‌ی ڕازی‌بوونی عیراق له پێشه‌وه به هه‌موو شتێ که کۆنگره بڕیاری له‌سه‌ربدا ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری دا ڕازی ببێ به‌و بڕیاره‌ی که کۆنگره‌ی میللی ئیسلامی ده‌ری‌کرده‌و ئاماده‌یی عیراقی پیشان‌دا بۆ جێ‌به‌جێ‌کردنی ئه‌وبڕیاره هه‌ر که حکوومه‌تی ئێران ئه‌وه‌ی بڵاوکرده‌وه که به‌و بڕیاره ڕازی‌یه .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش شانازی‌ی خۆی دووباره‌کرده‌وه به‌و کۆششه چاکه‌ی که به‌شداره‌کانی کۆنگره‌ی میللی ئیسلامی کردیان و به خۆشی پێشوازی هه‌موو ئه‌و بڕیارانه ده‌کا که کۆنگره‌که ده‌ری‌کردوون و ئاماده‌یی عیراقی پیشاندا بۆ جێ‌به‌جێ کردنیان .

هه‌روه‌ها ئاماده‌یی ته‌واوی عیراقی دووپات‌کرده‌وه بۆ هاوکاری‌کردن له‌گه‌ڵ لیژنه‌ی له‌سه‌ر ڕێشتن و لیژنه‌ی ئاشتی و ڕێککه‌وتن که کۆنگره‌که دروستی‌کردوون بۆ جێ‌جێ‌کردنی بڕیاره‌کانی .

زیانی دوژمن له داستانه‌کانی طیب وفه‌که‌دا ١٤٩٨٢ کوژراو بووه

قسه‌که‌ڕێکی سوپایی‌ئێواره‌ی دووشه‌مه‌ی ڕابوردو ڕایگه‌یاند که‌زیانه‌کانی دوژمن له جه‌نگه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی میسان له ماوه‌ی ١٠ - ١٧ی ئه‌م مانگه‌دا که‌بشته چاوارده هه‌زارو ٩٨٢ کوژراوو ژماره‌یه‌کی زۆری برینوارو سه‌دان دیل .

هه‌مان قسه‌که‌ر دووپاتی‌کرده‌وه که له هه‌مان ماوه‌دا ٤١ تانك و ٣٢ نه‌فه‌ربه‌ری زریڵی و ٤٠ ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆرو نۆ تۆپخانه تێك‌شکێنراون سه‌ره‌ای ده‌ستگرتن به سه‌رچه‌ندین چه‌کی سووك و مام ناوه‌ندی‌و ئامێری سوپایی‌که هه‌موویان بۆ به کارهێنان ده‌شێن ، ئه‌مه‌یش ده‌قی‌قسه‌ی قسه‌که‌ره سوپایی‌یه‌که‌یه .

به ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

ئه‌ی گه‌لی مه‌زنی عیراق .. ئه‌ی پاڵاوانان له هێزه چه‌کداره‌کانماندا .. ئه‌ی ڕۆڵه‌کانی ئه‌ته‌وه‌ی ئه‌به‌ردی عه‌ره‌ب .. باش ئه‌وه‌ی ده‌ستودێژی‌کره داگیرکاره‌کان شکان و به دۆڕاوی ڕایان‌کردو لاشه‌ی کوژراوه‌کانیان و چه‌که‌و ئازووقه‌کانیان له ناو دۆڵو به‌رزایی‌یه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی میسانیان پڕکرد کاتێك زاتی ئه‌وه‌یان هاته‌به‌رو ده‌ستدێژی‌یان کرده سه‌ر به‌و هێرشه‌یان بۆ سه‌ر پارچه پاڵه‌وانه‌کانمان له شه‌وی ١٠ - ١١ نیسان ئه‌وه‌بوو که ڕۆڵه ئه‌به‌رده‌کانی عیراق ڕووبه‌ڕوویان وه‌ستان و دوو داستانی مه‌زنیان له جه‌نگی طیب له که‌رتی هێزه‌کانی ئه‌صرو داستانی فه‌که‌که له که‌رتی هێزه‌کانی ئه‌بی عوبه‌یده‌دا نواند تێیدا عیراقی‌یه‌کان شۆڕه‌سواری پاڵه‌وان بوون به‌رگری‌یان له نیشتمان و سه‌ربه‌رزی‌و شته پیرۆزه‌کانی خۆیان ده‌کردو ده‌رسی نوێ یان به دوژمنی ڕق له‌سك دا له‌بواری نازایه‌تی‌و به‌جه‌رگی‌داو هێزه‌کانیان تێك‌شکاند له کوژراوو برینداروو دیل‌کراو ئه‌وه‌بوو سه‌رجه‌می زیانه زانراوه‌کانی دوژمن له ماوه‌ی ١٠-١١ نیسان و بۆ حه‌فده‌ی هه‌مان مانگ که هه‌موویان ژمێرراوون گه‌یشته (١٤٩٨٢) کوژراوو تێکشکاندنی ٤١ تانك و ٣٢ نه‌فه‌ربه‌ری زریڵی و ٤٠ ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆرو (٩) تۆپخانه و ده‌ست به سه‌ردا گرتنی میقداریکی زۆری چه‌کی سووك و مام ناوه‌ندی‌و ئازووقه‌ی سووپایی که هه‌موویان بۆ به‌کارهێنان ده‌شێن .

له گه‌ڵی مه‌زنمان و له هێزه چه‌کداره پاڵه‌وانه‌کانمان و له ئه‌ته‌وه‌ی ئه‌به‌ردی عه‌ره‌بمان ئه‌م سه‌رکه‌وتنه گه‌وره‌یه ، به‌سه‌ر هێزه‌کانی ده‌ستدێژی‌و ستمکه‌ردا ، پیرۆزبێت .

با ئاڵای عیراق به شه‌کاوه‌یی‌و سه‌ربه‌رزیی به بارێزاوی‌و سه‌رکرده‌ی پاڵه‌وانی صدام حسین به سه‌ربه‌رزی بژێت‌و سه‌رشۆڕی‌و نه‌فره‌تیش هه‌ر بۆ فه‌رمان به ده‌سته‌کانی تاران‌و مل‌هوره‌کانی قوم ، سه‌رکه‌وتنیش له خواوه‌یه .

١٨ی نیسانی ١٩٨٣

له ڕۆژی ڕۆژنامه‌نووسی کوردیدا

ووشه‌ی پێشگداری کوردی له سه‌ر ڕێگای خه‌بات یه‌کێتی نیشتمانیدا

سبه‌ینێ ، یادی ده‌رچوونی یه‌که‌م ڕۆژنامه‌ی کوردی ده‌که‌ینه‌وه ، که ڕۆژنامه‌ی «کوردستان»ه ، ئه‌م یاده پیرۆزه ، له‌م ڕۆژگاره‌دا ، مانایه‌کی دره‌وشاوه‌ی هه‌یه له لای هه‌موو خاوه‌ن پێنوسێکی شه‌ره‌فه‌ندی کوردپه‌روه‌رو نیشتمان په‌روه‌رو باوه‌ڕ بوو به یه‌کێتی نیشتمانی ڕاسته‌قینه ، به تایبه‌تی له عیراقی سه‌ربه‌رزو سه‌رکه‌وتووداو به تایبه‌تی له‌م ڕۆژانه‌دا که له ئاهه‌نگ و شادی سه‌رکه‌وتنی گه‌وره‌ی گه‌له‌که‌ماندا ده‌ژین له‌به‌ر په‌رچدانه‌وه‌ی پاڵه‌وانانه‌ی چاوچنۆکی ڕژێمی ئێرانی ڕه‌گه‌زپه‌رستدا .

ده‌رچوونی یه‌که‌م ڕۆژنامه‌ی کوردی «کوردستان» له ووڵاتێکی عه‌ره‌بی ، قوڵی په‌یوه‌ندی برایه‌تی و یه‌کگرتوویی هه‌تا هه‌تایی کوردو عه‌ره‌ب ده‌سه‌لمێنێ و دیسان به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوونا کی هه‌ڵویستی مرۆڤایه‌تی بزووتنه‌وه‌ی عه‌ره‌بیه که هه‌ر له دێرزمانه‌وه به چاوی ڕێزه‌وه سه‌یری ئاوات و خواسته‌کانی کوردمانی کردووه له سه‌ربه‌ستی‌و ژیانی پێشکه‌وتوودا ، که ئه‌م هه‌ڵویسته له عیراقی شۆڕشداو دوای شۆڕشی ١٧-٣٠ ته‌موزی مه‌زن به رابه‌ری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالست به باوه‌ڕهێنان به مافی نه‌ته‌وایه‌تی گه‌لی کوردمان ڕازی‌یه‌وه .

بڕوانه ل : ٧

● هاوکاری ●

Institut kurde de Paris

دەق ووتەکەی
بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین
لە کاتی بە خشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەک جەنگاوەرە پالەوانەکان
١٩٨٣/٤/١٧

لەم رۆژەدا ، ئەی برایان ، وەدوای جەنگی طیبو فکە ، چاومان پێتان دەکەوێ بۆ ئەوەی بە ناوی سەرکردایەتیەوە بەڵکوو بەناوی گەلەوە رێزی دەستەیەك ئازایانی دیار لە ئازایەتیو دەرکەوتوو لە ناو هاوسەرەکانیاندا لە ئازایانی سوپای عیراقو ئازایانی هێزی چەکداری دلێرو لەگەڵ ئەم دەستە چاکەداو لە پێشیانەوە سەرکردە سوارچاکەکان کە سەرکردایەتی جەنگی فکەو طیبیان کردو لە پێشیانەوە سوارچاکی سوارانی فەیلەقی چوارو کەرتە پاشۆکانی ، لوا روکن هشام صباح الفخریو سەرکردەی هێزەکانی نصر لوا روکن ثابتو سەرکردەی هێزەکانی ابو عبیدە عمید روکن رشیدو سەرکردەی هێزەکانی صلاح‌الدین عمید روکن حسینو ئینجا ئامیری تەشکیلاتە جەنگاوەرە ئازا پالەوانەکان لە هاوڕێیانی چەك کە ئێستا لەبەردەستاندانو ئینجا جەنگاوەران لە ئەفسەرو جەنگاوەرانی پلەکانی ترو هەمووان بەخێربێنو سوپاس بۆ خوا بەرامبەر سەلامەتیتانو سەربەرزیان لەبەر دەم گەلەکەیانداو رووسوریان بە سەربەرزیو شانازی لە ئەنجامی هەڵوێستی ئازایانەی نموونەیی .

ئەو جەنگانەی واتای تایبەتی دەبەخشن

هەموو جەنگەکانی سوپامان لە شەڕی عادیلانەو رەوایدا بۆ بەرگری لە خاکی عیراقو لە رووبەرووبوونی سوپاکانی دەستدرێژکاردا ، زۆر سوارچاکبوون لە کردەوەی پێشەوەدا هەمیشە دیار دەبوون بۆ بەرگری لە شەرەفمەندی عیراقو شەرەفمەندی پیاوەتیو شەرەفمەندی عەسکەریو جەنگی سەرکەوتوو زۆرن لە رۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٨٠وە هەتا ئێستا ، بەڵام هەمیشە لە نێوان زۆر لە جەنگە سەرکەوتوەکاندا ، جەنگ هەن تامی تایبەتیو مانای تایبەتییان هەیە لەو سەرئەنجامو کارلێکردنەی بۆ سەر شەڕو بە پێی تەبیعەتی چەند توند بوونێ زیاتر هاتنە دەستی پیاوانی ئازاو دلێر بە قولترو مانای باڵا تر دەردەکەوت کە شەرەفمەندی گەلو ئاواتی نەتەوەو سەربەرزی پیاوو شەرەفمەندیمان هەڵگرتووە ، لە ناو ئەو جەنگە نموونەییانەدا باسی جەنگی خەفاجیەو جەنگی بەرزایی ١١٥٠ لە کۆلیناو جەنگی محمرەو جەنگی بەرزایی ١١٧٢و زۆر جەنگی تر وەبیر دەهێنمەوەو کە گەڕاینەوە بۆ سەر خاکی نیشتمان لە عیراق ، ئەو جەنگانەی لەسەر خاکی عیراق کران دەبێ تیایاندا جەنگی بەسرە [رۆژهەڵاتی بەسرە] بیر بخەینەوە بە نموونەییەکی تایبەتی ئینجا جەنگی رۆژهەڵاتی مەندەلیو بەڵام ئەو جەنگانە ، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگی رۆژهەڵاتی بەسرە نموونەیی تایبەتی بوو چونکە یەکەم جەنگ بوو دوای جەنگی محمرە .

چەشنە جەنگێکی تایبەت

ئەمەش مانای خۆی هەیە ، بەڵام ئەم جەنگانەکە لە شیبەوە دەستی پێکردوکشا بۆ طیبو ئینجا فکە مانای نموونەیی هەیە لە هەموویانەکانداو لە سەر هەموو جەنگەکان ، چەندان رۆژی خایاندو پیاوەکان لە سەنگەرەکاندا بە چەکی سپی شەریان کردو کاتێ هەندێ سەنگەر بە قولی سرایایی پێشەوە رامال دەکرا لە جەنگی ئەم دوایەی فکە هەندێ سەنگەرمان بە قولایی فەوجەکانی پێشەوە لابران ، شەڕی ئەو پیاوانەی هێرشی بەرامبەریان دەکرد تەرزێکی تایبەتی هەبوو لە مانای خۆراگرتنو قوربانی دان سەرەڕای نموونەیی لە توانای ئەکنیکی چاکتر لەوەپێش .

ئێوە دەزانن دوژمنان لە سەنگەرە کۆنەکانتانا بە نێزەو بۆمبای دەستی رامال‌کرانو شەڕ بەو ڕادەیە دەکراو هەندێ جار پیاوانی هێزی تایبەت لە لیوای ٦٥ی پالەوانو هێزەکانی مغاویری پالەوان .. بەدەست دەجەنگینو شەڕیان دەکردو هەندێ جار رووی‌داوە هەندێکیان کە کەرەستەی نەدەما بە دەست دەستی دەوەشاند ئەم تەرزە تایبەتیە لە جەنگاو جۆری تایبەتی لە ووردو باردۆخی تایبەتی کۆسپەکان .. ئێوە دەزانن زۆر جار هەندێ بنکەتان لەگەڵ ئێرانی‌یەکاندا لە جارێك زیاتر گۆڕیوەتەوە کەرتێکتان رامال دەکرد هێرشی بەرانبەر رووبەدا جارێکی تر دوژمن رامال دەکراو دوژمن هێرشێکی بەرانبەری دەکردەوەو عیراقی‌یەکان لا دەدران ، جارێکی تر عیراقی‌یەکان هێرشیان دەبردو دوژمنیان رامال دەکردو بەم جۆرە بەڵام حالەکە بۆ کێ سەقامگیر دەبوو ، حال بۆ ئەو پیاوانە سەقامگیر دەبوو کە باوەڕیان زیاترە چونکە مەسەلەکەیان زیاتر عادیلانەیە بۆ ئەو پیاوانەی کە دەجەنگنو چەنگاوەر لە سەرەتای زنجیرەوە لە هێزە چەکدارەکاندا .

شەهیدەکان لە هەموومان هەر شکۆدارتر دەبن

کاتێ ئاوڕی دەدایەوە ئامێرەکەی دوور لە خۆی نەدەدی لای راستیەوە یان لای سەرویەوەو هەندێ جار لەبەر دەمیەوە کاتێ ئامێرەکان بە لای راستەو بەرەو ژووریاندا دەیانڕوانی دەیاندی سەرکردەکانیان تەنیا چەند مەترێ لێیان دوورن ئا بەم گیانەوە ئەی پیاوەکان هەڵوێست بە شێوەیەکی تەواوو بن‌بڕکراو لەسەر بەرەی فەیلەقەکە چەسپا دوای زنجیرەیەك جەنگی گران هەموو مانایەکی شەرەفمەندیو سەربەرزیو پیاوەتیو قوربانی‌دان لەگەڵ ئەوەشدا شەهیدەکان لە هەموومان هەر شکۆداراتردەبن لە ئێمەوە بۆ ئەوان دۆعا لای خوای گەورەو مەزن بیانخاتە بەربەزەیی فراوانیەوەو بۆ ئەوان لە گەلەکەمانەوە یادی هەمیشە بۆندار ، کەواتە ئایەم گیانەوەو بەم بەهایەوە ئەنجام کار لە کەرتی فەیلەقی جوارا چەسپاو وای لێهات تەنیا گوێتان لە تەقەی بچووکی پچڕپچڕ دەبێ بەڵکوو سەرەکی ئەرکانی سوپا دەڵێ لە سەربەرەی لیوای ١٠٨و ٥١ دەنگی گوللەش نابیسترێو لاشەی مردووەکانیان بەجێ‌هێشتووە هەموو سەنگەرەکانی پڕ کردۆتەوەو دەتوانین ئەمە لەوەی تەلەفزیۆن بڵاوی دەکاتەوە پێوانە بکەین . ئەوەیش لە قوولاییدا بەسەریاندا هات کە ئاگری بەرگری قوولی لێبوو لەگەڵ ئەو تێکشکاندنە فراوانەی هێزی ئاسمانیمان بەسەریا هێنان .

ئەم جەنگە بەلای خۆمەوە بەتایبەت دەڵێم چێژێکی تایبەتی لە دەروونما هەیەو پێتان دەڵێم من بە جەنگی سەرکەوتوو دڵشاد نەبووم وەك بەم جەنگە سەرکەوتووە دڵشاد بووم وا بە پلەی بەرزی شادبوون بە پێوانە بۆ هەموو جەنگە سەرکەوتووەکان کە بۆ سوپاکەمان دڵشاد بوو بۆ هەموو جەنگێکی سەرکەوتوو کە تەبیعی‌یە پێی شادمان ببین بەڵام ئەم جەنگەی پلەی دڵشادیم پێی باڵا ترە لە پلەی دڵشادیم بە هەموو جەنگەی پلەی دڵشادیم پێی باڵا ترە لە پلەی دڵشادیم بە هەموو جەنگەکانی پێشوو چونکە بە بۆچوونی هەست دەکەم لە ئیستەوە مانای کارتێکردنو ئەنجامەکانی چی دەبێو هەست دەکەم پشت بەخوا لەم جەنگەدا پشتی دوژمن شکا .

یەك بستیان وەرنەگرت

ئەو جەنگە سەرنەکەوتوانەیان کە نەیانتوانی یەك بست لە خاکی عیراق وەربگرن سەرەڕای ئەو هەموو هەزاران کوژراوو بە هەزاران بریندارەو زیانی گەورە لە کەرەستەو چەکیان . من دەزانم ئەنجامی چی دەبێ لە ئێراندا لە رووی سیاسیو عەسکەری‌یەوە چونکە ئێمە زۆر بە ووردی دەزانین کە سوپای ئێران هەندێکی بە ناچاری رەوانەی ئەم شەڕە کران چونکە پێشەکی دەیانزانی هیچ پەردەیەکی راده نزمی دادوەریو مەنتیقی تێدا نیە هەتا پەردەی راده نزمی زانستیو مەوزوعی نییە لەبەر ئەوە ئەنجامی سەرکەوتنی نابێ ، زوربەی عەسکەری ئێرانی‌یەکان بە ناچاری رەوانەی جەنگ کران بە هۆی کاری هەندێ چاوبرسی‌یەوە لە دەستەلات لە ناو هێزە چەکدارەکانداو هەندێ لەوانەی چاوبان لە سوپا دابڕیوەتە پلەی بەرز بەهاو سوێندی گومان لێکراو لەگەڵ سیاسی‌یەکانی ناو دەستەلاتدا وەك رەفسنجانیو ئەوانی تر .

ئاگادارمان‌کردن کەچی گوێیان پێ‌ندا

پاش جەنگە سەرکەوتووەکانی شیب ئێمە دەزانین کە زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە رادەی سەرکردە سیاسی‌یەکانو لە ڕادەی ئەوەی ناوی ئەنجوومەنی بەرگری‌یە لەئێراندا کراو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی لابەلایش هەروەها کراو راوێژکارەکان لە دەرەوەی ئێران بیرورای خۆیان لە راوێژکاری‌ی وا پێویستدا پاش جەنگەکانی شیب دەربڕیو پاش شی‌کردنەوەو پاش وەڵامی وورد لە سەر پرسیاری بۆچی ئێرانیەکان جەنگی شیبیان دۆڕاند وەڵامیان دایەوە .. بەهۆی نەزانینیانو بەهۆی ئەو ئەڵقە گومانلێکراوانەی ناویانو لەبەر ئەوەی گوێیان پێ‌نەدا ئەگەرچی بەردەوام ئێمە ئاگادارو ووریامان دەکردنەوە خۆیان وەڵامیان دایەوە کە هۆی دۆڕاندنی جەنگی شیبیان ئەوەیە کە ئامێری عیراقی لەوان دەسترۆیشتووترەو خاکی شیب بۆ جەنگ کردنی ئامێر دەشێت بۆیە دەبێت بۆ زەوی‌یەکی ترو شوێنانی تر بگەڕێن بۆ ئەوەی بەرەو ناو خاکی عیراق پێش‌بکەون بوار بە ئامێر ئەدات کاربکاتو هەل بە پیادەکانیان بدات کە لەو باوەڕەدا بوون لە پیادەی عیراق دەسترۆیشنوو ترن تا سەنگەرەکانی پێشەوەی عیراق لابەرنو لارەسەنگی بخاتە رێك‌وپێکی‌ی لە خۆبەرگری‌کردنی عیراقەوە لەرادەی ناردنەوە پاشان بە قوولایی دەچێتە ناو خاکی عیراقەوە .. ئەمە ئەو شی‌کردنەوەیەی بوو کە پاش جەنگی شیب دەریان‌خستو دەبێت ئێمە بڵێین کە ئێمە ئاگامان لەم شی‌کردنەوەیە هەبوو لە هەمان کاتیش‌دا کە ئەوان بە گوێرەی ئەو زانیاریو دەرەنجامانە بە دووی ئەو شوێنانەدا دەگەڕان لەم جارەدا لە کوێو لە چی شوێنێکو لە چی جێگایەك دەکەونە داوەوەو ئێمە جەنگەکانی پێشوومان ڕاست‌کردەوەو پێداویستی‌یەکانیان لەسەر بناغەی ئەو زانیاریو دەرەنجام و شی‌کردنەوانەی کە بەدەستمان کەوتوون ئەوەبوو هەوڵیان دا بە هەموو شێوەیەك کاربکەن بۆ ئەوەی کەلینەکانی کاری هەواڵ وەرگرتن لە ڕووماندا ببەستن لەو باوەڕەیاندا کە کەلینەکانی کاری هەواڵ وەرگرتن لە یەك ڕێگاوە دێت بەڵام ئێمە پێیان دەڵێین کە ئەم رژێمە شڕوهۆڕە پەنجەرەکانی لەبەردەممان‌دا وەك کەلێنی کاری هەواڵ وەرگرتنو بۆزانینی ووردی نیازەکانیان کراوەیە .

ئەوەی لە مێشکی بەرانبەرماندایە دەیخوێنینەوە

شارەزایی درێژی جەنگیش دەخرێتە سەر ئەوە کە فێری کردووین ئەوە بخوێنینەوە کە لە مێشکی دوژمنی بەرانبەرماندایە وەك بڵێین کتێب دەخوێنینەوە بەم چەشنە شتێکی کوت‌وپڕی نەبووبۆمان نەك لەشوێنو نە لە رێگاو نە لە هۆو نە لە جێگاکان‌دا لەسەر ئەم بنەرەتەو لەمەیش گرنگتر ئەوەیە بڕوای عیراقی‌یەکانو ئازایەتیو پالەوانێتی‌یان دەستدرێژی کارەکانیان لەم گۆڕە پانو پۆڕەدا گۆڕ کرد کە بە یارمەتی‌ی خوا رژێم بە ئەواوەتی نێی دەرناچێت نەك تەنیا هەر نیازە شەڕ خوازە دەستدرێژی کەرانەکانی لەوانەی چەکیان لە ئێران‌دا هەڵگرتووە ئەوەبوو ڕەفسەنجانی‌یان لە کاری هەڵخەڵەتاندنی ناردن‌دا خستبووە کارو قسەیەکی کرد کەوا دەزانم لە بیرتانە تێیدا دەڵێت بڕیارمان‌دا بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی جەنگی شیبو لە پێناوی ئەوەی زیان بە برا عیراقی‌یەکانمان نەگەیەنین لە هێزە چەکدارەکانی عیراق‌دا بۆ ئەوەی ببنە رەصیدێك بۆ ئەو شتەی کە ناویان لێناوە یان بەهیوایان شۆڕشێکە لە چەشنی شۆڕشەکەیانو ناویان لێناوە ئیسلامی هەروەها بۆ ئەوەی سوپای عیراق ببێتە رەصیدێك بۆ ئەو شۆڕشە ئیسلامی‌یە لە ئێران‌داو سوپای ئێرانیش ببێتە رەصیدێك بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق‌داو سوپای ئێران ببێتە رەصیدێك بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران‌دا بەو چەشنە ڕەفسەنجانیو داوودەستەکانی بریاریان‌دا ئیتر هێرش ناکەنە سەر سوپای عیراق وای‌دەزانی بەم قسەلۆکە ساکارانە هەڵدەخەڵەتێین یان وای بۆ دەچوو وەك مرۆڤێکی راستگۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەین ئێمە ڕادەی ئەم کەسانە دەزانین .

پیاوانی ئایینی درۆ لەگەڵ گەلەکانیاندا دەکەن

کەواتە ئەوانە پیاوانی ئایینین درۆ لەگەڵ گەلەکانیاندا دەکەن بە شێوەی هەڵخەڵەتاندن لە ڕادەی ناردن‌دا .. هەڵخەڵەتاندن لە ڕادەی ناردن‌دا بۆ بەرە دەکرێت ئەو پیاوانە بیکەن لە بواری ڕاگەیاندن‌دا ڕاسپێرراونو دەکرێت دەزگای هەواڵ وەرگرتن بیکات بەڵام بەرزترین سەرکردایەتی بە شێوەی هەڵخەڵەتاندن درۆ بکاتو بەقسەیەکی ڕەسمیو بەسەر گەل‌دا ئەمە بەڵگەی ڕادەیانە ڕادەی ڕەووشتی ئەوانەی خۆیان بە سەرکردەی ئێران دادەنین .

پاشان ڕاگەیەنرا کە خومەینی چووەتە خەڵوەتەوەو ئێمە زانیمان ئەو نەچووەتە خەڵوەتەوە چونکە لەبەر رووناکی‌ی ئەو زانیاری‌یەی هەمانە ئەوان بە شێوەیەکی تەواو خۆیان بۆ قۆناغی هێرشەکە ئامادە نەکردبوو ئێمەبش ماوەیەکە چاودێریمان دەکردن چونکە ئەم جادووگەرە نمرەیەکە هەرکاتێك هێرشێکیان نزیك دەبێتەوە دەچێتە خەڵوەتەوەو دەرناچێت ئەوکاتە نەبێت کە هێرشەکە کۆتایی دێت بگرە ئەگەر هێرشەکە سەرکەوت پێیان دەڵێت من لە خوا پاڕامەوەو چاوم بە فلان وەلی‌و بە فلان وەلی کەوت هەموویان پێیان ووتم ئەم جارە سەردەکەون لەبەر ئەوەیە سەرکەوتن بۆیە سەرکەوتنەکە بە گوێرەی هێلی جادووبازی کە پشتی پێ‌بەستووە بۆ خۆی دەباتەوە ئەگەر دۆڕاندیان ئەوا دەیخاتە ئەستۆی سەرەکی سوپاو سەری کەسانی‌تر لە سیاسی‌یەکان لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە گوایە ئەو لە خەڵوەتدا بووەو ئاگای لە هێرشەکە نەبووە ، دەزگا ڕێکەیاندنەکانی جیهان دەربارەی تەندروستی‌ی دەستیان بە قسەکردن کردو ئێمەیش بەڕاگەیانەنەکانمان گوت .. ئاو بکەنە سەر ئەم (ڕسق)ەدا بۆ ئەوەی ئەمجارە بێتە دەرێ دەبێت چارەنووسی هێرشەکە لەسەری ئەوبێت وەك چۆن خۆی هێرشەکەی رۆژهەڵاتی بەسرەی داناو کە دۆڕا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامەکانی وەرگرتو بە سەرخۆیدا رەنگیان داوە لە ڕۆژهەڵاتی بەسرەیش داوای لە خەڵکی بەسرە کرد پێشوازی‌ی سوپا دەستدرێژی کەرەکەی بکەن وەك پێشوازی‌ی ئەوانەی وولاتەکان دەکەنەوە ئەوەبوو کەوتە داوی ئەو قسەوەو بە شێوەیەکی خراپیش دۆڕاندیانو شکان .

داگیرکردنی عیراق هەرگیزاو هەرگیز نایەتە دی

ئەمجارەیش پاش ئەوەی راگەیاندنی جیهانی دەریان هێناو .. راگەیاندنی ئێمەیش بە ئاراستەی خۆمان ئەمەیان دەووتەوە وەك ووتمان (ڕسقە)کە هاتە دەمیو ئەو قسەیەی ووت کە تێیدا دەڵێت ئەوا دەچینە ناو خاکی عیراقەوە بەڵام کە دەچینە خاکی عیراقەوە مەبەستمان لەوە داگیرکردنی عیراق نی‌یە بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە تۆپخانەکانو موشەکەکانی عیراق لە شارەکانمان دوور بخەینەوە واتە شارەکانیان کەواتە ئەمە داواکاری‌یەکە بۆچوونە ناو خاکی عیراقەوە ئێمەیش زانیاری‌ی تەواومان لە لایە لەگەڵ ئەوەش‌دا کارانەوەیەکی خێرامان لە ووتەدان‌دا کردو گوتمان ئەوەی دێتە ناو خاکی عیراقەوە ئەوا دەستی دەبڕرێت .. کەواتە ئەم جارە لێپرسراوانی ئەم هێرشە کە لەگەڵ هەستو نەستی کەرتێکی فراوانی گەل لە ناو خۆی ئێرانو لە سوپادا نەدەگونجا ، لێپرسراوە ڕاستەوخۆکان جادووگەری ژمارە یەکو جاشی ئەم جادووگەرە گومان‌لێکراوە ڕەفسەنجانی‌یەو نوێنەریان لە هێزە چەکدارەکان گومان لێکراوی تر ئەوەی کە دەزانین رەگەو ڕیشەی بەکوێوە پەیوەندەو لەم هەمووە مەبەستی چی‌یە ئەویش شیرازی‌یە .. ئەم جەنگە سەرکەوتووانەتان تەنگەوچەڵەمەی گەورە لەناو ئێران‌دا دروستدەکەن .. لەناو سوپاداو لە ناوی ئەوەی پێی دەڵێن پاسدارانی شۆڕشو لە نێوان هەموویان‌داو لە نێوان سەرکردە سیاسی‌یەکانیان‌دا گرنگتر لەمەیش ئەوەیە کە جەنگەکانی ئەم دوایی‌یەتان بەڵگەیەکی نوێیان خستە هەموو مانێکی ئێرانی‌یەوە کە جەنگ بێ‌سوودەو داواکردن بۆ داگیرکردنی عیراق بێ‌سوودە چونکە بەچاوپۆشین لە نیازەکان ئەوا بە یارمەتی‌ی خوا داگیرکردنی عیراق هەرگیزاو هەرگیز نایەتە دی . چونکە ئەوەی حەوت رۆژ لەسەر پارچە بچووکێکی زەوی بجەنگێتو لەگەڵ ئەوەیش‌دا سووربێت بەم سووربوونەوە بۆ ئەوەی بست بە بست لە ددانەکانی ئەم درندەیە بە نێزەو چەقۆو بە نارنجۆکی دەستی سەرەڕای چەکەکانی تر دەربهێنێت بۆیە دەبێت دوژمنەکەی دەرك بەوە بکات کە ئاشکراو ڕوونە ناتوانێت خاکی فراوانی عیراق داگیربکات .

کەواتە ئەی پیاوان .. سەرکردەو فەرماندەو جەنگاوەران هەموو ئەمڕۆ ئاهەنگتان بۆ دەگێڕین .. بەم شێوەیەو بەم کاردانەوەیە خێرایە لە لایەن سەرکردایەتی‌یەوە لە ڕیزلێ‌نانتان‌دا ... ریزلێ‌نانی چەند کەسێك لە ئێوە لەگەڵ ئەوەی کە هاوەڵەکانی ترتان هەریەکەو بە گوێرەی شایان‌بوونی خۆی ریزیان لێدەنرێت بۆ ئەم واتایەو بۆ ئەم هۆیانەیە چونکە ئێمە ئەنجامەکانی ئەم جەنگانەو بەیارمەتی‌ی خواو بە بەردەوامی‌ی ووریایی‌و هیمەتو کاری بەردەوامتانو لە پێشەوەی هەمووشیان مەشق‌کردنو مەشق‌کردنی زۆرترە .

نەك لەبەر ئەوەی ئەنجامەکانی ئەم جەنگانەتان بەسەرەتای سەرەتای رووخانی فراوانی سوپایی‌و سیاسی دادەنێین لە ئێران‌دا بە یارمەتی‌ی خوا ئێوە بەچاوی خۆتان دەیبینن‌و خوایاربێت خومەینی کۆتایی کارەساتاوی‌و دەستنەڕۆیشتوویی هەمیشەیی خۆی دەبینێت بە هۆی تەلەکەبازی‌و نیازە شەڕخوازی‌و نائومێدی‌یەکانی‌و بە هۆی دوورکەوتنەوەی تەواوەتی‌ی لە دادوەری‌یەوە .. دەشبێت لە هەموو بارێك‌دا ئەو کارەساتانەی کە لە عیراق‌و لە ئێران‌دا دروستی کردن .. ئێمەیش وەك باوەڕهەبووان باوەڕمان بەوەیە کە دەبێت لە لای خوای ئاسمانانو زەوی دەنگ بداتەوە بە کارێکی پێچەوانە دژ بەم ڕژێمە بەخت هەڵنووتەو گرنگ ئەوەیە لامان عیراق .. ئالای عیراق .. بمێننەوە .. لەبەر ئەمەو بۆ ئەمەیە ئەی مەردان سەرکردەو فەرماندەو جەنگاوەرانی تر سڵاوتان لێدەکەم بۆ کارە پالەوانێتی‌یەکەتانو بۆ بەجەرگیتان .. خوا دەست بە پاڵتانەوە بگرێت .

Institut Kurde de Paris

زنجیرەی مێژووی

سەردەمی بۆزانەوە

د. کاک مظهر احمد

فراد مجید میسری تردویەی بەگوزدی

بەر جۆرە دەبینین سەرچاوەی داهێنانەکانی « لیۆناردۆ » دەچێتەوە سەر ، شارەزایی‌یەکی قووڵو شۆڕبوونەوەی بەناخی دەروونی کەسانی ناو تابلۆکانیداو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕەنگ‌وگونجاندنی لە نەك ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا • ئەمە جگە لەو بزووتنەوەیەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن لە وێنەکانیدا هەستی پێدەکرێ، هەموو ئەم خاسی‌یەتانەی لە بەرهەمەکانی «لیۆناردۆ» دا دەرکەوتن ، کردیانە پێشەوای قۆناغی نوێی پەرەسەندنی هونەر لە ئیتالیاو دواییش لە ئەوروپادا •

سەبارەت بەم هۆیانە ، ناتوانرێ «لیۆناردۆ»ی زاناو «لیۆناردۆ»ی نیگارکێش لە یەکتر جیابکرێتەوە• ناشێ نە ئەمیان‌و نە ئاویان لە «لیۆناردۆ»ی مرۆڤ دابڕ بکرێن • «لیۆنارد » ئادەمیزادێکی کامڵو بلیمەتێکی هەڵکەوتووی ئەوتۆ بوو ، هەموو لقەکانی زانستی تێدا ئاوێتەی یەکتر دەبوونو هێزو پێزێکی تەواویان بە بەرهەمە جۆربەجۆرو ناوازەکانی دەدا • • ئەو پیاوە زانایەکی ئەوەندە بلیمەت بوو بە سەرنج‌و تێبینی‌یە ووردەکانی چەند مەلۆیەکی بەپێتی خستە سەر شارای زانستی مرۆڤایەتی • لە ماتماتیك‌و رووەك ناسی‌ی‌و میکانیك‌و فیزیەك‌و ئەستێرە شوناسی‌ی‌و جیولۆجیا‌و ئەناتۆمیاو فسیۆلۆجیای ئادەمیزادو ئاژەل و هونەرە سەربازی‌یەکانی دەکۆڵی‌بەوە بۆ گەیشتن بە مەبەست جگە لە بۆ چوونەکانی خۆی ، پەنای دەبردە بەر تاقی‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانایانی پێشوو •

کە لە میکانیکی دەکۆڵی‌یەوە ، پشتی بە دەستکەوتی ئەوانەی پێش خۆی دەبەست • خۆیشی وەك ئەندازیارێکی خاوەن تاقی‌کردنەوە شتی نوێی دەخستە سەر بۆچوونەکانی ئەوان • «لیۆناردۆ» بایەخێکی زۆری بە مەندێ مەسەلەی گرنگ دەدا ، وەك کارو کاردانەوە ـ الفعل و رد الفعل ـ و هاوکێشەیی ـ التوازن ـو بەربوونەوەی تەنەکان ـ سقوط الاجسام ـ و شێوەی بەرگریی تەنە جۆر بە جۆرەکان ـ مقاومة الاجسام المختلفة ـو زۆری تریش• لەبەر ڕۆشنایی تاقی کردنەوەکانی ، چەند پرۆژەیەکی بۆ «شارە ئایدیالی‌یەکە »ی داناو چەند نەخشەو پلانێکی نوێی بۆ هونەری بیناکاریی ئامادەکردو دەیویست پەرە بە هونەری بیناکردنی گومەز بدا • یەکەم کەسیش بوو هەوڵی دا ئامێرێك دروست بکا زانای فڕینی هەبێ • بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردە بەر تاقی‌کردنەوەو لە شێوەی فڕینی باڵندە وورد دەبووەوە ، ئەنجامیش نزیکەی سەد تیوری لەم بارەیەوە داڕشت‌و توانی چەند ئامێرێك دروست بکا بە هۆی دەست یان بە هۆی سپرینگەوە لە زەوی بەرزببنەوەو دوایی گەیشتە ئەو باوەڕەی ـ ئەمە بۆ ئەو کاتە شتێکی ئێجگار گرنگ بوو ـ کە ئامێرێك توانای فڕینی دەبێ لە ناو خۆیدا ماشێنێکی سەربەخۆ بیجۆڵێنێ • دوای مردنیشی لەناو دەستنووسەکانیدا چەند وێنەیەکی بەرەشووت‌و فرۆکەی ستوونی‌ی ـ هلیۆکۆپتەر ـ دۆزرانەوەو گەرەکی بوو بەهۆی پەرەشووتەوە یارمەتی ئادەمیزاد بدا تاوەکو لەشوێنە بەرزەکانەوە بە هێواشی خۆی بهاوێتە سەرزەوی •

جگە لە مانە «لیۆناردۆ» چەندین نەخشەی بۆ ئامێرە تازەکان دانا ، لەوانە ئامێری چنین‌و شی‌کردنەوەی لۆکەو مشت‌ومال‌کردنی شووشەو دارتاشی‌و هەڵکەندنی جۆگاو تواندنەوەی میتاڵو زۆری تریش • ئەو یەکەمین کەسە ویستی هێزی رووناکی‌ی دیاری بکاو پاشان لە سەر بنچینەی تاقی‌کردنەوە بیبەستێتەوە بە مەودای شوێن ـ البعد المکانی ـ ەوە • دەتوانرێ ئەو بە ڕاوردەی «لیۆناردۆ» کردی ، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانی سەر ڕووی ئاو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگ‌و ڕووناکیدا ، بە سەرەتای تیوری «شەپۆلی تیشك ـ التموج الضوئی » دابنرێ • «لیۆناردۆ» بە درێژایی تەمەنی وەك نیگارکێش‌و زانایەك بایەخی بە ئەناتۆمیا دەداو هەر بەوەوە ڕانەوەستا ئەشتەرکاریی لە جەستەی ئادەمیزاددا بکا ، بەڵکو لاشەی ئاژەڵی جۆر بە جۆریشی یەکاڵاکردەوە • ئەو دەستنووس‌و وێنە ئەتۆمیانەی لە دوای مردنی بۆمانی بەجێ هێشتووە ، ئەك هەر لە بەرهەمەکانی سەردەمی خۆی بێ‌بەرانەوە ، بگرە لەوانەی سەدەکانی دوای خۆیشی کامڵترن • ئەم زانا هونەرمەندە گەیشتە هەندێ ئەنجامی زۆر گرنگ ، ئەوەبوو سەری بۆقی لە لاشەکەی جیاکردەوەو دڵی دەرهێنا • یەکەم کەسیشە ژمارەی ڕاستەقینەی بڕبڕەکانی کلێنچکە ـ الصعص ـی ئادەمیزادی دۆزی‌یەوە • ڕێی تێدەچێ بیریش لەوە کردبێتەوە چۆن ئادەمیزاد لە شێوە سەرەتایی‌یەکەیەوە نەش‌و نمای کردووە ، چونکە ئەو بەراوردکاری‌یەی لە نێوان ئادەمیزادو ئاژەڵی نزیك بە ئادەمیزاددا کردوویەتی ، یەکێکە لە بڕۆژە زانستی‌یە کانی •

لە مەیدانی ئەستێرە شوناسیدا ، بە هەموو توانایەوە دژی ئەو بیروڕایانە دەوەستا کە زەوی‌یان بە جەقی گەردوون دادەنا • یەکەمین کەسە سەلماندی ڕەنگی ڕاستەقینەی مانگ خۆڵەمێشی‌یە • هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە دوور نی‌یە ووشکایی‌و دەریاکان بە درێژایی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ ، بەڵگەیشی بۆ ئەم ڕایەی ئەوە بوو کە پاشماوەی ئاژەڵی دەریایی لەو شوێنانەدا دەدۆزرێنەوە ئێستا زۆر لەکەنار دەریاکانەوە دوورن •

شایانی باسە «لیۆناردۆ» بەشداری‌یەکی گەورەیشی لە گشەپێ‌کردنی ئامڕازەکانی جەنگدا کرد • لەناو دەستنووس‌و نەخشە لەپاش بەجێ ماوەکانیدا هەندێ وێنە دۆزراونە تەوە زۆر لە تانك‌و زرێپۆش دەچن • هەوڵێکی زۆریشی دا ، پەرە بە تۆپ‌و تەقەمەنی ئەو سەردەمە بداو چەند نەخشەیەکیشی بۆ جل‌وبەرگی ژێر ئاوو ئەو جۆرە پردانە کێشا کە لەوەختی شەڕو بەپێی پێویست دادەمەزرێنرێن • سەرپاکی ئەم هەوڵ‌و کۆششەی «لیۆناردۆ» لە پێناوی ئەوەدا بوو ، سەر بەخۆیی وولاتەکەی بپارێزێ • ئەوەتا لە یادداشتەکانیدا دەڵێ : « من ئامڕازی هێرش‌بردن‌و بەرگری‌کردن دروست دەکەم تاوەکو بە هۆیانەوە بەرەنگاری ئەو زۆردارانە ببنەوە کە چاویان تێمان بڕیوە • بۆیە دروستیان دەکەم تاوەکو پارێزگاریی ئەو خەڵاتە گەورەیەیان پێ بکەم کە سروشت پێی بەخشیوین ئەویش سەربەستی‌یە»(٢٧) «لیۆناردۆ» بەکول‌و دڵ پاڵپشتی دەگرت(٢٨)و وەك زانایەك دژی شەڕ دەوەستاو لای وابوو ئەرپەڕی شێتی‌یە ، دیارە بەم قسانەیش تەواو نیشانی پێکاوە ، چونکە لەو کاتەدا نەیدەزانی چەند بەر هەمێکی دانسقەی دەبنە قوربانی شەڕەکانی «ناپلیۆن»و«هیتلەر»و تەنانەت ئەو شەڕانەیش کە لە سەردەمی خۆیدا ڕوویاندا •

کاتێك پادشای (میلان» ڕووی لێ‌نا ، پەیکەرێك بۆ « سفۆرزا »ی گەورەی بنەماڵەکەیان دابڕێژێ ، « لیۆناردۆ » بە دڵ‌و گیان بەدەنگی‌یەوە چوو • هەروەك لەو نەخشانەدا کە بۆ جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکە ئامادەی کردووە ، دەردەکەوێ تەنها بەرزیی وولاخەکەی حەوت مەتر زیاتر بووە • «لیۆناردۆ» ماکێتی پەیکەرەکەی لە قوڕ دروستدەکا ، تا لە دواییدا بکرێتە قاڵب‌و بە بڕۆنز دای‌بڕێژێ • ئەو سەلیقەی هونەریی‌و ووردەکاری‌یەی لەو نموونەیەدا بەکاری هێنابوون ، وایان کرد تا ئەو کاتەی دادەڕێژرێ لە گۆڕەپانێکی شاردا دابنرێ‌و خەڵکی‌ی دەستە دەستە بچن تەماشای بکەن • بەڵام ئەو هێرشەی فەرەنسە کردی‌یە سەر «میلان»و پێویستی‌ی وولات بە بڕۆنز ، ماوەی نەدا پرۆژەکەی بەئەنجام بگەیەنێ • لەویش سەیرتر ئەوەبوو کاتێك سەربازە فەرەنسەیی‌یەکان گەیشتنە «میلان» نموونەی پەیکەرەکەی «لیۆناردۆ»یان کردە نیشانەو مەشقیان لەسەر دەکرد • (٢٩) بەو چەشنە کارێکی هونەریی زۆر مەزنیان لەپێش چاوی خاوەنەکەی لە کەلك خست‌و ئەویش لە ئاست ئەم کارەساتەدا خۆی پێ نەگیراو چووە «فینیسیا»و لەوێشەوە گواستی‌یەوە بۆ «فلۆرەنسە» •

٢٧ ـ لە کتێبی «ـعبقریە لیوناردو دافنشی‌فی الهندسە ـ د• جلال شوقی ـ القاهرە ١٩٦٤»وە ، وەرگیراوە ، بڕوانە ل «٢٧٣»ی ئەو سەرچاوەیە •

٢٨ ـ لەسەر پیشنیازی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهان، لە مانگی نیسانی١٩٥٢دا چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیریی جیهان بە بۆنەی تیپەڕ بوونی پێنج سەد ساڵ بە سەر لەدایك بوونی هونەرمەندی داهێنەرو زانای گەورە «لیۆناردۆ دافنشی»یەوە ، ئاهەنگیان گێڕا •

من و سەرنجێکی تر لە دیوانەکەی بێوەی

عبدالله عزیز خالد

بڕوا ناکەم لەم دنیایەدا مرۆڤێکی هۆشمەند هەبێ‌و خاوەنی بیروڕاو بۆچوون‌و هەڵوێستی تایبەتی خۆی نەبێت ، دیارە فەلسەفەی تایبەتی ئەو مرۆڤە ئاکامی هەڵوێست‌و ئاستی خزمەت‌گوزاری لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا دیاری ئەکات ، ئەگەرچی جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسەدا بەندە پە چەند یاساو ڕێسایەکی تایبەتی‌و گشتی‌یەوە ، یان ڕوونتر بڵێم ئەو پەیوەندی‌یە جەدەلی‌یەی نێوان بیرو لێکدانەوەیە بەستراوە بە یاسا سروشتی‌و تیورە گیانی‌یەکانەوە ، لەم حاڵەتەشدا هەر کەسە بەپێی گەڕو جاوی خۆی پێوانەکانی لە بەردەم تاقیکردنەوەو دوا بڕیاری هۆش‌و بیریدا دائەنێت ••• لەوەیە هەندێ بیروڕا سەردتا جێ‌و خانەیەك بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام مانۆ ژیانی هەمیشەی هەر بۆ ئەو بیروباوەڕو هەڵوێست‌و کارانە ئەمێنێتەوە کە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی مرۆڤدایە •

ئەوی لێرەدا گرنگە بەرچاوخرێت هەمیشە دەلەسەو ناڕاستی چەکی دەستی بێبڕواو ترسنۆکەو تاسەر بڕناکات‌و پەشیمانی لەدوایە ، بۆیە ئەو مرۆڤەی لەگەڵ خەڵکیدا ڕاستگۆ نی‌یە ، ئەوا لە هەموو کارو کردەوەیەکیدا بە دوو دڵی و ڕاڕایی وە دەست بۆ کارەکەی ئەبات‌و بە گومانێکی بێ ئەساسەوە ئەڕوانێتە دەوروبەرو لە تێکڕای هەنگاو ، یەك بە دوای بەکیەکانی ژیانیدا پەشیمانی دەستەویەخەی ئەبێتەوە ، چونکە دڵنیایە دەلەسەکانی ئاشکرا ئەبێت‌و ڕوالەتەکەی سەرناگرێت ، تۆ لەوەگەڕێ ئەو کەسە خۆی وادەر ئەخات گرەوی لە شەیتان بردۆتەوە ، گرنگ ئەوەیان نی‌یەو ئەمەیان مەبەستە کە دوچاری بڕوا بە خۆنەکردن بووەو ڕاڕایی سواری کۆڵی بووەو لە سەرجەم ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە •

لەبەر ڕۆشنیایی مۆمی ئەو بۆچونەم بۆ جاری دووەم ڕوو لە دنیای تایبەتی شیعرەکانی بێوەی ئەکەمەوەو ئەمجارەیان بەراوردێکی پەلە لە نێوان ئەو شیعرانەدا ئەکەم کە لە باوەشی غوربەت یان دوور لە غەریبی وتراون ، سا بەرلەوەی نمونەی شیعری بۆ ڕاستی بۆچوونەکانم بهێنمەوە ئەم سەرنجانە ئەخەمەڕوو :

١ ـ من لە نووسینەکەی پێشووم هەرگیز پاشگەزنیم‌و سوورم لەسەرئەوەی کە لە دوو لایەنی ناسك‌و بەپێزو سەرەکی (خۆشەویستی‌و نامۆی) لە شیعرەکانی شاعیر دواوم •

تەنیا مەبەستی سەرەکیم لەو نووسینەی ڕۆژنامەی هاوکاری (٦٠٤)ی ڕۆژی ١٧ـ٩ـ٩٨١ ڕوون‌کردنەوەی ئەو لایەنەگرنگەیە کە شاعیر دڵسۆزانە بە زمانی ئەدەبی سەردەم شیعرەکانی وتوەو هۆشیارانە ئاوڕی لەو لایەنەداوەتەوە•

دیارە بە لای هەموو دڵسۆزێکی هۆشمەندەوە ئەو هەنگاوە خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆزەو شایستەی ئافەرینە ••• لەو ڕووەوە من بەم جۆرە بیروڕای خۆم دەربڕیوە [(بێوەی) شاعیرێکیکە لەو ڕۆشنبیرانەی هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ زمانی ئەدەبی سەردەمدا کردوەو زیرەکانە چاکی دڵسوزی لێ‌هەڵماڵیوەو دوور لە گیانی ناوچەپەرستی تەنگەبەرو دەمارگیری بەرچاو کوێر هەنگاوی ڕووەو ژیانی ڕۆشنبیری سەردەم‌و زمانی بەگشتی کوردی‌ناوەو بە شێوەیەکی گشتی ڕووی لە زمانی ئەدەبی کوردی کردوەو شیعرەکانی پێ‌هۆنیوەتەوە •••

٢ ـ من باسی لایەنی تایبەتی‌و شەخسی شیعرەکانی شاعیر دواوم •

بێوەیم نەکردوەو تەنیا ڕووم لە لایەنی (خۆشەویستی‌و نامۆیی) لە شیعرەکانیدا کردوەو توخنی ئاست‌و پلەی هونەری شیعریی نەکەوتوم ، وەك ئەو قسەیەی بە زمانی منەوە لە دووەم دیداری چیرۆکی کوردیدا وترا ، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی بە هیچ جۆری ئاوی گورانی شاعیرم لەو نوو سینەمدا نەهێناوە ، نە بە نموونەی شیعری‌و نە لە ڕووی بەراوردی‌شاعیرێتی‌یەوە •••• ئیتر ئاخۆ بۆ لەبەرچی بۆختانم پێ‌بکرێ • دەڵەسەم بەدەمەوە هەڵبەسترێ ؟ •

ئێستاش بەرلەوەی ڕوو لە دنیای شیعری شاعیر بکەم ، چاوێکی خێراو تیژ بە پێشەکی دیوانەکەدا ئەخشێنم ••• لەو پێشەکی‌یەدا ماموستا محەمەد ئەمین هەورامانی ئەڵێ : (••• لە ساڵی ١٩٦٣دا بە هۆی ناهەمواری جێگای جوگرافیای ئەحمەدئاواوە کە وەك مەیدانێك بوو لە نێوان دوو هێزی دژکاری‌دا شێخ ئەمین ناچار دەبێ کە ئەحمەدئاوا بەجێ‌بهێڵێ‌و دەچێ بۆ مەڵبەندی نیشتمان پەروەرو دڵسوزی کورد مەحموود خانی دزڵی ••• بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ دەمێنێتەوە •

پاشان شاعیر گۆچدەکا بۆ مەحموودئاوای «دوورۆ» بە تەنیا مانە ئا لەوێ جێگیر دەبێ ••••) ل٨

هەروەها مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سەبارەت ژیانی شاعیر بەم جۆرە ئەدوێ :

(شاعیر هەرچاوی لەوەبووە کە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی‌و هەمیشە لە دوورەوە چاودێری چاکبوونی دۆخی ڕامیاری نیشتمانەکەی کردووەو لەو ئاوانەدا بووە کە دۆخی ڕامیاری چاك ببێ‌و هێمنی بەرپابێتەوە •••)ل٩

بەڵێ ئەوە چەمێکی ژیانی شاعیرەو لە زمان ئاوەڵێکی منالی شاعیرو ڕۆشنبیرێکی سەردەمەوە وەرگیراوە •

من (بێوەیی)م لە دەلاقەی شیعرەکانی‌یەوە ناسیوە •••• سا ئەو قسەیەی لە دیدارەکەدا کرا ئەوە لە نرخی بۆچوونەکانم کەم‌ناکەنەوەو من پاکانەم بۆ هەڵوێستی ئەو نەکردوەو پێویستی بەوەش نی‌یە، چونکە ئەو پیاوە زۆر ڕاستگۆیانە چی‌ی کردبێ بەپێی قەناعەتی خۆی بانگی نەئاشکرا داوەو لەوەشە شانازی پێوە دکات‌و خۆشی لەبن هیچ جۆرە پەردەیەکی خوماویدا حەشارنەداوە ، من لە لای خۆمەوە زۆر ڕێزی ئەو مرۆڤانە ئەگرم ساحتە بازنین‌و درۆ لەگەڵ خۆیان‌و خەڵکیدا ناکەن ئەو هەڵوێستە ئاشکرایی‌یەی بێوەی‌زۆر شەریفانە ترە لە هەڵوێستی ئەو مرۆڤەی لە درۆوبوختان زیاتر نازانێ‌و لە پشتەوە تف لە ڕەنجی گوڵە هەڵوەریوەکەی ئەکات ، کەچی وەکی‌نر سا بە هەرهۆیەکەوە بێت نوکولی لەو هەڵوێستە ناهەمواری‌ی ئەکات ••• چونکە مرۆڤی خاوەن بیروباوەڕسا بیروڕای هەرچی بێت بەر لە هەموو شتێك هیچ نەبێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ ئەبێت • ' •••• سا بەو مەبەستەی زیاتر لە کرۆکی بابەتە سەرەکی‌یەکە دوور نەکەوینەوە نموونەی ئەو شیعرانە ئەهێنمەوە کەزەی غەریبیان لێ‌دێت •

شاعیر لە ژێر سەر دێڕی (جەژنی دوور وڵات)ی‌دا ئەڵی

مەواچان ، جەژنەن ، وەشین شادی‌یەن
وادەی سەیرانەن ، ڕۆژی ئازادی‌یەن
فەسڵی وەهارەن خەیمەی گوڵانەن
ئێڵاخان خاڵ خاڵ ، ڕۆژی بوڵ‌بوڵانەن
هاڕەی شەتاوەن ئەپای کۆسارا
ژایلە کەوتەن کۆنە هەوارا
پۆل پۆل نازداران ملان وەکۆسار
هەم سەیرانی گوڵ هەم دیدەنی یار

پڕوانە ل :٦

فۆلکلۆر

حەیرانوکێ

نجیب صالح بالایی

ئەگەر ئەم بهێن ، حەیرانوکا کوردی بدەنیە نیاسین‌و پێناسینەکا سەرپێ‌و سفك بۆ داینن ،دێ بێژین : « حەیرانوك سترانە شعرا میللی‌یەو ••• ڕهەکە ژ ڕپنێ ئەدەبێ کوردی ••• لایەکە ژ لایێت شعرا کوردی‌و سەروایەکا جوان‌و لێکرای یا هەی ••• بەلێ پا یا بێ کێشە »•

حەیرانوك : دهێنە چێکرن‌و گوتن لسەرزارێ عاشقاو خەم ڤەگێرا ، دەمێ دکەفنە سیپەلێت ئەڤینەکا دژوارو ، دکەفنە بەر دەفش‌و چەرخێت ژینەکا تەحل، وەختێ کانیا عشقا وان دهێتە شێلی کرن••یان سەخلەتێت ئەڤینا خۆ پێ دیاردکەن ، کچك دەمێ دبینیت دلداری وێ گەلەکێ بدلێ وێ‌یە ژ هەمی لافە ••• ئەڤجا لناف هەڤالا دێ پێ خۆڕیت‌و نەڤێت بچەند گوتنەکێت سادە بەحسێ‌وی بکەن ، دێ ڕابیت قەستا حەیرانوکێ کەت‌و بڕەنگەکێ شعری داڕێژیت‌و ئێخیتە قالبەکێ تازەو لێکدای ، هەر لسەر زارێ وێ بمینیت •

هەر وەسا دلداری وێ ژیك دڤێتن ب ئاخفتنێت هۆنەری سەخلەتێت دلبەرا خۆ خوەیا بکەت وەکی بەژن زارافی‌و پرچ ڕەشی‌و روی بخالیا وێ •

لێ حەیرانوك دکەلەپور ، ئەدەبێ کوردی‌دا لایێ دلداری بتنێ ناگریت‌و هەر وی لای بتنێ ڕوهن ناکەت ـبەلکی چەند لایەکێت دی دگریتن ـ وەکی پێگوتن‌و (رثاء) ، هافێتن‌و (هیجاء)، مەتحە کرناو گەلەك لاو بابەتێت دی‌تر •

ئەڤە ژی پارچەکا حەیرانوکێ‌یە ژ خاندەفانا ڕا دیاری‌یە :

کەڤیکێت بەفرێ جوتن ••• جوتن
دەستکێت هەلاڵ‌و بەپینا دبەفرێ ڕا سوتن
لاوکێ من بچویك بۆ ڕاستی‌یێت من‌و خوە دگوتن

● × ●

کەڤیکێت بەفرێ سپێنە ••• سپێنە
دەستکێت هەلاڵ‌و بەپینا جیرانانێت بەفرێنە
قاسدێت ناف بەینا من‌و یارێ مەلایەکەتێت خۆدێنە

● × ●

ئەز ل قەسیلێ تۆ ل قەنتەرێ
کەزی شوڕێ سەر کەمەرێ
ئەڤینا من‌و تە ئەڤینا لەیل‌و مەجنونێت دەورێ بەرێ

● × ●

ل بەر ڕویباری ل بەر ڕویباری
بەژنا بلند ل بەر ڕویباری
دو تۆ یێ دەستێ خۆل زەندام بدە ببە شکەڤێت
مەعلوم جهکێت تاریای

● × ●

حەیران ئەژتۆ دلبندین، پێش مقابلین
چاڤێت مە ڕەق بوون هندی تێك دڤوکورین
پایزا دویرە حەتا ئەم لێك دحەسلین

● × ●

تە شال شنێو ، شال هریۆ
دەرخانیکێ ما بابا من ڕا هل بوریۆ
ئەگەر نێچیرڤان بی ئەز کویڤیۆ
تە شال شنۆ ، شال مەرمۆ
دەرخانیکێ مال بابا من ڕا هل بوری بلەزو بەزۆ
ئەگەر نێچیرڤان بی ((خەزال)) بلەزو

١ ـ ئەڤ چەند مالکێت حەیرانوکێ یێت هاتینە وەرگرتن ژ زار دەڤێ (آمینە خالد)ی خەلکا گوندێ (ئورە)یە لدەفەرا بەرواری بالا •

جل‌و بەرگی میللی کوردی

چەفتەی مەلیکی

غفور میرزا کریم

مێژووی سەردەرهێنان‌و پەیدابوونی جل‌وبەرگی کوردی پەیوەندی‌یەکی بەتین‌و زیندووی بە مرۆڤی کوردەوە هەیەو بۆسەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە ، بە واتەیەکی تر بارودۆخی مەتبەندی کوردان‌و سروشتی ناوچەکەیان‌و دەوری بالاو گرنگیان لەسەر پەیدابوون‌و گۆڕانکاری‌و پێشکەوتنی جل‌وبەرگی کوردی‌و شێوەکانیدا بینیوە.

هەروەها ژیانی مەڕومالات‌و چوونە گەرمیان‌و کوێستان دیسانەوە دەوری گەورەیان بووە لە سازکردنی کەرەسەی جۆربەجۆری خوری‌و پەموو بەرگەن‌و موو مەرەزو کەتان‌و شتی تردا .

جل‌وبەرگی کوردی هەر لە سەرتاپاوە تا قنەدو کالەو پێتال هەمیشە لە گۆڕان‌و پێشکەوتن‌دایەو وەکو دیاردەیەکی نەتەوایەتی نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بووە .

کلاو : لە ناو جل‌وبەرگی کوردی‌دا کلاو بە بناغەو بنەی سەرەتایی ناوی دەرچووەو سوودی زۆری هەیە بۆ پاراستنی سەر لە سەرماو سۆلەی زستان‌و گەرماو گڕەی هاوین ، هەروەها بۆ ڕێکوپێکی‌و خۆ جوانکردنیش . کلاو بە وێنەی هەموو شتێکی تر لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا گۆڕان‌و پێشکەوتنی زۆری بەسەردا هاتووە چونکە کلاو بنەی سەروپێچەو سەروپێچی کوردەواریش گەلێ جۆری هەیە ، مشکی، علێخانی ، چەفتەی مەلیکی، سرکەیی ، جامانە ...

شیاوی باسە لە ناو ئەم سەرپێچانەدا چەفتەی مەلیکی شوێنێکی گرنگ‌و جێگایەکی تایبەتی هەیە ، لەبەرئەوە حەزمان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر رووبکەینە گەلێ لە سەرچاوەی هاوچەرخ‌و ڕۆشنبیرانی بیرتیژ ، گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلەکانی تری جیهان زاناو پیاوی گەورەی زۆری تیا هەڵکەوتووە ، بۆ نموونە : شێخ محمودی نەمر لە تێکڕا بەشەکانی کۆمەڵایەتی تردا - بۆ وێنە جل‌وبەرگ‌و .. شتەکانی تریشی‌دا بیرتیژی بەکارهێناوەو بایەخی بە شتی تازە داهاتوو داوە . لە ناو کەفوکول‌و ڕاپەڕینو سەرکەوتنەکانی گەلی کوردا، شێخی گەورە دەستی لە مل ئاواتی بەرزکردو ناوی بە مەلیك دەرچوو لەسەر تەختی هیواو نومێدی کوردانیشت ، لەم کاتەدا چەفتەی مەلیکی وەکو سەرپێچێکی تایبەتی کە شێخ دەیبەست لە ناو لایەنگران‌و کۆمەڵانی خەڵکی‌دا بلاوبووەوەو بوو بە سەرپێچێکی مێژوویی‌و دیاردەیەکی نەتەوایەتی‌و نیشانەیەکی نیشتمانی . وەکو لە لایەن مەلیکەکانی ترەوە شتی تر هاتە کایەوە . ئەمجا ئەم چەفتەیەش بریتی‌یە لە پارچە قوماشێکی چوار گۆشەی یەك مەتر زیاتر کە بازرگانانی سلێمانی لە بەغداوە ئەیانهێنا کە هەندێ وای بۆ دەچن کە یان لە موسڵ یا لە نەجەف هەیە کە بێویستە لێرەدا بەنجەی بۆ رابکێشرێ ئەویش ئەوە بوو پاش ئەوەی بوونی جەنگی دووهەمی جیهانی دی فوینس خزمەتی سەربازی تەواو کرد وچووە پەیمانگای سیمون بۆلیڤەیاندنی ئەکتەر کەزۆر لەهونەرمەندەکان لەم پەیمانگایەدا دەرچوون‌و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە .

وەهەر لەهەمان ساڵدا دی‌فونیس لەسەر شانۆ دەورێکی بچوکی لە شانۆکەر یەکدا بینی‌و سەرکەوتوو بوو تیایدا ، پاشان لەفلیمی (پەڕینەوەی پاریس) دادەوری بینی‌و بەهۆی ئەم فلیمەوە دوئەکتەری بەناوبانگی تری ناسی کەئەواشیش جان کابان وبورفیل بوون .

هەرچەندە (جان جبرێ) کە دەرهێنەرێکی لێهاتوو بەناوبانگ نەبوو لەوکاتەدا بەڵام پێویستە ناوی بخوێنرێتە وە لەژیانی لوی دی فونیسدا چونکە لەڕاستیدا ئەم دەرهێنەرە دروستدەکراو رەنگی هەمە جۆرەی هەبوو لە هەموویان زیاتر باو ، رەنگی مۆر ، رەش ، سوور بوو . لە پاش ئەوەی کە دەیانکرێ بە قەزازی کردن‌و گوآیکە پێداکردن دەیانکردە چەفتەیەکی جوان .

لەبەرئەوەی سەرەتای بەستنی ئەم چەفتەیە لە شیخ محمودی مەلیکەوە دەستی پێکرد ، ناویان لێنا چەفتەی مەلیکی دوایی بەهۆی چاولێکردنەوە بلاوبۆوەو خەڵکی دەیانبەست .

دیسانەوە لەبەر پیرۆزی، ئافرەتانیش بەکاربانهێنا یان دەیانکردە کۆڵ یا دەیانبەستەوە ، گەلێ باس‌و خواس هەیە لەسەر چەفتەی مەلیکی ، لەبەرئەوەی کە زۆری تێدەچوو تایبەت بوو بە خێزانە دەوڵەمەندەکانەوە ، ئەگەر کابرایەکی هەژار بیبەستایە ، هەموو خەڵکی تەماشایان دەکردو دەوڵەمەندەکان رقیان لێدەبۆوە ، وا دەگێڕنەوە یەکێ لە قەسابەکانی سلێمانی جاروبار چەفتەی مەلیکی بەستووەتەوە ، یەکێ لە پیاوە گەورەکانی شار بریاری داوەو سوێندی خواردووە مادام فلان دەیبەستێتەوە ئیتر من فرێی دەم ..

لطیف هەڵمەت نووسینگەی سلیمانی

دووەم پێشانگای تایبەتی

هونەرمەند عوسمان قادر ئەحمد

عوسمان قادر ئەحمەد هونەرمەندێکی لاوەو لە ساڵی ١٩٦٢دا لە شاری سلێمانی لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٨٠دا لە پەیمانکای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەرگیراوەو ئێستا فوتابی پۆلی سێی بەشی - رەسم‌و لە پەیمانگای سلێمانی ...

ئەم هونەرمەندە هاوبەشی لە گەڵێ پێشانگادا کردوە... وەکو : پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و پێشانگای لاوانی سلێمانی لە دهۆك‌و پێشانگای پێنجەمەی هونەرمەندانی سلێمانی‌و پێشانگای هونەرمەندانی عێراق لە ئیتالیاو پێشانگای هونەری کوردی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٨٢دا ... هەروەها لە قیستقاڵی یەکەمی هونەرە جوانەکان لە سلیمانی کە لە ساڵی ١٩٨٢دا ساز کرا ...شایانی باسە لە ساڵی ١٩٨٠دا پێشانگایەکی تایبەتی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساز کردوە ...

لە ڕۆژی ١٥-٢-١٩٨٣دا لە کاتژمێری چواری تەواوی ئێوارەدا بە سەرپەرشتی جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی پێشانگای دووەمی هونەرمەند عوسمان قادر کرایەوە ...



لەم پێشانگایەدا - ٩٣ - تابلۆی جۆربەجۆر (پۆترێت - مۆدیل - بابەت - دیمەن) خراپۆە ڕوو .. هەندێ لە تابلۆکان «وەك هونەرمەند خۆی ڕوونی کردەوە» هی‌پێشی ماوەی وەرگیرانیەنی لە پەیمانگاو ئەوانی تریشی هی کانی قوتابێتییەتی لە پەیمانگادا ... لە تابلۆکانی ئەم پێشانگایەدا زەیتی‌و باستیل‌و ئاوی‌و مەرەکەبی چینی‌و مۆنۆتایپ‌و باستیل‌و ئاوی تێکەڵاوی بە کارهێناوە .. ناوەڕۆکی بابەتەکانی رەنگدانەوەی کۆمەڵگای کوردەواری پێوە دیارە بۆ نموونە تابلۆی - ژنە ماست فرۆشەکان - کەوێنەی کوت‌ومتی ئەو ژنە ماست فرۆشانەیە کە لە لادێکانی دەوروبەری سلێمانی‌یەوە ماست دێنن بۆ شارو لە کۆمەڵ دادەنیشن‌و دەیفرۆشن ... هەروەها تابلۆی (کەوباز)و (گەرەکی قەزازەکان)و (لای مەیانی ماستەکە)و (ژن‌بەژن)و (دوکانی حاجی غەفووری ماست فرۆش) و (پیرەمەگروون)و (لە چایخانەی حاجی سەعبد!)و گەلێ تابلۆی تریشی ...

هەروەها وەکو هونەرمەند خۆی ڕوونی کردەوە جگە لەوەی کاریکەرێتی سروشتی ناوچەی کوردستان بە تابلۆکانی‌یەوە دیارە مامۆستا - کانیشی لە بواری هونەردا زۆریان هانداوە بە تایبەتی مامۆستای هونەرمەند بەختیار مستەفا ... شایانی باسە لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا جەماوەرێکی زۆر لە هونەر دۆستان‌و هونەرمەندان ئامادە بوون .

هونەر لەدەرلاو لەوڵا...

● داستانە جیهانیەکان بە فلیمی کارتۆن

لە ستودیوکانی دەزگای گشتی سینماو شانۆ دۆبلاج کردنی زنجیرەی « داستانە جیهانیەکان » لەسەر حسابی دەزگای بەرهەمی بەرنامەی ناوکۆیی وڵاتانی خەلیجی عەرەبی دەستی‌پێکردوە کە وەك یەکەم هەنگاو بریتی دەبێ لە ١٣ داستانی بە فلیمی کارتۆنی رەنگاو-رەنگ وەك: علاءالدین‌و چرای ئەفسانەاوی‌و علی باباو چل دزەکەو ... هتد .

● اسماعیل شبانەی برای عبدالحلیم حافظ

هونەرمەندو گۆرانی بێژ اسماعیل شبانە کە یەکێکە لە پێشەنگانی گۆرانی‌و موسیقای میسری‌و لە یادی هونەرمەندی نەمر عبدالحلیم حافظی برایدا دەڵێ :

عبدالحلیم یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە لێکۆڵینەوەی قووڵ‌و بەر فراوانەوە هونەرەکەی پێشکەشی جەماوەر دەکردو شێوەی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەبوو کە هیچ کەسی دی پەی پێنەبردووە ، هەروەها داهێنانەکەشی دیسانەوە بە توێژینەوەو دراسەی تایبەتی خۆیەوە بوو ..

● لاس‌و خەزال لە شانۆگەرییەوە بۆ تەلەفزیۆن

لەو ڕۆژانەی دواییدا هونەرمەندی لاو دەرهێنەر ناصر حسن لە وێنەگرتنی شانۆگەریی لاس‌و خەزال بووەوە کە لە نووسینی ناظم دلبەندەو ئێستا خەریکی مونتاجکردنە کاك ناصر لەدووانێکی زۆر کورتدا بۆ هاوکاری ووتی :

نزیکەی ١٠ ڕۆژ بە گوندەکانی هەولێرەوە گەڕاین تاکو دوو گوندی وامان دۆزییەوە کە لەگەڵ سروشتی دەقە فۆلکلۆریبەکەدا بگونجێ‌و ئەوسا دەستمان کرد بە کارکردن ، چونکە لاس‌و خەزال کە دوو دلداری پاکو عەشق پەروەری کورد بوون ، هەریەکەیان لە گوندێك بوون‌و هەروەو گوندەکەش نزیکی یەکتری بوون ، ئەمە بێجگە لەوەی کە من وێنەکانم بە شێوەی کاری سینەمایی تۆماز سینەمایی ، ئەوەی کردووەو بەدەسکارییەکی بچووك کارەکە دەبێتە شایانی باسیشە ئەوەیە کە ئێستا خەریکی ئەوەن کە دەقەکە بکەنە عەرەبی‌و لە قەنانی دووی تەلەفزیۆنی بەغداوە لەدواڕۆژدا پێشکەش بکرێ .

● فانی کۆنسون :

پیکەنین گیروگرفتی منە

لە ئەکتەرێکی ئاسایی‌یەوەبوو بە ئەستێرەیەکی ناودار. لە ساڵی ١٩٨٢یشدا هەڵپاڵێورا بۆ پاداشی باشترین ئەکتەری پلەی‌دووەم پاش ئەوەی لەگەڵ ئەکتەری میسری جمیل‌رانب‌لە فلیمی « ئەستێرەی- لای ژوورو »دابەشداری کرد . ئیستایش فلیمە تازەکەی فانی کوتنسۆن کە ناوی« هەموو کەسێ هەڵدەکا »یە ڕەواجێکی باشی دەرکردوە .

فانی ، نەك هەر ئەکتەری‌سینەمایە بەڵکو لە شانۆی « دولافیل»یشدا لە ناوجەرگەی پاریسی کۆندا دەوری خۆی دەبینێ .

گەورە) کە لە ساڵی ١٩٦٦ دابەرهەمهێنرا بەسەرەتای کارکردنیان بەیەکەوە دادەنرێ ، لوی‌دی‌فونیس هەموو کاتێك نەخشەیەکی دیاری‌کراوی بۆخۆی دادەناە بارەی ئیش کردنەوە، بریاری ئەوەی دابووکە لەساڵێکدا لەدوو فلیم یان سیان زیاتر تیش نەکات ئەمە جگە لەو فیلمانەی کە پێی دەوترا فلیمی جەندرمە کە زنجیرەیەك بوو لەو فلیمانەی کە جیرار ئورس هەڵدەستا بەدەرهێنانی دی‌فونیس تێیدا دەوری پاڵەدانی دەبینی لەوانە . شێتی بیاوە بەرزەکان سەر کێشیەکانی (رابی جاکوب) .

ئەوەی جێی سەرنجە دی فونیس تەنها لەبواری سینەماداکاری نەدەکرد بەڵکو جار جاریش ئەگەڕایەوە بۆجیهانی شانۆ ئەوە بوولە ساڵی ١٩٧٥ دا دەورێکی وەرگرتبو لە شانۆ گەری (فالسی زۆرانبازی گا)ی (جان ئانوی)دا کرا ، لەپاش ئەم ئیشەی دی فونیس تووشی نەخوشیەکی دڵ بوو زۆرهەستی بەناخۆشی‌و هیلاکی دەکرد ئەم نەخۆشیە وای‌لە هونەرمەند کرد کەلەچالاکی کەم بکاتەوە جونکە پێویستی بەحەوانەوەیەکی زۆر بوو .

وەلەساڵی ١٩٨٠ دالەشانۆگەری (بەخیل)ی موالیردا دەوری پاڵەواتەکەی دەبینی کەلە دەرهێنانی جان جیرۆ بوو بەم کارەی ئەتوانین بڵێین کەدی‌فونیس-بەتەواوی چووە ناوجیهانی ڕۆشنبیری کلاسیکیەوە . ئەوی جێی باسە لوی‌دی‌فونیس ژیانی هونەری لەگەڵ ژیانی دەرهێنەرەکەی دائەواو بوو کەپێش خۆی بەچەند مانگێك کۆچی دوایی کرد .

حمە شوانی عبداللە جعفر

ئەکتەری فەرەنسی

پێشتێکی گەنم ڕەنگ،لوتێکی گەورە هەموو کاتیك خەندە لەسەر لێوەکانی میوان بوو ، بەژن‌و بالایەکی کورت و بچوك بەڵام دڵێکی گەورە .

ئەمە شێوەی‌هونەرمەند لوی دی فونیس بووە . لە سەوەتای ژیانی تەمسیل کردنیدا چەند دەورێکی بچوکیان دەداپێ کەلەگەڵ شێوەی لەشیدا گونجاو بێ لەو دەورانەیشدا هەر کومبارسیك بوو، هیچی‌تر لەچەند کاراکتەرێکی (سیڤ) دادەوری دەبینی لەفیمە فەرەنسیەکاندا لەو دەورانە کە دەردەکەوت کابرایەکی بەتال یان خزمەتکاریك . بەم شێوەیە خەڵکی‌کەم هونەرمەندەیان لەسەرەتای ساڵەکانی چل‌دا لەفلیمە فەرەنسیەکان بەدی-کرد ، بەڵام بەهۆی زیرەکی -وتێکوشانی خۆیەوە ماوەیەکی زوری نەخایان سەرنجی بینەرانی بۆخۆی ڕاکیشاو حوی کرد بە هاورێیەکی نزیکی خەڵکی فەرەنسی وجیهانی ئەمەش وای لەسینەمایەکان کرد بەدوایدا بگەڕێن‌و ئیشی لەگەڵ بکەن .

لەساڵی (١٩١٤) دالەو کاتەی کەجیهان یەك پارچە ئاگربوو ئەم هونەرمەندە پێی نایە سەر جیهان ، باوکی پارێزەرێکی پیری کەم دەرامەت بوو . ئەمە بالی بە (لوی دی‌فوینس) ەوە نا کەخوی هەولبدات بۆ بیگەیاندنی خۆی ئەوە بوو لەم ماوەیەی ژیانیدا چەند کارپکی کرد لەوانە سەردەمیك لەلای کابرایەکی فەروو فرۆش شاکردی دەکرد پاش ماوەیەکی تر خەریکی میکانیکی (فیتەر) بوو ، ئەمانە هەمووی لەلایەك ولەلایەکی تر ئارەزووی بۆ تەمسیل کردن کینلی دەخوارد ولەمێشکیدا بەلام هەر بەبێ دەنگی مایەوە باسی لێنەوەکرد ، لەیەکێ لە . یانەکاندا فێری لێدانی پیانۆ بوو وەبەم حالە سەردەمێك لەیانەکاندا بەشەو پیانۆی لێدەدا ، ئەوەی شیاوی باسە هونەرمەند لەپشودانیدا لەلێدانی پیانۆ ئارەزووی ئەوەی دەکرد کەخۆی بناسێنێ بەو ئەکتەرانەی کەرۆویان دەکردە یانەکە وەبەم هۆیەوە بووبە هاورێی چەند ئەکتەرێکی کۆمیدی ناسراو لەوکاتەدا ، لەوانەش (روبیروبری)و خێزانەکەی کە (کولیت بروسێ)بوو وەهەر لە هەمان شوێندا (دانیل جیلان)ی ناسی کەتەم هونەرمەندە، دەورێکی گرنگی بینی لەزیانی دی‌فوینس داچونکە بەهۆی ئەمەوەبوو دی‌فونیس چووە جیهانی سینەماوە .

بەهۆی ئەم‌کابرایەوە دی‌فونیس دەکوو کومبارسیك دەردەکەوت ، وەیەکەم فیلم لەساڵی ١٩٤٥ دابوو کەفلیمی (اغراء باربیرون)بوو لەدەرهێنانی جان ستیلی هەروەها خالێکی گرنگ تر بووە هۆی بەرزکردنەوەی ناوی دی‌فونیس لە جیهانی وسینەمادا وە لەکومەڵێك لەو فلیمانەی کە دەریهێنان دی‌فونیسی وەك پالەوانێك دەردەخست‌و دی‌فونیس توانی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێ‌و سەرنجی بینەر بۆخۆی رابکێشێ وخۆی ئەوەبووە بکات لەلایان ئەوەبووە سەرمایەیەکی زۆریشی بەدەست هێنا .

لەساڵی ١٩٦٧ دالەگەڵ دەرهێنەر (ئەدوارد مولینارو)دا لەفلیمی (ئوسکار)دا ئیشی کرد . وەلەبەر ئەوەی کە دەرهێنەر گرنگیەکی زۆری دابوو بەم فلیمە دەیویست کە دی‌فونیس پێ بگات‌و سەرکەوتووبێ ئەوە بوو ناسانەدی بە جیدار ئوری دەرهێنەری هاورێی ، لەم کاتەدا دی فونیس خۆی هەستی‌بەوە دەکردکە بەرەوپێشکەوتن دەڕوات دەهەروەها دەرهێنەریش لەلای خۆیەوە هەستی‌بەوە دەکرد کەلە هەڵبژاردنەکەیدا هەڵەی نەکردوە فلیمی (گەشتێکی درووستدەکراو رەنگی هەمە جۆرەی هەبوو لە هەموویان زیاتر باو ، رەنگی مۆر ، رەش ، سوور بوو . لە پاش ئەوەی کە دەیانکرێ بە قەزازی کردن‌و گوآیکە پێداکردن دەیانکردە چەفتەیەکی جوان .

لەبەرئەوەی سەرەتای بەستنی ئەم چەفتەیە لە شیخ محمودی مەلیکەوە دەستی پێکرد ، ناویان لێنا چەفتەی مەلیکی دوایی بەهۆی چاولێکردنەوە بلاوبۆوەو خەڵکی دەیانبەست .

دیسانەوە لەبەر پیرۆزی، ئافرەتانیش بەکاربانهێنا یان دەیانکردە کۆڵ یا دەیانبەستەوە ، گەلێ باس‌و خواس هەیە لەسەر چەفتەی مەلیکی ، لەبەرئەوەی کە زۆری تێدەچوو تایبەت بوو بە خێزانە دەوڵەمەندەکانەوە ، ئەگەر کابرایەکی هەژار بیبەستایە ، هەموو خەڵکی تەماشایان دەکردو دەوڵەمەندەکان رقیان لێدەبۆوە ، وا دەگێڕنەوە یەکێ لە قەسابەکانی سلێمانی جاروبار چەفتەی مەلیکی بەستووەتەوە ، یەکێ لە پیاوە گەورەکانی شار بریاری داوەو سوێندی خواردووە مادام فلان دەیبەستێتەوە ئیتر من فرێی دەم ..

institut kurde de paris

دەوری گەلی کوردمان لە جەنگی قادسیەی صەدامدا

ماموستا هاشم حسن عقراوی

« ئەمە دەقی ئەو ووتارەیە کە مامۆستا هاشم حسن لەو کۆڕەدا خوێندیەوە کە دەزگاکامان دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی لە هۆلی (رباط) رۆژی ٥-٤-١٩٨٣ ڕێکی‌خست » .

دەوری گەلی کوردمان لە جەنگی پیرۆزی قادسیەی صەدامدا وولاتی عیراقمان زۆرتر لە دوو ساڵە تووشی گەورەترین پیلان هاتووە کە دەتوانین ناوی لووتکەی پیلانگێڕانی لێ‌بنێین ، ئەویش لە لایەنی رژێمی ئێران‌و ئیمپریالیەت‌و زایۆنیزم‌و لە لایەن هەموو دوژمنەکانی ترەوە کە رقیان لەم رژێمە شۆڕشگێڕی‌یەیە لە عیراقدا وەك رژێمی سووریاو لیبیاو لەلایەن هەندێك لە خاینانی گەل‌و چلکاو خۆرەکانەوە لە پێلانگێڕەکان‌و گێرەشێوێنەکان .

ئەم پیلانە گەورەیە مەبەستی بنیاتی شۆڕشگێڕانەو سەرجەمی دەستکەوتە بەدی‌هاتووەکانی جەماوەری گەلی عیراقمانە پاش شۆڕشی پیرۆزی ١٧ - ٣٠ی تەمووز .

هێزە نێو دەوڵەتی‌یەکانی ئیمپریالیزم لەو باوەڕەدا بوون کە پاڵ نان بە رژێمی ئێرانەوە کە بە بیرو لە بواری مێژوودا ئامادەبووە بەگژی عیراقدا بکەن بارودۆخی باشتریان بۆ بەدی‌دەهێنێت بۆ سەر لەنوێ دەست بەسەرداگرتنەوەی ئێران پاش ئەوەی پاش ڕووخانی رژێمی شا شوێنەکانیان کەوتنە لەرزینەوەو ناکۆکی لەگەڵ عیراقدا لە بواری سوپایی‌و ئابووری‌یەوە رژێمی ئێران بێ‌هێز دەکات هەروەها عیراقیش بێ‌هێز دەکات‌و بە جەنگێکی درێژخایەنەوەی خەریك دەکات لە چالاکی‌و کارتێکردنی لە مەیدانی عەرەبی کەم دەکاتەوەو دەوری لە کێ بەرکێی دژ بە زایۆنیزم‌دا بێ‌هێز دەکات ئەمەیش بارودۆخێکی شیاو دەخوڵقێنێت بۆ ڕێکخستنی باری ناوچەکە بەو چەشنەی کە خزمەتی ئامانجەکانی دوژمنان بکات .

خومەینی ماوەیەکی زۆر لە عیراقدا بوو ئەگەرچی ئەو لەو ناکۆکی‌یەیدا بوو دژ بە رژێمی شا لەگەڵ ئەو یارمەتیدانانەش‌دا کە شۆڕش پێشکەشی خۆی‌و دەست‌و تاقمەکەی دەکرد لەم ناکۆکی‌یەدا ئەوا خومەینی لە هیچ کاتێك‌دا هەڵوێستێکی باشی بەرانبەر بە عیراق‌و بەرانبەر بە شۆڕش تێیدا نەنواندووە ، بەڵکوو هەڵوێستی هەمیشە لە بناغەوە هەر سەلبی بووە چونکە لە رق‌و کینەی کۆنی فارس‌و لە شتی دواکەوتوو لە ڕێ‌لادەرەوە هەڵقوڵاوەو دژ بە هێڵی نەتەوەیی‌و سۆشیالیستی‌یە کە شۆڕش لەسەری دەڕوات .

ئەگەرچی شۆڕش بەم ڕاستی‌یەی دەزانی ئەوا هیچ خراپی‌یەکی بەرانبەر بە خومەینی نەکردو قبوولی‌کرد خومەینی لە عیراقدا بێت ئەویش لە ئیلتیزاماتی میوانداری‌ی عیراق‌و عەرەبی‌یەوە .

پاش‌ئەوەی خومەینی دەستەڵاتی لە ئێران‌دا گرتە دەست بە شێوەیەکی فراوان دەست بە هێرشی درۆو دەلەسەو هێرش بۆ سەر شۆڕش‌و دەستدرێژی کردن بۆ سەر دەزگاکانی عیراق لە ئێران‌دا کراو دەستدرێژکاری لە ناوچە سنووری‌یەکان‌داو هەڵوێستی تری دوژمنایەتی کردنی ئاشکرا .

لەبەرئەوەیە هەڵوێستی خومەینی لە بناغەدا هەڵوێستێکی دژ بە شۆڕش‌و بەعیراقەو هێزەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنی ئەوپەڕی سوودیان لەم دەستەوتاقمە وەرگرتووە .

ئەوەبوو پاش‌ئەوەی خومەینی دەستەڵاتی گرتەدەست دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا کە زایۆنیزم دەستێکی گەورەیان تێیاندا هەیە بەشێوەیەکی فراوان بایەخیان بە مەسەلە مەزهەبیەکان دەدا لە عیراق‌داو هەواڵو لێکۆڵینەوەی پووچیان دەربارەی گوایە ناکۆکی‌یە مەزهەبی‌یەکان تێیدا بڵاودەکردەوە .

زایۆنیزم خەریك‌کردنی عیراق‌و بێ‌هێزکردنی بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دادەنێت بە ڕێژەی ئاسایشی قەوارەی زایۆنی‌و نامانجەکانیەوە لە ناوچەکەدا چونکە عیراق گەورەترین‌و بەهێزترین وولاتێکی عەرەبە لە ڕۆژهەڵات‌داو کە زایۆنیزم ئەم ئامانجە وەدی‌دەهێنێت ئەوا بەوەی دادەنێت کە یەکەمین مەترسی کە هەڕەشەی لە قەوارەکەی دەکرد نەما .

دەشزانێت کە شێوەی خومەینی لە حاڵەتی بڵاوبوونەوەی‌دا بەسەر عیراق‌و بە وولاتانی تری ناوچەکەدا دەبێتە هۆی دابەش‌کردنی عیراق‌و وولاتانی ناوچەکە بەوەیش قەوارەی زایۆنی ڕەوایەتی بۆ خۆی چنگ دەخات کە ئیستا لە نێوان وولاتانی ناوچەکەدا لە دەستی داوەو دەبێتە دەوڵەتۆچکەی بەهێزترو زۆر پێشکەوتووتر لە نێو دەوڵەتە بچووکە تایەفەگەری‌و ڕەگەزی‌یەکان‌دا بەمەیش خەونی مێژوویی زایۆنیزم دێتە دی بۆ دەست بەسەرداگرتنی تەواوەتی بەسەر ناوچەکەدا .

سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بەرانبەر بەم هەڵوێستی دوژمنکاری‌یە سەری سوڕنەما کە رژێمی خومەینی دژ بە عیراقی ڕاگەیاند سەرکردایەتی چاوەڕوانی ئەم جۆرە هێرشە ئاشکرایەی دەکرد بۆ سەرخۆی بۆیە نەخشەو هەڵوێستی توندو ووردبینی‌ی خۆی هەبوو شۆڕشیش پشتی بە گەورەترین دەستەکی هەڵکیرراو دەبەست کە ئەویش گەلە

چونکە جەماوەر کە شۆڕش لە هەموو جەنگە سیاسی‌و سوپایی‌یەکانی خۆیدا پشتی پێ‌دەبەستێت ئەو سەرچاوەیەیە کە لە بن‌نایەت .

دەتوانین بڵێین هەموو عیراقی‌یەکان لە جەنگی قادسیەی صەدام‌دا بەشداری‌یان کردووەو لەوە نەشاز نەبووە چەند کەسێکی کەم نەبێت لە خاین‌و ڕق لە دڵەکان .

لەگەڵ ئەو پشتگیری‌یە گەورەیەی بۆ رژێمی خومەینی دەکرا لە لایەن لایەنە ناسراوەکانەوە ئەوا وەڵامدانەوەی سوپایی زۆرتوندو کاریگەربوو بەچەشنێك هەموو لایەنانی پیلانەکەی سەرسوڕمان کرد .

ئەوەبوو جەماوەر لەدەوری سەرۆکایەتی‌ی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین گردبوونەوەو ڕاپەڕین بۆ بەرگری کردن لە شۆڕش‌و لە بیروباوەڕو نەریتە بەرزەکانی .

سوپای عیراقیش کە توانایەکی بەرزو ئامێرو چەکی پەرەسەندووی هەیە لە ڕادەی جەنگ‌و هەڕەشەکەدا بوو توانی‌ی دەستدرێژی‌یەکە هەر لە سەرەتایەوە ڕەت‌بکاتەوەو سەرکەوتنێکی سوپایی گەورە بەسەر پێنجەمین سوپا لە جیهان‌دا وەدی‌بهێنێت کە ئیمپریالیەت‌و زایۆنیزم هیوایەکی گەورەیان لێ‌دەخواست ، ئەوەبوو هێزەکانی سوپاو گەل لەگەڵ یەکدا چوونە جەنگەوەو ڕیزی جەنگاوەران لە ڕۆڵەکانی گەل لە چوارچێوەی سوپای میللی‌دا کەوتنەڕێ لە هەموو کەرتەکان‌دا بەوەیش خەونی رژێمی خومەینی‌و ئەوانەی پشتیان گرتووە ڕووخا بۆ دەست بەسەرداگرتنی عیراق‌و ڕووخاندنی رژێمە شۆڕشگێڕی‌یەکەی‌و ڕێڕەوی شۆڕشیش هەر لەسەر ئەو هێڵە بەردەوامە کە سەرکردایەتی‌یەکەی بۆی نەخشاندووەو شتی دڵنیایی ئەوەیە کە عیراق سەرکەوتنی لەم جەنگە ڕەوایەدا دژ بە دەستدرێژی‌ی رژێمی ڕەگەزپەرستی کۆنەپەرستی ئێران وەدەستهێنا لە هەموو بوارێکی سوپایی‌و ڕامیاری‌و فیکری‌دا .

خومەینی لەم جەنگەو لەم دەستدرێژی‌یەی بۆ سەر عیراق گرەوی لەسەر چی‌یە ؟

دوژمنانی گەلی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب هەوڵیان دا ئەو بنەمایانە بڕووخێنن کە قەوارەی نوێ‌ی عیراق پاش شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمووزی پیرۆز لە سەریان دامەزراوە پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە بووەتە قەڵای ئازادی لە ناوچەکەدا ئەویش بە جۆرەها شێوازی کۆن‌و نوێ بەتایبەتی دوای ئەو دەسکەوتە گەورانەی لە بواری نیشتمانی‌و نەتەوەی‌یدا وەدی‌هاتن‌و دوای خۆشگوزەرانی ئابووری کە هەموو لایەکی عیراقی گرتەوەو ئەو بە پیری‌یەوە چوونە زۆرەی لە بنیاتنان‌و ڕاپەڕاندنی پرۆگرامەکانی پەرەپێدان‌و گردبوونەوەی گەل لە دەوری سەرکردایەتی‌یە مێژوویی‌یەکەی خۆی بە سەرۆکایەتی هاوڕێ‌ی تێکۆشەر صدام حسین .

هەوڵەکانی دوژمنان لە زنجیرەیەك پیلان‌دا خۆیان نواند کە هەموویان نشوستی‌یان هێنا ئەوەبوو دەبوو ڕووبەڕوو بوونێکی ئاشکرا لەلایەن ئەو دوژمنانەوە ببێت نەك هەر تەنیا لە بواری نیشتمانی‌دا بەڵکوو لە بواری نەتەوەیی‌و جیهانیش‌دا بەڵام شۆڕش بۆ ئەم نەخشەیە نوێ‌یە ئامادەبوو رژێمی ڕەگەزپەرستی ئێرانیش چاکترین کەس بوو ئەم کارە ئەنجام بدات ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی زۆرو قوول بە تایبەتی لە سایەی رژێمی خومەینی‌دا کە لە ناو ڕق‌و نینەو دواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستی‌دا خنکاوەو دەبوو ئەم رژێمە کە لە مێشکی خۆیدا بیری فراوان‌بوونەوەو زاڵ بەسەردابوونی هەڵگرتووە بەسەر ناوچەی کەنارو نیشتمانی عەرەب‌دا کارێکی وا بکات بەکارێکی سوپایی دژ بە عیراق کە نایەڵێت ئەو فراوان‌بوونەوە ڕوو بدات بە ئامانجی ڕووخاندنی رژێمی شۆڕشگێڕی پێشکەوتووی بە هاندان لە لایەن ئیمپریالیەت‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان‌و هەندێك رژێمی خاینەوە کە حەز لە عیراق ناکەن لەبەر هەڵویستە بیروباوەڕانەکانی تاکوو هەموویان بۆیان بلوێت بارودۆخ لە ناوچەکەدا بەو چەشنە ڕێك بخەنەوە بەرژەوەندی‌ی هاوبەشییان دابین بکات .

بەر لە دەستدرێژی‌یەکەیش دەبوو رژێمی خومەینی دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی عیراقەوەو دەستدانە زنجیرەیەك زیادە ڕۆیشتن لە سنووری هاوبەشی‌و پێشێل کردنی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ کە لە نێوان عیراق‌و ئێران‌دا مۆرکراوەو ڕەت‌کردنەوەی بەدەنگەوە هاتنی داخوازی‌یە ڕەواکانی عیراق لە وەدەستهێنانەوەی خاك‌و ئاوی خۆی هەروەها خومەینی هانی حزبەکەی خۆی‌دا حزبی ئەلدعوە لەگوێ‌ی (الدعوة) کە هەندێك کاری کوشتن‌و وێرانکاری لە بەغداو چەندشارێکی تری عیراق‌دا ئەنجام بدات ، ڕووداوی مستەنصریەو بەڕێ‌کردنی شەهیدەکان دیارترین کاریان بوو لەم بارەیەوە هەروەها کوڕەکانی بارزانی‌و دەست‌و تاقمەکەی کە لە ئامێزی مرخابەراتی مەرکەزی لە ئەمریکادا دەژیان کەڕاندەوە بۆ ئێران بۆ ئەوەی دەست بە کاری وێران‌کردن بکەن لە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی‌داو فەرمانی بە هێزەکانی دا تەقە لە مەخفەرو شارەکان‌و دام‌و دەزگا ئابووری‌یە نزیکەکانی سەر سنوور بکەن بە تۆپخانە ئەمە هەمووی بۆ ڕێ خۆش‌کردن بۆ دەستدرێژی‌یەکی سوپایی فراوان بۆ سەر عیراق .

لەگەڵ هەموو ئەم کاری دەستدرێژی‌یانەدا کە رژێمی خومەینی ئەنجامی دان هەر لە قسەکردن‌و دووانی شەڕ پێ‌فرۆشتنەوە تا دەگاتە بۆردمان‌کردنی شارو دام‌و دەزگاکانی عیراق بە تۆپخانە ئەوا عیراق هەر لایەنی ئاشتی‌و نەریتی نێو دەوڵەتی‌ی گرتووە لە چارەسەر کردنی ناکۆکی‌یەکانی نێوان دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی سەربەخۆیی نیشتمانی‌ی بەرانبەرانەو دەست تێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆو ددان‌نان بە مافە ڕەواکانی هەردوو لادا بەڵام ئەم ڕەنجانە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك بە هۆی مل هوڕێتی‌و فیز بەرزی‌و خۆبە زل زانینی ئێرانەوە .

کاتێکیش کە کاروبارو گەیشتە ڕاگەیاندنی نەفیری عام لە ئێران‌داو داخستنی ئاسمانی ئێران لە بەردەمی هات‌وچۆی فڕۆکەداو گرتنی تەنگەی هرمز لە بەردەمی کەشتیرانی‌دا هیچ شتێك نەمایەوە ئەوە نەبێت خواستی گەل‌و نەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستدرێژی‌یە ئاشکرایە جێبەجێ بکرێت بۆ بەرگری کردن لە شەرەف‌و سەربەرزی بەبێ ئەوەی عیراق ئارەزووی جەنگ کردنی هەبێت‌و بەبێ ئەوەی ئەم جۆرە بڕیارە بدات .

لەم بوارەشدا بەڕێز سەرەك صدام حسین پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە (ئێمە جەنگمان ناوێت دژ بە ئێران چونکە بڕیارمان جەنگ نی‌یە بەڵکوو بڕیارێکمان بەدەستەوەیە ئەوەیە هەموو خاڵێکی عیراقی بگێڕینەوە کە فارسەکان داگیریان کردووەو ئێمە هیچ چاوێکمان لە خاکی ئێران نی‌یە) .

کە خومەینی‌و دەست‌وتاقمەکەی بڕیاریان‌دا دەستدرێژی بکەنە سەر عیراق ئەوا لەمەدا بەبێ‌گومان پشتی بە چەند هۆیەك دەبەست وای لێ‌بکات جەنگ بباتەوە بە گوێرەی لێکدانەوەکانی خۆی .

خومەینی گرەوە لەسەر چەند مەسەلەیەك کردبوو کە لەو باوەڕەدا بوو لە بردنەوەی جەنگ‌دا زۆر گرنگن ، گرنگترین ئەوانەیش ئەمانەن :-

١ - سوپا گەوردەکەی کە زۆر چەکی ئەمریکی‌ی پەرەسەندووی هەیە کە شای پێشوو ئێرانی کردبووە تەرسانەیەکی گەورەی ئەم چەکە .

٢ - دانیشتووانی ئێران کە سێ ئەوەندەی دانیشتووانی عیراقن .

٣ - جوگرافیای ئێران‌و پان‌و پۆڕی‌ی زەوی‌ی بە بەراوردکردنی لەگەڵ ڕووبێوی عیراق‌و قوولی‌ی جوگرافی‌یدا سەرەڕای ئەم تەقدیر کردنە سەرژمێریاندەدا خومەینی گرەوی لەسەر یەکێتی‌ی نیشتمانی کردبوو لەو باوەڕەشدا بوو کە لە توانایدایە بێ هێزی بکات‌و کە لێنی تێ‌نجات بە هۆیانەوە بێتە ژوورەوە ئەویش بە لێدانی تەلی تایەفەگەری‌و ڕەگەزی، داواکاری‌و کارەکانی لەم بوارەشەوە زانراون کاتێك چلکاوخۆرو ئەلق لە گوێکانی لەو دوو ڕێڕەوەدا کەوتنە خۆ .

خومەینی لە حیساباتی خۆی‌دا بەهەڵەداچوو ئەو کە لە ناو ڕەگەزپەرستی‌دا نوقوم بووە نەشیدەتوانی تایبەتێتی‌ی بنیاتی شۆڕشگێڕانە لە عیراق‌دا تێ‌بگات‌و هەر ئەو تەنیا نەبوو کە کەوتبووە ئەم هەڵەیەوە ئەوەبوو ئیستیعمارو چلکاوخۆرو بەکرێ‌گرتەو کلکەکانی‌و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵکانی کەوتبوونە هەمان تێکەوتنەوە کە بۆ حسێب بۆکردنە ئاسایی‌یە کۆنەکانیان گەڕانەوەو لە لای ژمارە ڕووتەکانیان ڕاوەستان بەبێ‌ئەوەی بایەخ بە نەرینە گیانی‌و واتایی‌یەکان بدەن بەوەدا باوەڕیان وابوو کە شۆڕشی ١٧-٣٠ی ئەمووز ڕووداوێکی کاتی‌یە ئەوەندە نابات لەناودەچێت .

شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز ڕووداوێکی ئاسایی تێپەڕبوو نەبوو بەڵکو بزووتنەوەیەکی گۆڕانکاری‌ی بنەڕەتی بوو هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوەو مەبەستی بنیاتێکی بنچ‌و ناوەڕۆکی ڕامیاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی قوول بوو توانیشی لە چوارچێوەی ڕەوتی دژواری پڕ لە هەڕەشەو کۆسپی خۆیدا ئەم بنیاتە بەرزە ئازیرە دەست بخات پاش ئەوەی باوەڕی جەماوەرو خۆشویستنی گەل‌و یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی دەستگیر بوو .

خومەینی حسیب‌و تەقدیرکردنی خۆی هەبوو سەبارەت بەو جەنگە دەستدرێژی‌کەرانەی کە هێنایە سەر عیراق‌و ئێمەیش حسابات‌و تەقدیراتی خۆمانمان سەبارەت بە بەرگری کردنی ڕەوایانە لە ماف‌و سەربەرزی خۆمان هەبوو کە بەتەواوەتی پێچەوانەی حسابە ڕووتەکانی خومەینین کە لەسەر خەون‌و خەیاڵ دامەزراون‌و حساباتەکاتمان پشتیان بەم مەسەلە بنەڕەتی‌یانەی خوارەوە بەستووە :-

١ - پتەوی‌ی خواستی نیشتمانیمان کە لە چوارچێوەی جەنگەکانی ترەوە وەدی‌هاتوون کە عیراق کردوونی‌و توانای سەرکردایەتی لە ئاراستە کردنی ئەو خواستەدا بەرەو ئامانجی مەبەست .

٢ - توانای سوپای دلێری عیراقیمان‌و شارەزایی کەلەکە بووەکاکی کە لە جەنگە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکانی پێش شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزو پاشیشی وەدەستی‌هێنارن‌و ئەو گیانی پیاوەتی‌و قوربانی‌دانەی کە هەیەتی‌و بەشداری‌کردنی دیاری لە شۆڕشەکانی گەلەکەمان‌دا دژ بە داگیرکارانی لە ئیستیعمارو ڕژێمە کۆنەپەرست‌و دکتاتۆریەکان سەرەڕای ئەو نەریتە نوێ‌یانەی کە لە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزەوە وەری‌گرتوون کە کارێکی زۆری هەبوو لە توانای جەنگ‌کردنی‌دا بە گیانێکی وورەی بەرزەوە کە لە کارە پاڵەوانی‌یەکانی پێشووو لەمەودوایشی‌یەوە وەری‌گرتوون .

٣ - پتەوی‌ی ئابووریمان‌و چەسپاوی‌ی بنکەو گۆشەکانی پاش ئازاد کردنی سامانی نەوتمان لە چنگی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵکان‌و دەوری کاریگەرو کارتێکەری لە پەرەپێدانی توانای سوپایی سوپاکەمان‌و هێزە چەکدارەکانی ترمان .

٤ - بەشداری کردنی سوپای میللی لە جەنگەدا پاش مەشق‌کردن کە جەنگاوەرەکانی بە گوێرەی‌ی شێوازی پشت پێ‌بەستراوی نوێ پێ‌یان کراوە .

٥ - یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی گەلان‌و پتەوی‌ی بەرەی ناوخۆمان کە پاڵی بە ڕۆڵەکانی گەلی عیراقی مەزنەنمانەوە نا بەشداری‌ی پراکتیکی‌و ویژدانی بکەن لە جەنگ‌دا هەر لە سەرەتای دەست پێ‌کردنیەوەو بەدوودا چوونی لاپەڕە پرشنگدارەکانی‌و ئامادەیی تەواوەتی بۆ خۆبەخت کردن‌و فیداکاری .

لەسەر بناغەی ئەم حساباتە ووردەو لە چوارچێوەی ئەم ڕاپەڕینە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی‌یەوە دابەزینە شکومەندترین‌و پیرۆزترین داستانەوە کە داستانی قادسیەی صەدامە .

(ماویەتی)

Institut Kurde de Paris

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە لایەن گرێک و یونانەوە

د. کوردستانی موکریانی
بەغدا

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی گرێکو رۆمان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیروڕای زمانەوانی ئەمڕۆی ئەوروپی یەکان کردووەو ژیاری گێتی کۆنی پاراستووە • لە لایەن گریکەکانەوەتیوری زمان بەشێك بووەلە فەلسەفە هەر بۆیە بووە لەبەر تیشکی فەلسەفەدا لە بابەتی زمانەوانی یان کۆلێوەتەوە • یەکێك لەو باسانەی ، کە لە سەرەتادا سەرنجی راکێشاون و لێیان کۆلێوەتەوە ، بابەتی پەیدابوونی زمان بووە •

مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە لایەن گریکەکانەوە بە دوو قۆناغ تێپەڕیوە :-

یەکەمیان : فەلسەفی ، کە لە سەدەی پێنجەم ، تا سەدەی سێیەمی پێش زایین بووە ، لەم پلەیەدا وەك بەشێکی فەلسەفە لە زمانیان کۆلێوەتەوە ، ئەو بابەتانەی باسیان کردووە ، بابەتی گشتی زمانەوانی وەك ڕێزمان و بەتایبەتی زانستی فۆنۆلۆژی ، بەڵام هێژ لەم سەردەمەدا دەنگ و پێتیان لێك جیانەکردۆتەوە ، هەروا باسی ئیتیمۆلۆژی ووشەشیان کردووە •

دووەمیان : قۆناخی ئیسکەندەریە ، کە لە سەدەی سێیەمی پێش زایین ، تا سەدەی چوارەمی زایینی دەگرێتەوە •• لەم سەدانەدا قوتابخانەی ڕێزمانی پەیدا بوو ، ڕێزمان وەك زانستێکی سەربەخۆی لێهات ، لێکۆلینەوەکانی ئەم قوتابخانەیە پەرەی سەند، بەوەی بابەتی لێکۆلینەوەی بەراوردکاری بووە ، کە بە هۆیەوە وێژەی گریکو رۆمان پارێزراو شەقڵی فیلۆلۆژیشی پێوە دیار بوو • ڕێزمانی ئیسکەندەریە لە دەنگی کۆلێوەتەوە ، کە بیست و چوار دەنگ بووە ، (٧) حەوتی بزوێن و (١٧) حەفدەی نەبزوێن • ووشە بەشی ئاخافتنی پێکهێناوە ، کە بڕێتی بووە لە هەشت بەش ، نێو ، کار ، کاری کارا بزر ، پارتیکل ، جێناو، پرەپۆزیشن ، ئاوەڵکارو ئامراز •

هەروا ئەم قوتابخانەیە لە ڕستەشی کۆلێوەتەوەو لەو باوەڕەدا بووە ، کە ڕستە لە چەند ووشەیەکی لێکدراو پێکهاتووەو بیرێك دەردەبڕێ •

لەو نووسەرانەی ، کە سەرباری پسپۆری خۆیان باسی بابەتی زمانەوانیشیان کردووە ، فەیلەسوفو مەنتیار (تیت لوکریچیکار)، کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین ژیاوە ، لە نێو هۆنراوەکانیدا باسی پێوەندی دیاردەی سروشتی، هەروا زمان و مرۆڤی کردووە • پلاتون (٤٢٧ – ٣٤٧ پ •ز•) لەژێر تیشکی ئایدیالیستدا لە زمانی کۆلێوەتەوە •

خریسی و کراتیس لە زمان دواون و لەو باوەڕەدا بوون کە زمان بە مرۆڤەوە تایبەتەو هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر •

هەروا ئەریستۆ (٣٨٤–٣٢٢پ•ز) لەبەر تیشکی بیروڕای مەتریالی داله ووشەی کۆلێوەتەوە ، ئەریستۆ لە بەر هەمی هۆنراوەیدا ئاخافتنی دابەش کردۆتە سەر دوو بەشی سەرەکی ،، نێوو کار • نێو بە بیروڕای ئەریستۆ بەشێکی سەربەخۆیە لە رووی واتاوەو کاتی تێدا نییە ، کاریش لە لای ئەو لە رووی واتاوە سەربەخۆیە ، بەڵام کاتی تێدا نییە • نێوبراو لە بەرهەمی ڕەوانبێژیدا باسی سێ بەشی ئاخافتنی کردووە ، نێو ، کارو ئامراز، هەروا هێندێك لایەنی دۆخی تیان (ناراستەوخۆی) بەشەکانی ئاخافتنی روون کردۆتەوە • لە باسی نێودا ڕەسەنی نێرو مێ و بێ لایەنی پێشان داوەو لە رووی دارشتنەوەش دابەشی کردۆتە سەر سادەو نەسادە• ئەریستۆ باسی ڕستەشی کردووەو دەڵێ : ڕستە لە کۆمەڵێك دەنگ ، کە واتایەکی سەربەخۆ دەبەخشێ پێکهاتووەو ئەو بەشانەی ،کە پێکیدەهێنن ئەوانیش بە تەنیا واتا بەخشن •

ماویەتی

پارچە فۆلکلۆریە کەی کاك کەمال دۆلپە موویی ناتەواوە

محمد علی قەرەداخی

لە ژمارە «٦٥٤»ی ڕۆژی ١٦–٩–١٩٨٢ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا کاك کەمال ئەحمەد دۆلپەموویی پارچەیەك شیعری بە ناوی فۆلکلۆری بڵاونەکراوەوە – بڵاو کردەوە .

هەر کە سەرەتای شیعرەکانم خوێندەوە پارچەیەك شیعری لەو بابەتەم بیرکەوتەوە کە لە (دیوانی رەنجووری)(١)دا نووسیومەتەوەو ، لە بەرگی یەکەمی کەشکۆلی کەلەپووری نەدەبی کوردیشدا(٢) شێتێکم دەربارەی نووسیوە . بۆیە هاتم شیعرەکانی لای کاکی دۆلپەموویم لەگەل شیعرەکانی رەنجووریدا بەراورد کرد ، ئەنجام دیم یەك دوو سەرنجی پێویست هەیە بیان نووسم :

١ – دەبوو کاکی دۆلپەموویی زیاتر لە شیعرەکان ورد بوایەتەوە ، جا ئەگەر ناتەواوییەکی هەست پێ کرد لێی بدوایە ؛ چونکە بە کەمێك تێڕوانین ناتەواویەکی زەق هەست دەکرێ ؛ ئەویش ئەوەیە : شاعیر ناوی چوار شۆخ دەبا کەچی سیانیان باسیان هەیەو هیچ دەربارەی چوارەم باس نیەو کاکی دۆلپەموویش هیچی لێ روون نەکردوەتەوە •

زیاد لەوەیش سەرەتای پارچە شیعرەکە دیار نیەو ، لە شێوەی دەستپێکردنەوە ئاشکرا دیارە کە لە سەرەتاوە لێی قرتاوە .

٢ – پیرو شێوەو شێوازی ئەو پارچەو پارچەکەی رەنجووری زۆر لە یەك دەچن و ، تەنانەت هەندێ تاك و وشەیشیان وەك یەکن ، بۆیە من وای بۆ دەچم یەکێکیان لە یەکێکیان وەرگیرابێ ؛ بەڵام نازانم کامیان لە کامیان وەرگیراوە ، هەرچەند گومانم بۆ ئەوە دەچێ کە رەنجووری پێشتر بێ و ئەوەی کاکی دۆلپەموویی لەو وەرگیرابێ •

جا لێرەدا – ئەوەندەی ماوە هەبێ – بۆ زیاتر روونکردنەوە گۆلبژێرێکی پارچەکەی رەنجووری دەنووسم ؛ چونکە پارچەکە درێژەو لێرەدا ماوەی نیە ، با بمێنێ بۆ کاتی خۆی :

هامسەران دوجەیل ! هامسەران دوجەیل
ڕوێ چون (مەجنوون) وێڵ نە پای (دوجەیل)
دڵ زەدەی پەیکان خار موژەی لەیل
وێڵ وێڵ مێیلام چەنی مایەی مەیل
ناکاو ناغافڵ پەی قەضاو قەدەر
پەی وێرانماڵی بەندەی سەوداسەر
دیم تیپێ جە پۆل نەوەی نەوهالان
نەورەسیدەکان نەونوختە خالان
بە ئاڵو والای شیرین کالاوە
پەیدا بین جە رای کۆچەی شارەوە(٣)...
من قەضاو قەدەر ئەجەل ئاوەردە
چون قۆچ قوربان پەی قەصاب بەردە
دیم ناگا جەو تیپ چار کەس جیا بی
پەی فەتوای قەتڵم قەضا وە پا بی
هەر چار وە قەتار را نە رووم بەستەن
هەر چار مەرگ من وە ئاوات واستەن
سپی قەتارێ جەڵد چاپوك دەست
دەست بەردو تیرێ جیاکەرد جە شەصت
خەدەنگ چون قەباخ ، پڕ هەم هەڵۆبال
کەمان حەلقەو ، چەم وێنەی حەرف (دال)

پەراوێزەکان :

(١) نزیکەی صەد پارچەم لە دیوانی ئەم شاعیرەو کۆکردوەتەوەو لەگەل پێشەکی و هەندێ لێکۆڵینەوەدا ئامادەم کردوە بۆ چاپ ، چاوەڕێی ئەوەم کە دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ و چاوی خوێنەرانی کوردی پێ روون ببێتەوە .

(٢) بڕوانە : محەمەد عەلی قەرەداغی ، کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی (الحوادث) ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل : ٥٧ .

(٣) قافیەی (کالاوە) لەگەل (شارەوە)دا هەندێ ناجۆرە . سەرەتای پارچەکەی لای کەمال بەم بەتە دەست پێدەکات و ، لای ئەو لە باتی (کالاوە) (کارەوە)یەو ، ئەوەیش گونجاوترە .

من و سەرنجێکی، یاشماوە

هەم لە رووی ئایینی بەوەی پیرۆزەو هەم مژدەی هاتنی وەرزی بەهار ئەکەبێنێ و دەشتودەر فەرشی رەنگاو رەنگی راخستوە ، تا لەو ڕۆژەدا جوانان پۆل پۆل دێن و دەچن و دیدەنی نێرگەجێو یارانیان ئەکەن ، کەچی لەگەل ئەو هەموو شادی یەدا خۆی بە دڵ تۆراو ئەزانێ و بەخۆی ئەڵێ : وەك جاران لەگەل کێ گەردن ئازادی بکەم ؟ •• بۆ ؟ •• چونکە لە وڵات و مەنزڵگاو دۆست و دۆست و یارانی دوورە :

من دوور جە وڵات جە ماواو مەسکەن
دوور جە ئازیزان جە خاکی وەتەن
دوور جە بیارێ دوور جە ئالیاوا
دوور جە تافی زەلم جە ئەحمەد ئاوا
دوور جە رەنگین و دوور جە شارمزوور
جە قەوم و خوێشان جە هامسا یان دوور
دوور جە تەوێڵێ چمان بەهەشتەن
باخەن شەتاوەن گوڵزارەن گەشتەن
جە سلێمانی دوور شارو نازارا
مەنزلگەو مەردا نشینگەو یارا
ئیسە چۆڵ و هۆڵ مزو ئاسیاوێ
وە ئاقە یانە چۆڵێ خەراوێ
بێ باخ بێ بازاڕ بێ یار بێ یاوەر
بێ باخ بێ بازاڕ بێ یار بێ یاوەر
کامە بۆ جەژنم تۆ کەروو داوەر ل٤٦

ژیان لای شاعیر بێ جێنزرگەی باوان تارو تالە، ئەوەتا بە ناونیشانی (رەشەبا ئامان) سۆزی دڵ بۆ گول دەرئەخاتو :

لەم موستەزادەدا ئەڵێ :

شەمال سا چی بکەم نەماوە وادەت
نەما شمنەی صاف تیژرەوو سادەت
خۆ منبش کارم یەکجار تەعجیلە
هەی هاوار دڵم خەبلێ ژەلیلە
ئەم نامە ببەی
ئەم کارە بکەی
بۆ لای دلەکەم
هەر بۆ گوئەکەم ل٨٤

دیسان بە (یادی ئێوە)وە ، دەردی دووری و خەمی دلی خۆی بە (با) ئەدات و ئەڵێ :

یادی ئێوە وا لە ناو جەرگ و دڵو رۆحا برا
هەر بە یادی ئێوەبوو پایەی تەنی من دانرا
هەر بە یادی ئێوە بوو ئەو شاخ و داخەم دایەبەر
هەر لە دووری ئێوەبوو عەقڵ و خەوم لا ، لابرا
هەر لە دووری ئێوەیە وا ئاوی مەجنونیم ئەبەن
هەر لە دووری ئێوەیە عەوداڵمو ڕێخەم درا ل٨٧
هەر لە دووری ئێوەیە

شاعیر ئابەو جۆرە داخی دەردو دەرونی هەژاوی خۆی لەدەردی دووری هاوولاتیانی دەرئەبڕێ ، کەچی بە (با دانن خەمەکەی هیچ دادێکی نادات ، هەر کە بیری لێ ئەکاتەوە زیاتر چنگی خەمێکی شین شالاوی بۆ ئەبات ، تا بە یارو دۆستانی شادو شوکر نەبێتەوە تاسەی دووری ناشکێنێ • ••• لەم شیعرەدا (وەصلی گول) ئەڵێ :

بڵێم چی ڕۆژگاری ڕەش لە ڕوونان بێ بەشی کردم
شەمالی غەم هەلی کردو گوڵی خۆمی لە دەس بردم
وەکو بولبول بە شیوەن سوبح و شەو دایم جلەوچڵمە
بە وەعدێکی پەتی بۆ ئەو نەمای وەسڵی گوڵی کردم
خوا سا ڕۆژگارێ سا بەهارێ وەصڵی یارێ
بە بێ وەی، ناو نرامو وا لەدەس چەوری فەلەکمردم ل١١٣

ئەوەتا گڕوکولی ئەو دوور وڵاتی یە بە جۆرێکی ئەوتۆ پەنگی خواردوتەوە وای لە شاعیر کردوە دەستەوسان بوەستێ ، دووچاری گرفتی (بڵێی و بڵێم چی) کردەو واقی وڕماوەو تەنیا ئەو دالدەیە شك ئەبات بە شیعر هەستە وروژاوەکەی دەربڕێ •

ئەمە سەبارەت ئەو شیعرانەی لە ژێرهێزی کاریگەرێتی ڕۆژگاری ستەم و هەستو پەژارەی دوور وڵاتیدا هۆنیونێتەوە ، کەچی هەر بە بەراورد کردنێکی سەرپێی لە نێوان ئەو شیعرانەو ئەو شیعرەی بەرخانەی دوور وڵاتی ناکەون ، بە ئاسانی هەست بە جیاوازی سیماکەی ئەکەین ، بە نمونە شاعیر لەگەل خوای خوێدا ئەدوێ :

بە غەیری لوطفی تۆ قەت طالبی گەنجو گەوهەر نابم
کە لوطفت بوو نیە فەرقی گەدابم یاوەکو شابم
ئەزانم کامە باشە بۆم ئیتر داوا لە تۆ چیبکەم
کەوابو کامە باشە بۆم خووا وابی خووا وابم ل١٧

ئەوی لێرەدا مەبەستە پەنجەی بۆبەرم ئەوەیە : ئەو شیعرانەی کە کزو کولی سۆزو هەستی غەریبی پێوەنییە ، سا ئەوە لە دوور وڵاتی وترابن یان نا جیاوازە لەو شیعرانەی ئەو سۆزو خۆشەویستی و یادی یارو دۆستو جێنزرگەی باوانی بالی بەسەردا گرتوە بە لای منەوە ئەو شیعرانەی لە دەرونێکی بە کوڵو جۆش خواردوەوە هەڵئەقوڵێ بەرگی کەف و کوڵێکی ساتە وەختی پژشیوەو هەر زوو ئەناسرێتەوە ••• کەچی ئەو شیعرانەی لە ژێر کاریگەریتی ئەو سۆزو هەستەدا نەبێت ئەشێ لە هەر شوێنو کاتێکدا لە دایك ببێت ئەم جۆرە بابەتە لای شاعیر زۆرە بە نمونە ئەوەتا شاعیر لە ١٨–٥–١٩٨٠دا بەناونیشانی (فەل بە قەل ئەڵێ رووڕەش) شیعرێکی داناوە ، باش وایە بزانین شاعیر چۆنو لەبەرچی و روو لە کێ ئەکات ؟ •• سەرەتا شاعیر لە زمانی خۆیەوە ئەڵێ :

ڕۆژێك تەنها بووم خەیالم چوو بوو
جلەوی ئەسپی خەیال بەربوو بوو
ژینی ئەم خەڵکەم دابوە بەر سرنج
وەکو ماڵ براو ، ئەم کونجو ئەو کونج
دووچاوی رەخنەم وەکو زەپڕەبین
ئەگەڕان بۆ عەیب ، عەیبی ژینو دین ل١٤٧

شاعیر دوای ئەوەی بە هێمنی لەگەل ناخی خویدا ئەدوێ و بە دەنگێکی کپەوە لەبەر خۆیەوە رووئەکاتە دەرون رەشێك و ئەڵێ :

یەکێ بە جوانی کرداری لاربوو
یەکێ بە پیری ڕەوشتی خواربوو ل١٤٨

ئیکە تی

هیڤی دار هروری

هەتا چەند چوك
•• خو نەدەن ئێك
•• نابن ڕوبیار
••• بەفرا چیا بحەلینین
هەتا ڕۆژەك نەمەلیت و ••
بەفرا چیا بحەلینین
ژناڤمە ناچیت زستانا سار
ناڤیت بەهار
گەردەستێن خو نەدەینەڤ ئێك
نەبنە ئێك ••
قەت زمە ناڕەفیت نەیار
گەر نەکانیکا هیڤی یا بپەفیت و
••دەر بکەفیت
کولا دلێ مە بپەفیت
ناتە ناڤین •
••• ئەمێن پڕنیش و بەندەوار

ماچ بێژم

رمضان عیسی

ماچ بێژم ••• ؟!
گەر ئاخینکا ••• ،گەر فیغانا ،
لبەر بایێ هزر و خەما
بشەڤ و ڕۆژێ بهلاڤێژم ••• !
ژ قەهر و دەردێن فێ ژینێ دا ،
گەر بسوژم ••• !
لێڤەڕوکە ،
نە شەهیانە •••
نە گوتەندا هەر جارانە
ژێرا بێژم •••• !
نەدیتنا شەپالان و هەڤالانە
بۆ بگرنژم ••• !
لەو برانو نە بێژنە من
هۆ شاعر و ••• دل ئاگرو
وێ نارینێ •••
بۆ کێ دبێژی و بکێ دبێژی •• ؟
بۆ کیش یارێ
خۆ دگرینی •• ؟!
وێ هاوارێ ••• وێ نالێنێ
لسەر کێلیا چ بیرهاتن
دلورینی ••• !؟

دلورینی • ؟!

Institut Kurde de Paris

بەڵێ بیری سەربەست نەوەك بازرگانی

شانازیکردن بە رابوردووەوە ، بێگومان رابوردووی چاك و بنیاتنان و قوربانی لە پێناوی ڕۆژێکی باشتردا ، مافی هەموانە لە کەسێکەوە بیگرە بۆ بنەماڵەو بۆ کۆمەڵ و بۆ گەل و نەتەوەو هتد .. ، بەڵام گیر خواردن لەسەر تەنیا (شانازی) بە رابوردووەوە بە بێ توانای تەرخانکردن و کارپێکردنی لەگەڵ ژیان و گۆڕانەکانی بەرەوپێشەوە چوونەدا وەك وەستانێك وایە بۆ گریان لەسەر گومەزی گۆڕێك کە بۆنی ژیانی لێ نایەت ، **سەیر ئەوەیە هەندێك نەك هەر سوورن لەسەر ئەوەی بەردەوام بن لە ڕاوەستان و ئەو جۆرە شانازیە** ، بەڵکوو هەر دەمیش بکەیتەوە پێیان بڵێیت ئەمە ڕەوتی ژیانە شانازییەك زیاد بکەو با ڕابوردووت بنەڕەتی ئەمڕۆی چاکتر بێت بە گریانەوە دەگەڕێتەوە لیستەی ڕابوردووی خۆیت بۆ دەخوێنێتەوە ، ئەم نموونەیە دەهێنیتەوە بۆ ئەوەی بڵێین لە ناو ڕۆشنبیران و خاوەن قەڵەمەکانی (**بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا**) خاوەن رابوردووی پڕۆز زۆرن بەڵام هەندێکیان (لەبەر هەر هۆیەك بێت کە خۆیان چاکتری دەزانن) **ـ هەرچەندە ئێمەیش دەیزانین ـ** سوورن لەسەر ئەوەی زەڕەیەك زیاد نەخەنە سەر ئەو شانازییەی رابوردوو بەتایبەتی لە ڕۆژگارێك دا خەریکە گۆڕانە مەزنەکانی ژیان لەم وڵاتەدا ڕەشو سپی بەجۆرێك لێك جیادەکاتەوە دوو ڕێگای لە بەردەم ئەوانەدا هێشتووەتەوە، **یان خۆیان کارکەنار (تەقاعود) بکەنو خۆیان کۆ بکەنەوەو بچن لە ماڵەوە بەسەریدا بگرین ، یان ئەوەتا لەگەل گۆڕانەکانی ژیاندا لە ژێر ڕەشمالی گەورەی ئەم وڵاتەدا شانازیی تر بخەنە سەر شانازییەکانی تریان لە هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕێگەیەدا بەداخەوە هەندێکیان (فێڵ بازن) لەبەر ئەو بارە ناسکەی وڵاتی پێدا تێدەپەڕێ و (بەمتمانە بە هەندێك تەکتیك) دەیانەوێت یاریەکی خۆش بۆ خۆیان دروست بکەن : لەگەڵ ڕەوتەکە ناگونجێن ، ناشوێرن بە ئاشکرا دژی بووەستن کەچی دەشیانەوێت هەر شای بزووتنەوەی ڕۆشنبیری بن بە تەمای ئەوەی (ڕەحمەتی بایەك لە دەرەوە هەڵبکات لەم هەڵوێستە سوود لە جووڵاندنی تەلی عاتیفەی خەلکی بەستە زمان وەربگرن و لە ڕەوتەکەشدا سوود لە دڵنەرمی کاربەدەستانو تەکتیکی خۆیان و ناسکی زرووف وەردەگرن و بەم جۆرە یاریەکەیان بەردەوامە ، باوەڕ بکەن خەتکینە کەسانی وا لەناو تاقمی ئەم ڕۆشنبیرانەدا هەن ئێستا بە ناوی (دیموکراتیەت و سەربەستی بیروڕا دەربڕین و .. هتد)موە عاتیفەی خەڵك دەجووڵێنن و دەیانەوێت چی دەتێن بۆیان بڵاو بکرێتەوە هەر (ماف) یان دەوێت و کە دێتە سەر (ئەرك) وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و بەڵام سوێند بە بیرۆزیی دیموکراتیەت و سەربەستی بیروباوەڕ ئەوانە هەر ئەوەندەی بۆیان هەڵبکەوێت ، ئەك هەر باوەڕیان بە دیموکراتیەت و سەربەستی بیروباوەڕ نامێنێت بەڵکوو هەموو ئەو برایانەی ئێستا لە دامو دەزگا ڕۆشنبیریەکاندا کار دەکەن (مەبەست ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکانە) کە ئێستا بەو پەڕی گیانی لەخۆبوردون و دڵسۆزی و پیاو چاکی یەوە دڵنەوایی بیانووەکانی ئەوان دەکەن و لە بەریان هەڵدەستن و خۆشەویستی ڕاستەقینەیان نیشان دەدەن ، دەڵێین هەر ئەوەندەی باویان بێت ئەك هەر ئامادەنین پێشوازییان لێ بکەن بەڵکوو هاتوو چوون بە لایاندا پەتیان بۆ هەڵدەخەن ، دەبێت (بخوێنەکان) بمانبوورن وا بە ئاشکراو تۆزێك زەق و ڕەق قسە دەکەین (کورد دەمێکە ووتوویەتی قسەی هەق ڕەقە) چونکە ئەوی ڕاستی بێت ئەو بازرگانان)ە ئەوەندە یاریەکەیان ناخۆش کردووە ئیتر بێدەنگ بوون لێیان ئەگەر شەرم نەبێت ترسنۆکیە هەردووکیان لای مرۆڤی بە ویژدان ڕەفز کراون ، باوەڕ بکەن هەندێك لەو بەناو ڕۆشنبیرانە هەن دەیان ساڵیش دەبێت مانای مەبدەئیەت و هەڵویستیان دۆزانەوە کەچی هێشتا هەر بەردەوامن لەسەر ئەوەی سەهۆڵبەندان بخەنە سەر مێشکی ئەو مرۆڤانەی (بنووسراوەکانیان) دەخوێندنەوە ، تیایاندا هەیە ئەوەند هەڵبازە هەر چوار پەلی خۆی بە سەر چوار سەنگەردا دابەش کردووە دەستی چەپ لە سەنگەرێك دەستی ڕاست لەوی تر ، قاچێك لەملاو قاچێکی تریان لەولا ، هەر دەنگی ترسێکیش لە هەر لایەکیانەوە بێت بەهۆی هێزێکی وەهمیەوە بە ، ئاسانی دەکشێتەوە ، هەر نیشکێکیش لەهەر لایەکیانەوە بێت (حصەی) خۆی دەبات .**

نووسەرێك خۆی بە نیشتمانپەروەر بزانێت شانازی بە ڕابوردووی خۆیەوە بکات (وەك ووتمان مافی خۆیەتی) نووسەرێك وابێت لەسەر سەرمان بەڵام ئەوەندە ئەو هەستە نیشتمانپەروەریەی زیندوو بێت هەر نەنێت (بێنە ، بێنە) بەڵکوو ئەگەر ساتی جارێك تۆیش پێی بڵێیت دە تۆش شتێك بێنە کەچی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت ، نووسەرێك خۆی بە نیشتمانیەروەری ڕاستەقینە بزانێت و شانازی بە ڕابوردوویەوە بکات بەڵام (هەر لە بەر خاتری خاتران)و جووڵاندنی عاتیفەی خەڵك هەموو هەڵس و کەوتێکی خۆی بخاتە بازاڕی بازرگانی ـیەوە دەبێت چاوەڕێی چی لێ بکرێت ؟ نووسەرێك خۆی بە نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە بزانێت کەچی ئەوە سێ ساڵە وڵاتەکەی لە شەڕدایە لە کوردستانەوە تاکوو بەسرە سنووری عیراقمان هەرەشە لێ کراوە بە هێرشێکی ناڕەسەنو ڕەگەزپەرستو کۆنەپەرستی سەلەفی ، غیرەتی ئەوەندە نەجووڵابێت (بە چاوپۆشین لە هەموو شتێك) دوو دێڕ هەر نەنیا دوو دێڕ ناڕەزایی دەربارەی شەڕ نە، بەڵکوو دژی (کورد بە کافر دانە قەڵەم لە کوردستانی ئێراندا) بنووسێت ئەوەك (هاوڕێیان) زویر بین ؟؟ چاوەڕێی چی لە نووسەری وا دەکرێت .

کەچی ئەو نووسەرە یەك دێڕ لە نووسینەکەی لەبەر مەبەستێکی ڕەوا لابەیت بێتوو پەنا بەرێتە بەر خەڵەتاندن و بزواندنی عاتیفەی خەڵك [(دژی دەزگایەك)] **هەر خۆی دەزانێت چەندەی لێوە دەستکەوتووەو جا با بە ئاشکرا بدوێین و پەردەکە بدڕین :**

لە ژمارەی (١١)ی خولی دووەمی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا لە لاپەڕە (١٥٣)دا محەمەدی مەلا **کەریم لە ژێر سەرناوی بیری سەربەست** کە ناونیشانێکە (هاوکاری) بە خەڵکی ناساند ، گوایە دەقی وەڵامی ئەو پرسیارانەی بڵاوکردووەتەوە وەختی خۆی (دەستەی بنووسانی گۆڤاری بەیان) داوایان لێ کردووەو گوایەش (گفتیشیان) داوەتێ هەرچی بڵێت و بنووسێت بڵاوی بکەنەوە بەڵام لەبەرئەوەی رایان نەکردووە ئەم هاتووەو لە ژێر پەردەی (بیری سەربەست)دا بڵاوی کردووەتە ، جارێك بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەوەی محەمەدی مەلا کەریم لە (نووسەری کورد)دا بڵاوی کردووەتەوە (دەقی) ئەو وەڵامە نییە بۆ دەزگاکەمانی نووسیبوو بەڵکوو زۆری لێ گۆڕیوە چونکە لە (نووسەری کورد)دا ئەو سەربەستە ، بەڵێ ئەو سەربەستە لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەو دەڵێت گوایە **(ڕێکخراوو سازمانی میللی ـ تکایە سەرنجی سازمان بدەن ـ هەرگیز ئەوەندەی دەور نەبووە بتوانێت بێ ترس ـ تکایە سەرنجی بێ ترسیش بدەن ـ لە گەردشی ڕۆژگار بژی) .**

ئەگەر ئەو وەك پاڵەوانێکی ئازا خۆی پیشان دەدات گوایە ئەو وێراویەتی ئاتەواوی یەکانی ئێمە **دیاری بکات وە (ئێمە ترساوین) با باش بزانێت** ئێمە شەونخوونیمان کردووەو شەومان خستووەتە سەر ڕۆژ هەتا لە کاتی پێویستیشدا قوربانیمان داوە بۆ ئەوەی ئەم دەزگایەو چاپکراوەکانی لەو ڕادەیەدا بن ئاوێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤی کوردین و ئاوێنەی ووشەی پیرۆزی کوردی بن بەڵام لە ژێر سایەی سەربەرزی عیراقدا ، تەنیا لە یەك شتدا لەوان جیابووین حەزمان لە پیاهەڵدانی پایتەختەکانی بێگانە نەکردووە حەزمان کردووە کورد لە ژێر ڕەشمالی عیراقدا گەشە بکات ، هەرچۆنێك بێت ئێمە بە محەمەدی مەلا کەریم دەڵێین :

ـ ئەو (حصەی)ی لە هەموو نووسەرێك لە لای ئێمە زیاتر بووە ، وەك هاوڕێیەکیش دەبووایە وەفای ئەوەی ببووایە .

ـ دیسان وەك وەفاو ئەمانەت هەق نەبوو ئەو نووسینەی ناردی بۆ ئێمە لە (نووسەری کورد)دا ئەوەندە ترش و خوێی پێوە بکردایە بۆ بازرگانی تا وای لە خەڵکی بکەیەنێت گوایە ئێمە لەبەرئەو ترش و خوێیە بڵاومان نەکردوە ، با هەموو (بخوێنەکان)یش بزانن ئێمە بەر لە بڵاوکردنەوەی بە خۆیمان ووت کە بەو جۆرە بڵاوی دەکەینەوەو بەڵکەمان لایەو ئەویش ڕازی بوو .

ـ محەمەدی مەلا کەریم گلەیی هەیەو دڵتەنگە ، لە گۆڤارەکاندا (بابەتی سیاسیش لە هەردوو گۆڤارەکەدا زیاد لەو ئەندازەیە کە ناچاریەو (پێویستە) بڵاو دەکرێنەوە توخوا ئەگەر سیاسەتی وا بووایە ئەو بە دڵیەتی ئەوەندە پەست دەبوو ؟] ئەو سیاسەتەی لە چاپکراوەکانی ئێمەدایە سیاسەتێکە بەرگری لە سەربەستیی عیراق دەکاتو بەرگری لە گیانی نیشتمانپەروەرێتیی ئینسانی کورد دەکات لە عیراقدا ئیتر بۆچی پێی پەست دەبن ؟!

ئەی وڵات لە شەڕدایە گوایە دەیانەوێت هەر خەریکی ڕیشی پیاوە پیرەکان بین ؟

ـ محەمەدی مەلا کەریم ئەو کاری (سیاسەت نووسینەیش) بۆ (هاوکاری) کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە بەڕەوا نابینێت بەڵام زەمانێك بوو مرۆڤێك لەوپەڕی دنیاوە گوللەیەکی بەردەکەوت خۆی و هاوڕێکانی لە چاپکراوە ئەدەبییەکاندا دەیان باسی سیاسییان لەسەر دەنووسی **(قوربان :ـ ئەوسا کوردایەتی لای ئەوانە لە ئیجازە بوو ؟؟)**

لە کۆتاییدا بەهەموو ئەوانە دەڵێین کە یاری بە عاتیفەی خەڵك دەکەن ئەو کاتە بەسەرچوو یاری بە عاتیفەیان بکرێت چونکە خەڵکی ئێستا لەبەر ڕووناکیی دەستکەوتەکانی ئێستای عیراقدا هۆشیار بوونەتەوەو با ئەوانیش بزانن نە خواو نە ویژدانی مرۆڤی پاك و سەر بەم خاکە نایەڵن بە دڵی خۆیان و ئەوانەی چاویان تێبڕیوە لەگەڵ بکرێت و بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیررێت .

● **نووسەرێك** ●

سەرەکی فەرماندە "پاشماوە"

یەکێ لە ئێمە لای وابێ بۆچوونەکەی خۆی جێی هەموو دەگرێتەوە ئەوا هیچ یەکێ لە ئێمە ناتوانێ لەگەڵ ئەوانی تردا یەك بگرێتەوەو لەگەڵیانا هاوکاربێ و ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی موسوڵمانان و پێوەندی گەورەو بیرکەرەوەو پێشەوا یەکەمەکانیان بەو پێوەندییەیشەوە کە لە نێوان پێشەو مۆسوڵمانەکان و پێغەمبەری گەورە محمد (ص)دا هەبوو دەتوانین ڕێی ڕاست بدۆزینەوە .

ئێمە هەموو ئەوە دەزانین کە پێغەمبەری گەورە کاتێ کە دەیویست بڕیاری شتێ بدا پێش ئەوەی بە تەواوی بڕیاری لەسەر بدا ئەگەڕایەوە بۆ ئەسحابەکان و لە مێژووی ئیسلامەوە ئەوە دەزانین ئەسحابەکان لێیان دەپرسی ئەم ڕایە لە خواوە هاتوە یا هی خۆیەتی ؟ ئەگەر بیوتایە هی خۆیەتی قسەیان تیادەکردو جارجار ئەو ڕایەی کە پێغەمبەر پیشانیدەدا ، مادەم گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ، دەگۆڕرا بە ڕای ئەسحابەیەك .

عیراق هیچ شتێکی شاراوە یا ناڕاستی نیە بترسێ لە دەرکەوتن یا دەرخستنی عیراق دەیەوێ لە ئاشتیدا بێ و لامان وا نیە ئەو موسوڵمانانەی لێرە یا لە هەر شوێنێکی تر کۆ بوونەتەوە نایانەوێ عیراق ئاسوودە بێ ..

عیراق دەیەوێ قەدری سنووری بگیرێ و لامان وا نیە دەتانەوێ هیچ کەسێ خاکی عیراق داگیر بکا .. عیراق دەیەوێ تەقە ڕاوەستێنێ .. عیراق ئاشتی دەوێ کاتێ کە ئەمە شتە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکان بێ لەبارەی ئەوەی کە عیراق دەیەوێ لامان وا نیە هیچ موسوڵمانێ لەم شوێنەدا یا لە هەر شوینێکی تر شتێکی دژی ئەمە دەڵێ چونکە ئەمە بڕێتییە لە هەق و ئەقڵ و بارێکی ڕوون لەبەر ئەوە دەڵێین ئەوەی موسوڵمانان بڕیاری لەسەر بدەن ئێمە پێی ڕازین شێوەکەی هەرچۆنێ بێ و لەسەر ئەم ئەساسە لەو کۆنگرە ئیسلامییەی کە لە تایەفدا بەسترا پێشنیاری ئەوەمان کرد کە پەنا بەرینە بەر حەکەمو هەموو دەستە دەوڵەتییەکان و بە فەرمانڕەوایانی ئێرانمان وت ئەگەر حەکەمی نێودەوڵەتان یا قانوونی نێو دەوڵەتانتان دەوێ بە ئارەزووی خۆتان هەڵبژێرن و ئەگەر حەکەمی موسوڵمانیشتان دەوێ هەروەها بڕیار بدەن لەگەڵ ئەوەیشدا براینە لەگەڵ نالەباری هەڵوێستو کردەوەدا ئێمە هەر لەسەرخۆ بووین و بەپێی ئەو بیروباوەڕانە جووڵاینەوە کە بڕوامان پێیانەو ڕێزیان لێدەگرین و هیچ کارێکی خراپمان بەرامبەر دیلێك یا مناڵێك یا ئافرەتێ نەکردو بەڵکو لە هیچ نیشانەیەکمان نەدا ئەگەر پێویست نەبوایە لەبەر ناچاری لێی بدەین . ئەوان بە بۆردومانکردنی شارە نارامەکانمان دەستیان کرد بە شەڕو کاتێکیش کە خوا یارمەتی داین لە بەربەرەکانێ کردنی دەستدرێژیداو سوپاکەیان شکاو لە قووڵاییەکی وادا بووین کە شارەکانی سەرسنوورمان بپارێزین کە زۆر نزیکن .. بەسرە تۆزێ لە (٢٠) کیلۆمەتر زیاترەو شارێکی گەورەیەو بە شێوەیەکی نزیك پاش بەغدایەو مەلبەندێکی گرنگی پیشەسازییەو تاقە بەندەرێکمانە لەسەر کەنداو .. لەگەڵ گەوەیشدا کە هەستمان بەوە کرد موسوڵمانان ڕایان وایە لە خاکی ئێران بگەڕێینەوە هەر چەندە بەڵگەی ئەوەمان هەبوو کە ئەگەر گەڕاینەوە بۆ سنوور تۆپەکانی ئێران دەستدەکەنەوە بە بۆردومانکردنی شارە پڕ لە خەڵکەکانمان وەك سەرەتای شەڕ .. لەگەڵ ئەوەیشدا بە گوێی ڕای موسوڵمانان و هەموو ڕای گشتیی جیهانمان کردو بەڵکو هەتاکو ڕێزی ڕای میللی ئێرانیمان گرتو گەڕاینەوە بۆ سنوورو کە گەڕاینەوە بۆ سنوور تۆپەکانی ئێران بەردەوام بوون لە لێدانی شارەکانمانا بە شێوەیەکی ڕۆژانەو لەگەڵ ئەوەیشدا بەبێ نا بەبێ بانگ و داوا دەکەین بۆ ئەوەی سوپایی یەکان ناچار نەبن وەك ئەوان وەڵام بدەنەوە . لەگەڵ هەموو بانگەوازێکدا بۆ ئاشتی کە ئەماندا هەندێ کەس لایان وابوو یا بە خەیالیانا وا دەچوو کە ئێمە لە بێدەستەڵاتی یەوە داوادەکەین و ئەمەیش وابوو ئەوەی کە ئا ئیستا دەیبینن بەڵگەیەو دەبوو کاربەدەستانی ئێران ئەگەر کەمترین ڕادەی ئەقڵیان هەبوایەو بە ساکارترین شێوە پێوانەی ئیسلامییان ببوایە لە خۆیانیان بپرسیایە چۆن عیراقێ کە ژمارەی دانیشتوانی چارەکێکی ژمارەی دانیشتوانی ئێرانەو خاکەکەی کە قووڵی یەکی ئەوەندەی نیە ، یانی لە توانای چەکەکانیاندایە دەستی لێ بوەسێنن و فرۆکەکانیان لە توانایاندایە دەست لە هەموو خاکی عیراق بوەشێنی و تۆپەکانیشیان دەتوانن بگەنە زۆر لە شارەکانو هەموو ڕۆژیکیش ئەمەدەکەن .

لەگەڵ ئەوەیشدا عیراق سەرکەوت بەسەر خەوە فراوانکاریی بە دەستدرێژیکەرەکانیانا .

ئایا بۆ وابوو .. پێویست بوو کاربەدەستە ئێرانییەکان ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن و بە ئەقڵ و ڕاستەوخۆ وەڵامی بدەنەوە بۆ ئەوەی بڵێن دەبێ هەق لای ئەوانی نەگرتوە ، لەگەڵ ئەوەیشدا وەك یەکێ لە زاناکان لە برا میسرییەکان وتی نابێ سەرکەوتن بەرەو لە ڕێ لادان پاڵمان پێوە بنێ و .. ئەو توانایەیشمان کە بەستراوە بە هەقەوە نابێ بەرەو لە خۆبایی بوون بمانباو ، ئەگەر ئاشتی مانگێ پێشتر بێتە دی ئەوە باشترە بۆمانو ئەگەر مانگێ زیاتر دوابکەوێ ڕەنگە ببێتە هۆی ڕژاندنی خوێنی پاکی ئادەمیزادێکی تر .

بەغدا وڵاتانەو شوێنی بەیەك گەیشتنەو وەك چۆن ئێوە بەوە ناسراون کە سەر شۆڕناکەو چاوپۆشی لە هیچ دەستەڵاتدارێك ناکەن لەسەر هەق چ لە وڵاتە قانوونیو دەستووریەکانتانا یا لە دەرەوەیاندا لەبەر ئەوە بەغدا لە شوێنی بەیەك گەیشتنی موسوڵمانان زیاتر هیچ شتێکی تر نیە بۆ ئەوەی چی یان بە لاوە ڕاستو باشەو ڕەوایە بیڵێن و لە هەموو حالەتێکدا جێگای ئێوە لە دەروون و دڵمانا وەك خۆی دەمێنێتەوە .

بەخێر بێن بەسەر چاو .. و هیوای سەرکەوتنتان دەخوازین و بتوانن سەربەرزی و شەرەف بپارێزن و ئەوە بهێننە دی کە ئاسایش و هێمنی دەروون و دەوروبەر بپارێزێ و بە یارمەتی خوا بە خۆشی دەتانبینین .

والسلام علیکم و رحمةالله و برکاته .

پێش ئەمەیش هەندێ لە زاناو پیاوە ئایینییەکان لە دانیشتنەکەی سەر لە بەیانیدا قسەیان کردو ئارەزووی موسوڵمانانی جیهانیان دەربڕی لە کۆتایی هێنان بە شەڕو گوێشل کردن بۆ بانگی ئەقڵ و دەروون و ڕوو کردنە ئاشتی .

هەروەها ستایشی ئەوەیان کرد کە عیراق هەمیشە ئامادەیی پیشانداوە بۆ دامەزراندنی ئاشتی و ئەمە هەڵوێستی یەکێکی توانای پڕ باوەڕ دەردەخا کە بە گوێرەی ئایینی پاکی ئیسلام بجووڵێتەوە .

بەڕێزان عزة ابراهیم جێگری سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و عبدالله فاضل وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایین ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون .

لە یادی ـ پاشماوە

بەڵێ سەرباری ئەو مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و .. هتد کە گەلی کوردمان لە ژێر دەواری عیراقی پیرۆزماندا وەری گرت ڕێگەی دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەو نووسین و بڵاوکردنەوە بە نەواوی تەخت کراو ڕێگەی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە درا کە دەرچێ و خزمەتی پێشکەوتنی میللەت و وڵاتی عیراقمان بکەنو گەلەپوور و سامانی نەتەوایەتیمان زیندوو بکەنەوە .

ئێمەش بەم بۆنە پیرۆزەوە کە ڕۆژی ٢٢ مانگی نیسانە (٨٦) ساڵ بەسەر لە دایك بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیماندا تێدەپەڕێ وەك دەزگایەکی خزمەتگوزار دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کە ڕۆژنامەی هەفتانەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری مانگانە دەردەکات شانازی بەوەوە دەکات کە هەمیشە تەقەللای داوە لە هەموو بوارێکی ژیانیاری و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و ژیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی و لایەنەکانی تری ڕۆشنبیریدا خزمەتی وشەی کوردی بکاتو کردووەو ئەمڕۆش کە لە عیراقدا لە ژێر یەك دەواردا دەژین کە ئەویش یەکێتی میللەتی عیراقە ئەم دەزگایە لەگەڵ ئەوەی بەسەدان بەرهەمی ڕۆشنبیرانی کوردی لەسەر حسابی خۆی لە چاپ داوەو لە چاپ دەدات لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە سەرەکی فەرمانەدە ئەوپەڕی بایەخی پێ دەدرێ و لای لێ دەکرێتەوەو دەزگاکەشمان بە بۆنەی یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزەو بەو یادەشەوە کە ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی گەلی کوردمان لە ئێران و سوریادا نەنانەت بێ بەشی ئەوەن خویندنگەیەکیان بە زمانی خۆیان هەبێتو بەهاووڵاتیان بزانن بانگی هەموو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ئەدیبێکی کورد دەکەین کە دەرگای ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری بۆ بەرهەمەکانیان والایەو ئەو بەرهەمانەش کە هەیانە یارمەتی بڵاوکردنەوەیان دەدەین و ئەوانیش یارمەتیمان بدەن بۆ پێشخستنی ئەم ڕۆژنامەو دوو گۆڤارە بە بەشداری بوونیان لەو کۆڕو فستەڤاڵو ئاهەنگانەی کە دەزگاکەمان دەیانبەستێ و بەستوونی بەشداری کردنیان بە نووسین لە سەربەستی میللەتی عیراقی و وڵاتی عیراقو لەو دەسکەوتە مەزنانەی کە گەلی کوردمان لە عیراقی خۆشەویستماندا دەستی کەوتوون چونکە وەك مەسەلە کوردییەکە دەڵێ چەپڵە بە دەستێ لێ نادرێ .

سەروتار ـ پاشماوە

لە یادی ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردیدا سڵاو لە سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین کە ئەمساڵ ووشەی پیرۆزی کوردی بە ڕێزەوە بەسەر کردەوە ، بە سەردانە بەنرخەکەی بۆ کۆڕی دەزگاکەمان .

سڵاو لە ڕۆژنامەنووسی کوردی شەرەفمەند کە باوەری بە سەربەرزی ووشەی بیرۆزتری کوردی هەیەو بەو لایەنەدا بەکاری دەهێنێ خزمەتی کوردو یەکێتی نیشتمانی عیراقو زیاتر شەکاوەیی ئاڵای بەرزی عیراق بکات .

خوێنەران دەنووسن ـ پاشماوە

دەکرۆژنو بە خەیاڵو خەونو سەرکوزشتە ، باسی ئازادیمان بۆ دەکرێ و دەگێرنەوە جا کەوایە ، ئەی مرۆڤی هەست بەرز . ئێوەو ئەو خوایە ، ئەگەر تا ماون زوڵمو زۆرداری قەبوڵ بکەن. چاوتان بە چاوی دەرەبەگو داگیرکەرو چلکاوخۆران بکرێتەوە ؟

Institut Kurde de Paris



سەرکردەی ئازایەتی بەجەنگاوەرەی دەرکان دەبەخشێ

له یادی ٢٢ی نیسانـــدا

تیشکێك بۆ سەر مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی

مصلح جەلالی

له ٢٢ی مانگی نیسانی سالی ١٨٩٨دا بـــۆ یەکەم جار رۆژنامەی کوردی که ناوی (کـوردستان) بوو له قاهیرە چاوی هەڵهێناو له لایەن مقداد مدحـــت بەگی نەوەی بەدرخان پاشای کوردی تورکیاو بـــه شێوە ژووبانی کرمانجی ژووروی جزیرو بۆتـــان بەڕیوە دەبرا .. ئەم رۆژنامەیە لەبەر درندایەتـــی کاربەدەستانی ئەوسای دەوڵەتی تورکیا (٥) ژمـارەی له قاهیرەو له (٦ـتاـ١٩)ی له جنیفو (٢٠ـتاـ٢٣ـ له قاهیرەو (٢٥ـتاـ٢٩)ی له فوکلستونو (٣٠و٣١) دووبارە له جنێف دەرچووەو ئەم ژمارانەش ئیستا له نامەخانەی (ماربورگ) له ئەڵەمانیـــا پارێـــزراوەو ئەوانی تری دەست ناکەوت .

ژمارەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی له سەرەتاوە تا ئەمڕۆ دەرچوون ئەوەی زانرابێ خۆی داوە لـــه (٣٣) رۆژنامەو (٥٨) گۆڤارو لەم ژمارەیەشـــ (٢١) رۆژنامەو (٣٥) گۆڤاری له سالی (١٩١٣)ەوە له عیراقدا دەرچوون .

ئەم گۆڤارو رۆژنامانەش له عیراقدا سەردەمی پاشایی گۆڕکراوو پاش چواردەی تەموز واتـــه تـــا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی پیرۆزی تەمـــوز هەندێکیان رێگەیان نەدراوە به ئاشکرا دەرچـــنو هەندێکیشیان لەبەر بێ دەرامەتی چاپو چاپەمەنـــیو کەم دەستی .. که له لایەن میریەوە هیچ یارمەتیەك نەدەدران تەمەنیان کورت دەبوو نەدەمان .

ئەو رۆژنامانەشی که له سالی ١٨٩٨دا تا ئەمڕۆ دەرچوون ئەمانەن (١ ـ کوردستان ٢ ـ کوردســـتان ٣ ـ پێشکەوتن ٤ ـ کوردستان ٥ ـ تێگەیشتنـــی راستی ٦ ژین ٧ ـ کورد ٨ ـ بانگی کـــوردستان ٩ ـ رۆژی کوردستان ١٠ ـ بانگی حەق ١١ ـ امیـد استقلال ١٢ ـ ژیانەوە ١٣ ـ زمـان ١٤ ـ ژیـــن ١٥ ـ ریا تازە ـ ١٦ ـ کوردستان ١٧ ـ هـــاواری نیشتمان ١٨ ـ هەولێر ١٩ ـ خەبات ٢٠ ـ کوردستان ٢١ ـ راستی ٢٢ ـ مەشخەڵی نـــەورۆز ٢٣ ـ رای گەل ٢٤ ـ کوردستان ٢٥ ـ دەنگی کورد ٢٦ ـ هەولێر ٢٧ ـ راپەرین ٢٨ ـ دەنگو باس ٢٩ ـ کـــورد ٣٠ ـ برایـەتـــی ٣١ ـ برایـــی ٣٢ ـ هاوکاری ٣٣ ـ پاشکۆی عیراق .

ئـەو گۆڤارانەشی کـه دەرچـــوون ئەمانەن (١ ـ کوردستان ٢ ـ رۆژی کوردستان سالی ١٩٦٠ ٣ ـ ژین ٤ ـ دیاری کوردستان ٥ ـ زاری کرمانجـی ٦ ـ هاوار ٧ ـ دیاری لاوان ٨ ـ رووناکی ٩ ـ زانستی ١٠ ـ گەلاوێژ ١١ ـ رووناهی ١٢ ـ رۆژی نـــوێ ١٣ ـ نیشتمان ١٤ ـ دەنگی گێتی تازە ١٥ ـ ستێر ١٦ ـ کوردستان سالی ١٩١٦ ١٧ ـ هەلاتە ١٨ ـ نزار ١٩ ـ پەیام ٢٠ ـ هەناو ٢١ ـ شەفەق ٢٢ ـ هیـوا ٢٣ ـ پێشکەوتن ٢٤ ـ رزگاری ٢٥ ـ گزنـــگ ٢٦ ـ عیراقی نوێ ٢٧ ـ رووناهـــی ٢٨ ـ ژیـــان ٢٩ ـ ئەدیبی عیراقی ٣٠ ـ توتن ٣١ ـ گروگاتـــی منداڵان ٣٢ ـ کوردستان سالی ١٩٤٣ ٣٣ ـ رۆشنبیری نوێ ٣٤ ـ ئەستێرە ٣٥ ـ بەیـــان ٣٦ ـ کـــاروان ٣٧ ـ ئۆتۆنۆمی ٣٨ ـ نووسەری کورد ٣٩ ـ رۆژی کوردستان ٤٠ ـ کشتوکاڵ ٤١ ـ گۆڤاری زانکـــۆ ٤٢ ـ دەنگی قوتابیان ٤٣ ـ ئافرەت ٤٤ ـ بێتیســـه ٤٥ ـ نەورۆز ٤٦ ـ هیوای کوردستان ٤٧ ـ پەروردەو زانست ٤٨ ـ ئابوری ژان ٤٩ ـ دەنگی مامۆســـتا ٥٠ ـ رەهێڵە ٥١ ـ نووسەری نوێ ـ ٥٢ ـ رەنجی کرێکار ٥٣ ـ پەیامی کرێکار ٥٤ ـ چیا ٥٥ ـ ووشیاری کرێکاران ٥٦ ـ نۆبەرە ٥٧ ـ سلیمانی ٥٨ ـ خانزاد خۆ ئەگەر هاتو سەرجەمی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی که له عیراقدا دەرچوون لەگەڵ ئـــەو رۆژنامـــەو گۆڤارانەدا بەراورد بکەین که له ئێرانو تورکیـــا دەرچوون .. ئەوە ناگەیەنێ که گەلی کوردمـــان لـــه ئێرانو له تورکیا .. خۆیان ناوڕیان لەم لایەنـــه نەداوەتەوە بگرە زۆر بە پەرۆشەوە بوون بەلام رژێمی شاکانی ئێرانو عوسمانلیەکان خوێندنگەیە چیـــه به زمانی زکماکی خۆیانیان بۆ نەکردوو نەتـــەوەو ئەمرۆش ئەم دیاردەیە له هەردوو لاداو له رژێمـــی خوێن رێژی سوریاشدا دەبینینو ئەم رۆژنامـــەو گۆڤارانەش که له ئێرانو تورکیا دەرچوون یان کاتـــی شۆڕشی کوردەکان بوو لەم وڵاتانەدا دژی درندایەتی کاربەدەستانو یاخود نهێنی بووە یان لـــه دەرەوەی وڵاتەکانیان چاپ کراون .

بەلام پاش سەرکەوتنی شۆڕشـــی ١٧ـ٣٠ی پیرۆزی تەموز نەك هەر دەرگا بۆ رۆژنامەو چـــاپو چاپەمەنی خرایە سەرپشت بگرە دانیش نرا بـــه گەورەترین خواستی گەلی کوردماندا که مەسەلـــەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەو گەلی کوردمـــان شان بەشانی برای عەرەبی له عیراقی خۆشەویستمانـــدا سالەهای سال بوو خەباتیان بۆ ئەکرد .

پروانه ل : ٧

پیشانگایەك و کۆڕێك

بەبۆنە یادی (٨٥) ساڵەی جەژنی رۆژنامەگەری کوردی ، دەزگای رۆشـنبیریو بڵاوکـــردنەوەی کوردی پیشانگایەکی فراوانی رۆژنامەگەریو باسێکی دوکتۆر کوردستان موکریانی بۆ هەمان مەبەست ، له هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردیو له سەعات (٥)ی رۆژی یەکشەممە ١٩٨٣/٤/٢٤ سازدەدا بەخێرهاتنی هەموو لایەك ئەکەین ...

شیعر بۆمندالان

دادەخان

ع.ع. شەونم

دادەخان . ! دادەخان ..
برسیو تینووی فێربوونم
دادەخانی دووهەم مـــاڵ
تۆ دڵسۆزی تۆ ڕابـــەر
دەســـتم بگرەو فێرم که

مێشن وەکو برسی نـــان
برسی پەروەردەی ڕوونـــم
هەم دایکی هەم هەڤـــاڵ
هەرچی ئەڵێی لەسەر سەر
له پەروەردە تێـــرم کـــه .

خوێنەر لەبەرە نووسە

با خاکی عیراقمان بپارێزین چونکه خا[illegible] هەموومانه

تحسین مولود خضر

ئەوا زیاتر ، له دوو ساڵه، دوژمنێ ، بەرەنگاری سنورە بێتاوانەکەمان هاتـــووە . وەکو « ڕێویەك رێگایـــان لێتەنیبێ » هەرجارەی ،خۆی له بەشێکی ، یان پارچەیەکی خاکـی عێـــراق دەدات و بەهیوای ئەوەی پـــەردەی بوکێنی ، له ڕووی سووری، ئازادکراوی ، زەویو خـــاك و شەرەفو ناموسی وولاتەـــ کەمان هەڵبماڵێ . بـــەلام وەکو لامان دیارە کـــه هەموجار ، ئەنجام تەنیـــا ، ڕووڕەش بوونو گەڕانەوەیـــه بۆ چاڵاوەکەی جارانیـــان هەڵبەت ئەمەش ئازایەتـــیو به جەرگیو له خۆبایی‌بوونو هوشیاریو خاوەن غیـــرەتو رەسەنایەتیە ، که له گیانو خوێنی هەموو مرۆڤێکـــی ئـــەم خاکەدا هـــەیە . هەرچەندە هەندێ کەســـ، تەنها کەلێنێك بدۆزنەوە ، بۆ پاشەکشێ لەم خزمەتـــه پیرۆزە ، به هەڵی دەزانن و لایان وایە که کەسانێکـــی تر هەن لـــه دەرەوەی دوڵات دێن و پارێزگاری سنورمـــان دەکەن و ئەویش تەنها بـــۆ خواردن و خواردنـــەوەو ڕابواردنیو دوورە پەرێـــزی دانراوە . دیارە ئەم کەســـه ئەمڕۆ بەشیمان نیە چونکه، شوڕش‌گێڕی پاڵەوان هێشتا ئەوەندە زۆرن توانـــ چەندەها هێرشی لـــ دڕندانەتریشیان هەیە ک پەرش و بڵاوی بکەنەوەو مل‌شۆڕیو دەست لەخۆبەد بگەڕێنەوە دواوە ... چ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەل زیا ئاگاداری دەبێتەوەو قۆنا له خۆبایی‌بوون و قوربانی زێدەتر دەبێ و قاچـــ شێرانە لەسەر سنور تو دەچەقێنن و به مردویش لاشەکەیان دەکەن به سە بۆ پاڵەوانانی تر . ب ڕاستی ئەم قسەیەش، پاڵەوانانەن ، که چەندە جار له کاتی هێرشدا بر دەکرێن بەڵام ڕازی نابن که بۆ دواوەیان بگێڕنەوە دووربن له بەرەی کوشتا جا ئەو کەسانەی ، کـ ئامادەنەبوون ، بەشدار لەم جەنگە پیرۆزە بکەن

ئەگەر ئێستاش هەس به ژانی گەلو تامی سەر خۆیی‌و مانـــای ئـــا نەکردووە ، ئەوا خوانـــه خواستە ، ئەگەر دوژمن ئاڵان‌کەر ، داری ئازادی ببڕن . منداڵی گەل لـــ خەندەی جوان بێ‌بەش بک ئەوا لێوی پەشیمانی‌و ڕەشیو خەجـــاڵـــه کەمتەرخەمی خۆیـــ

پروانه ل ٧

چیرۆك بۆ منداڵان

درەختی سەوز کرمی زۆرخۆر

به قەد درەختێکـــی گەورەوە ، کرمێکی بچـووك کەوتە ڕێ .. ئەنجا ڕاوەستا، که سەری بەرز کردەوە ،دیتی چەندین گەڵای ســـەوز بەرانبەریەتی .

کرمەکە شادی دایگرتو، بانگی هاوڕێو ناسیاوەکانـی خۆی کرد ، بۆیە خێـــرا کرمەکان هاتنو ، بـــه درەختەکەدا هەڵزنـــانو هاواریان دەکرد : (بخۆن .. بخۆنو.. ئاووڕ مەدەنەوە.)

کرمەکە نزیك‌ترین گەڵا دەگرێتو دەست بـــه خواردنی دەکات ، هـــەر دەخواتو سەر بەرز ناکاتەوە ، کرمەکانی دیکەیش بـــەو جۆرە . بەلام درەختـــه بەستەزمانەکە ، که کـــرم گەڵاکانی داپۆشیبوو ، هـــەر دەگریا .. لەبەر ئـــەوەی باخەوانەکە خەریکـــی ئیش‌کـــردن بـــوو ، چۆلـــه‌کـــه‌کانیش دوور بوون ، دەنگـــی درەختەکە بزربوو ، کەســ نەیبیست .. پاش چەنـــد ڕۆژێك بەیانی‌یەکـــی قەشەنگ دەرکەوت هەتاوێکی جوانی تێدا هەڵهات .. بەلام هەمووان دەنگی گریانـــی درەختەکەیان بیست .

باخەوانەکە یەکەمـــین کەس بوو که گەیشـــت .. بەلام سەری سوڕما ، چونکـــه درەختەکە بەر له چەنـــد ڕۆژێك سەوز بوو ، کەچـــی ئێستا ڕووتاوەتـــەوە . . شتێکی زەرد داپۆشـــیوە بگرە گەڵاکانیش ! ئەنجـــا زانی . باڵندەکانیشـــ درەختەکەیان به ڕووتی بینی بۆیە خێرا هێرشیان هێنایـــه سەر کرمەکان ، زۆریـــان لێ‌کوشتن ، بەلام هەندێکیان کەوتنە سەر زەویو بـــه سکەخشکێ بەرەو درەختەکانی دیکـــه کـــەوتنەڕێ . . درەختەکانیش له ترســـاندا هاواریان دەکرد ، باخەوانەکە بیری کردەوەو، به باڵندەکانی ووت « ئەی باڵندە چاکەکان ئێوە دوور بکەونەوە .. مـن هەموویان دەکوژم .. » . . باڵندەکان دوورکەوتنەوە .. باخەوانەکە به ژەهر دەســـتی به کوشتنیان کرد .

کوڕی باخەوانەکە کـــه ئەماشای باوکی دەکرد سەری لەم کارەی سوڕما به باوکـــی ووت : بابە ئەم کرمانـــه کرمی ئاورێشمن ! بۆیـــه باوکی پێدەکەنێتو دەڵێت : « نا .. ئەمانەیشـــ وەك ئەو کرمانە زۆر دەخۆن . . بەلام ئاورێشمیش دروست ناکەنو نابەخشن ! »

مکرم رشید تاڵەبانـــی

کردوویەتی به کوردی

هاوڕێیانی گۆشە

هدی جعفر

حیدر رجمعات

هونەر خالید

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی » / تەلەفۆن : ٨٨٧٥٧٩٥ پینج خەت

Institut Kurde de Paris